# وڵامنامە

دەقی رەخنەی سدیق بۆرەکەیی لە سەر
هەنبانەبۆرینەی مامۆستاهەژارو وڵامی نووسەرانی تر

کۆکردنەوەی:س.م.ڕێبوار

# وەڵامنامە

دەقی رەخنەی سدیق بۆرەکەیی لە سەر
هەنبانەبۆرینەی مامۆستاهەژارو وەڵامی نووسەرانی تر

کۆکردنەوەی: س.م.ڕێبوار = سالح مەحمود (ڕێبوار)

ناوی پەرتووک:وڵامنامە

کۆکردنەوەی:س.م.ڕێبوار - سالح محمود (ڕێبوار) صالح هەرکی

چاپ:گزنگ،(لقی ئاوارەی ی.ل.د.ک)

ساڵی چاپ:کۆتایی بەهاری ٢٦٩٥/کوردی (١٩٩٥)

تیراژ:٤٠٠

بایی: ٢٠٠تومەن

# پێشەکی

((زۆردەمێک بو بە ئاوات بوم، وشەدانێک هەڵدورم‌و زوانی کوردی کۆکەمەوەو بیکەمە نوشتەی سەردڵم. بەڵام چەندم دێناو دەبرد، سەرەودەرەم دەرنەدەکرد کە چۆن چۆنی شان بدەمە بەر ئەم ئەرکە. ئەو لەمپەرانەی لەبەر من، بۆ من هەیهاتە راهی بن:

١ـ مەودام نیە سەری سەودایێم هەڵگرم، بەشوێن یارا ببمە عەودالْ، بۆ هەمو سوچ‌و قوژبنی وڵاتەکەم سەفەر بکەم. گوندبەگوندو دوندبە دوندو دەشت‌و بنارو کەنارانی بۆ بگەرێم. لە ئاران‌و لە هەواران، لە هەر شوێنێ چەند شەوێ شەوێنێ بگرم. لە پرسیاران شەرمێ نەکەم‌و نەترسم، بپرسم‌و پەرسڤ لەم‌و لەو بژنەوم‌و گورجی لە ئاڵا بنەوم‌و بینوسمەوە.

٢ـ دارژتن‌و خاڵ‌و میل رشتنی فەرهەنگ بەتەکوزی، دروێنە نیە شنەشن، ئارد پێژانەو گیان کێشانە. ناو لەدوی ناو، پیت لە شوێن پیت، بە شوێن یەکدا جەلەکردن، هەروشەیەك لە شوێنی خۆیدا هاوردن، لە جیهانی ژیاری ئەم‌رۆژگارەدا، زانستێ پڕتان‌و پۆیەو لە دانشگا وانەیەکی سەر بە خۆیە. من‌و خوێندنی دانشگا؟ ورچ‌و عەبا؟! هەیهوی دەوێ منی هەژاری ژیان تاڵ، وا لە خوێندندا کرچ‌و کاڵ، چۆن دەم بۆ ئەم بقە بەرم؟

٣ـ فەرهەنگ‌دانان ـ بام لە زانیاریشەوە بێ ـ کاری یەکێك‌و دوان نیە؛ گەرەك زۆرو زەبەند پیاوی دەمپاراوی پسپۆڕ لە زمانەوانیداو ئاگا لە زۆر شێوەی جۆرجۆر، لەمەڕ ئامرازو کەرستە تەیارو ساز، زۆرانگەیەکیان بۆ دابنرێ‌و رۆژ بە رۆژ لێك کۆ ببنەوەو جگە لە فەرهەنگ دارژتن هیچ کارێکی تریان نەبێ، منی هەژاری ئاوارەی لەش بە باری تەنیا باڵی شەو خەوزڕاو لە شۆین جێ خەو، رۆژ هێزبڕاو بۆ نانی شەو، سیوات واکەم، قورتم واجەم، بچم دەس لە کاری وادەم؟ وشترو بلوێر لێ دانەو ئەوم بە پەندی زەمانە.

وردە وردە تامەزرۆیی منالیەکەم کوڵ‌و کۆی دا دەمرکاوە تا یەکجاری ژیلەمۆکەشی کوژاوەو بوبە خۆڵە مێشی ساردو بەفەرامۆشیانم ئەسپارد. کەچی دیسان جاروبارە، ترك گوتەنی هاردان بیر، لە قوژبنی قوری دڵی شێت‌و شۆری ئەویندارم، ورتە ورتو کورکە کورکێ دەهاتە گوێم. عارەب ئێژێ: هەرچی هەموی دەسناکەفێ، واز لە هەموی ناهێندرێ؛ تۆ لە سۆنگەی دەربەدەری‌و چەرمەسەری چەندین ساڵە، لە ناو خاوەن شێوەکانی ئاودەشتایی‌و کێوەکانی ناوکوردەواریدا ژیاوی! فەقێلە بوی لە موکوریان، هێندت بۆنان چنینەوەو راتوەی فەقێ ئەم ماڵ‌و ئەوماڵ کردوە سەی هیچ دەرکێك پێت ناوەڕێ! لە دەس زەبری دەم‌و دەزگای شای ئێران پەرەوازە بوی بۆکوردستانی بەردەست‌و داگیرکراوی عیراق چوی!لە سایەی نەداریتەوە دەگەڵ خێڵی هەژاراندا بە شوێن ناندا ماڵ پشکنی ئەوێشت کرد پۆلیسی عارەب راوی نای، لە ناو کوردی شیوە کرمانجی پەستاوتی! زۆرجار بەتاڵ کەمجار پاڵە، دەپازدە ساڵ دەگەڵ پێشمەرگەی کوردستان لە هەمو شێوەو زاراوە،بە بەندەن‌و کەژوچیاو شیوەڵەی

کوردستانەوە هاوبنکەو هاوسەنگەر ژیاوی. یەکجار زۆرت وشەی کوردی هەمە جۆرە بە لاگۆیدا تێ پەڕیوە. زۆریشت لەڕێی متالاو خوێندنەوەی نوسراوی کوردی بە چاو دیوە! تۆ هیچنەوێ ئەم کەمانەی دەیانزانی بیان نوسەوە؛ هەرچی بێ لە هیچ باشترە. دەی وەرە شنگڵ لە خۆ دەو هێلێلەو کۆدە بکێلە. ئەوە خوایە بەشکە پیاگێ لە تۆ بەبڕشت‌و زاناتر، ئەم تۆزە روشاندنەی تۆ هانەی بدات. بە جوتی کۆتان شوی بکاو تۆمێ باشی لێ بچێنێ.

ئەم فەرمایشتانەی دڵەم هەر لەلا خەیاڵ پڵاو بو. دەمگوت ئەوا گریمان کرد بە دڵم کردی ئەو کەمەش کە خۆم دەمزانی نوسیمەوە؛ لە کوێی دانێم؟ لە دەلاقە؟ ماڵم هەیە تا دەلاقەی بۆ کرابێ؟ هەتاکەنگێ؟ هەتا رۆژێ زڕتە بۆزێکی بێگانەی قوڵەچۆماغی داگیرکەر، بێتە سەری‌و بە ئارەزو شەمچەیەکم بۆ پێوەنێ‌و بە حیلکەوە دەستی لە بەرگەرم وەکا؟ ئەویش وەك‌چەند بەرهەمی نوسراوی پێشوم ـ کە تالان کران‌و سوتان ـ لێم ببێتە کوڵ‌و جغار؟ ئەوە نەسوزیاو پۆڕ نەکرا، کێ زێم ئەدا چاپی بکەم؟ رێگەیان دا؟ مزەی چاپی لە کوێ بێنم؟ چۆنی بڵاوبکەمەوە؟ کێ کا بە کڵاوم دەپێوێ؟

نەخێر ئەی دل! گەرەکە ئەم ئاواتەشت وەکۆ زۆر ئاواتی دیکەت بەریەبن گڵ....))

((.... رەنگە گازندان هەر بکەن کە بۆچە تۆیش هەر وەشوێن ئەوانەدا چوی کە خۆت گلەییت لێ کردون. چما بەعارەوی‌و فارسی فەرهەنگمان بۆ ئەنوسێنن؟! سەرکۆنەی ئیوەم قەویلە، بەڵام چی بکەم ناعیلاجی گەلێك‌ێشان بە پیاو دەکا. بە هومێدم ئەو کەسانەی لە دوارۆژا فەرهەنگی

کوردی بە کوردیو تە کوزو ڕێك‌تر دەنوسن، لەم کارە نەبەگەی منیش، کەمو بێشێك‌سودو بەهرە هەڵکرێنن...))

((...تۆش نەیژی من خۆم ئەیزانم ئەم بەرهەمە هەژارانەم کورت‌و کەمەو بۆیە نابێ تێرو پاراو دڵ ئاوی لێ بخواتەوە، لە وزەو هێزی دا نیە پەرسڤی هەمو پرسێکت بداتەوە. زوانی کوردی زۆر لەوە دەوڵەمەندترە کە هەژارێکی وەکو من تاك‌و تەنیاو ئاوارە لە نیشتمان‌و وەك پێویستە کوردی نەزان‌و تەرە لە وڵاتی بێگانە بتوانێ‌لە دە یەکێکی کۆکاتەوە. حەزم دەکرد هەمو وشەی هەمو شێوەکانی کوردیم دەسکەوتایەو لە سەر ڕوپەری ئەم نامەم ڕابنایە، بەڵام بە حەزو ئارەزو کار پێك‌نایە. ئەگەر باوەڕم پێ‌دەکەی من بە پێی هێزو توانای خۆم هیچ دریخیم نەکردوە. ئەگەر خۆم لە پاڵە خۆمدا بە شەرمەزاری نەزانیو دەس‌کورتیم لە خزمەت کردن بە گەلی کوردم دەزانم، دەشزانم کە بێتاوانم‌و لەوە پترم لە دەس نایە. ناوی وشەدانەکەی خۆم ناوە: هەنبانە بۆرینە، کە لە چیرۆکاندا دەڵێن: هەر چیت بوێ دەستی تێخە دێتە چەنگت. جا ئەگەر بۆ وشێك گەڕیایو دەستت لە ژێر هەمانە بۆرەوە دەرچو، تۆڕە مەبەو تۆری‌مەدە، هەوڵبدە ئەوەی کە خۆت تۆشی نەبوی، یان ئەوانەی کە ئەزانی لەوێدا نین، تۆ لە لاوە کۆیان‌کەوەو بیان‌نوسەوە. ئەوە خوایە، جارێکی‌تر من یا هەژارێکی دیکەی لەمن چاتروزاناتر لە چاپەکانی دوارۆژدا بیان خاتە سەر...)).

ئەمەی سەرەوە بەشێك‌بوو لەپێشەکی مامۆستا هەژار لە سەر هەنبانەبۆرینەو پێم وایە خوالێخۆشبوو هیچ خاڵێکی تاریکی نەهێشتووەو خوێنەر بەچاکی لەبیروراو هۆی کۆکردنی وشەدانی هەنبانە بۆرینە دەگات. تەنیا لێرە پێم خۆشە باسی خاڵێکی ئەونووسینە بکەم کە لەگشت

نووسراوەکانی مامۆستاهەژار زەق و بەرچاوە، ئەویش خۆشکێنیو بێ دەعیەیی نووسەرە.

ئاخر لە سەردەمێك کە هەرکەس دوودێری نووسی یا لەبواری شێعرو شاعێریدا قدەقدێکی لێوەهات، دەهۆڵو زورنای ناوداری دەکوتێو دروشمی (مەن ئانەم کێ رۆستەم قەوی پەنجێ بوود.)لە سەرە دەرکەیماڵی هەڵدەواسێو هێندە، من من دەکاکە قێزو بێزی مرۆڤ هەڵدەستێنێ. ئەوجا هەژاری ناوداری گەلی کورد خۆی بە(هەژاری ژیان بەتاڵ، لە خوێندنداکرچ وکاڵ)یا(هەژارێکی وەکو من تاكو تەنیاو ئاوارە لەنیشتمانو وەك پێویستە کوردی نەزانو تەرە لە وڵاتی بێگانە)ناوبا، یا ئەوهاکە لە پێشەکی پاچڤەی قانوونی بووعەلی لە وڵامی پرسیاری خوێنەرێك کە لە نامەیەك بە دکتۆری ناوبردووە دەڵێ:(...نە زانستگایێکم دیوەو نە بە پێگەیێك گەییوم کە دکتۆرم پێ بڵێن...).

ئەوە ئاکاری کوردانەو شۆرشگێرانەو گەورەیی کەسایەتی مامۆستا دەگەیێنێ. با لەبیرمان نەچێ کە زۆرن ئەوانەی قەت شیاوی پلەو پایەی بەرزنین و دیسان هەوڵ دەدەن بە چشنەها فرتو فێڵو بەڵگەنامە دروست کردن خۆیان بە خاوەن پلەوپایە بە خەڵك بناسێننو دیسان ناتوانن وەکو هەژار لەلووتکەی رێزو شکۆی گەلەکەیان جێگیربن.

مامۆستا هەژار هەنبانەبۆرینەی ئەوهاکە لەپێشەکی باسی کردووە، ئامادەکردو شوکر چاپیش کراو ئێستاش لە هەموو پارچەکانی کوردستانو لە لای گشت نووسەرو خوێنەرانی گەلەکەمان شوێنی تایبەتی خۆی هەیەو سروشتیشە بەرهەمێکی هێندە ناودار بکەوێتە سەر زمانانو باسی بکرێونووسەرانو زانایان شەنوکەوی کەنو نوخوستانیەکانی دیار

بکەن و هەوڵ بدەن تا ڕۆژ لە دووای ڕۆژ دەوڵەمەندتر بێ.

بەڵام ئەو نووسەرە بەڕێزانە دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەن کە هەزار بە چ شێوەیەك و چۆن هەنبانەبۆرینەی کۆکردۆتەوەو بارودۆخی ئەو لە بەر چاو بگرن و لە یەك وشەدا (بێ ویژدانی) نەکەن.

ماوەیەك پێش بەڕێز سدیق بۆرەکەیی لە ژمارە(١٢)ی گۆڤاری ئاوێنە وتارێکی بڵاوکردەوە کە ناوەرۆکی، بریتی بوو لە شەن و کەو کردنی بەشێکی هەنبانەبۆرینەو نووسەر لەم وتارەیدا تەنانەت رایگەیاندبوو کە زیانی هەنبانەبۆرینە لەسوودی زۆرترە.

ئەم وتارەی بەڕێز بۆرەکەیی بووە هۆی بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی زۆربەی زۆری نووسەرانی کوردو چەندێك وڵامی ناوبراویان لە گۆڤارو ڕۆژنامەی جۆراوجۆر بڵاوکردەوەو نووسراوەکەی بۆرەکەیی یان بە توندی مەحکووم کرد. لەبەر ئەوە دەڵێم زۆربەی زۆری نووسەرانی کورد لەم کارەی بۆرەکەیی نارازی بوون، چونکە تائێستا چەندین وتار لە دژی وتاری ناوبراو بڵاوکراوەتەوە بەڵام تەنیا یەك کەس بە ناوی (فارووق بۆرەکەیی) وتارێکی لە گۆڤاری (سروە)بڵاوکردەوە کە پشتی بۆچوونی بۆرەکەیی گرتووە، ئەویش دیارە خزمێکی نزیکی ناوبراوە؛ گشت نووسەران لە وتارەکانی خۆیاندا لەسەر ئەم بڕوایەن کە: رەخنە لە هەنبانەبۆرینە رەوایەو ئەم فەرهەنگە نوخوستانی هەیە چونکە مام هەژاریش ئەوەی راگەیاندووە،بەڵام هەموشیان لەم بڕوایە دان کە وتارەکەی بۆرەکەیی رەخنە نەبوو، بەلکوو هێرشێکی نابەجێ بوو کە مەبەستی تەنیا سووك کردنی مامۆستای رەحمەتی بوو. واتە نووسەری وتار، ویژدانی خۆی پێشێل کردووەو لە رێسای رەخنەو رەخنەگری لای

داوه. منیش هەروا بیر دەکەمەوەو پێموایە بەڕێز بۆرەکەیی بەمکارە زیانی بەکەسایەتیو بەرهەمەکانی خۆی گەیاندو بەداخەوە پێداگری بێ بەڵگەی ناوبراو، کارەکەی خراپترکرد. چونکە ئەگەر ناوبراو زوو هەڵەکەی خۆی راست بکردباوەو رەخنەیەکی رێکوپێکی لە هەنبانەبۆرینە گرتبا، ئەوا خۆی بە نووسەرێکی خاوەن بیروباوەڕی(منطقی) دەناساندو زیانیشی لە کەسایەتی خۆی نەدەدا.

بە هەرحاڵ لەبەر ئەوەی رەنگە لاوانی ئاوارەگشت ئەم وتارانەیان دەست نەکەوتبێ‌و بە چاکی لە ناوەرۆکیان ئاگادار نەبن، بڕیارمدا هەموویان کۆکەمەوەو لە پەرتووکێکدا چاپیان بکەم تا زیاتر کەڵکی لێ وەرگرن. لەم پەرتووکە، سەرەتا دەقی وتاری بەڕێز بۆرەکەیی، ئەوجا وڵامەکانی نووسەرانی تر بەپێی مێژووی بڵاوبوونەوەیان لە گۆڤارە جۆراوجۆرەکان چاپ کراون، پاشان دەقی وتاری بەرێز بۆرەکەیی کە وڵامی وتارەکانی داوەتەوە هاتووە.

لە کۆتایی بە پێویست دەزانم سپاس‌و پێزانینی خۆم ئاراستەی لقی ئاوارەی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستان/عێراق بکەم کە ئەم پەراوەیان بۆ چاپ کردم‌و هیوادارم هەر سەرکەوتووبن‌و وتەم کۆتایی پێ دێنم بەو بەشە لە فەرمایشتە بەنرخەکانی هەژاری رەحمەتی کە هەرلەپێشەکی هەنبانەبۆرینە هاتووە:

((...لە بیرمە جارێ هاوکارێ قیت‌و زیت‌و لەباری چاویلکە لە چاو، بە نێو خێوی کۆشێك شادەو بڕوانامەی خوێندەواری پلەی ژۆرۆ، زۆریش گەرمی کوردایەتی، تەوس‌و توانجی دە مەموزینەکەم دەگرت کە بۆچی «ببتە»ت نوسیوەو نەت زانیوە شێوی هەولێر ناڕەوانە؟! عەرزم کرد چۆنم

نوسیبا ڕەواتر بو؟ فەرموی ئەبوا «ببێتەوانێ» بو بایەت کەشێوەی سلێومانی یە!

وەناشکوری خودا نەوێ ئەم نەخۆشینە گرانە؛ لە مهاباد، سولەیمانی، لای هێندێکیش نوسەرانی بادینانی لە تەشەناکردنایە. ئەگەر زۆر زو چاری نەکەین، لە شەڕە شارو شەڕەتاخ دەس بەرنەدەین، ئەم شەڕەشاخە وێڵ نەکەین؟ دەبێ ـ خوا بەورۆژە نەکا ـ ئەوەندوکۆکە زمانەش کە لە چوارپەلان گوێی ساغەو ئاهێکی پێوە نەماوە، لە ناخی ئاخدا بنێژین و ئەلفاتیحای بەعەرەبی بۆ دابدەین.))

س.م. ڕێبوار کۆتایی بەهاری ٢٦٩٥/ی کوردی

□ □ □

# ڕەخنە لەسەر هەنبانە بۆرینە

سدیق بورەکەیی

گۆڤاری ئاوینە ژمارە ۱۲ سالی ۱۳۷۲

فەرهەنگ نووسی لە ناو کوردا ئەگەڕێتەوە بۆ سێسەد ساڵ لە مەو پێش و یەکەمین فەرهەنگی کوردی کە بۆ منداڵانی کورد نووسراوە بە هۆی هۆنەری هەرەبەرزی کورد شێخ ئەحمەدی خانی (١٠٦١ـ١١١٨ی کۆچی) یەوە نووسراوەو ناوی ناوە نەوبەهار و پاشان گەلێ لە زانایان و نووسەرانی کورد، دەستیان داوەتە نووسینی فەرهەنگی کوردی کە لە ناو ئەوانەدا ئەتوانین لە فەرهەنگی یووسف پاشای خالدی و فەرهەنگی گیوو فەرهەنگی خاڵ و فەرهەنگی مەردۆخ و فەرهەنگی جگەرخوێن و فەرهەنگی وەهبی ناوببەین کە هەرکام لە نووسەرانی ئەم فەرهەنگانە بۆ کۆکردنەوەی وشەکانی کوردی گەلێ ئەرك و ڕەنجیان کێشاوە کە جێی ڕێزو سپاسن و ناویان هەتا هەتایە لە مێژوودا ئەمێنێتەوە.

زمانی کوردی ئێستا داگری پێنج زاراوەیە کە بریتین لە: کرمانجی باکووری، کرمانجی باشووری و گۆرانی و لوڕی و لەکی کە هەرکام لەم زاراوانە چەند لکیان لێ جیا ئەبێتەوە و لە ڕاستیدا کەسێك کە بیەوێ فەرهەنگی کوردی بنووسێ، ئەبێ ئەم پێنج زاراوە بە تەواوی بزانێ تا بتوانێ هەموی وشەکانی ئەم زاراوانە کۆکاتەوە و لە فەرهەنگەکەیا بینووسێ و جگە لەوەش ئەبی ئاشنایەتییکی ڕەبەقی بە سەر زمانەکانی ئاویستایی و پەهلەوی و فارسی و تورکی و عەرەبیش داهەبێ تا وشە ڕەسەنەکانی کوردی بە تەواوی بناسێ و تووشی هەڵە نەبێ.

ئەڵبەت لە ناو کوردا تا ئێستا هیچ چەشنە فەرهەنگێکی کوردی زانستی نەنووسراوە بە جۆرێ کە ئامرازو پێشبەند و پاشبەند و چاوگ و ناوی چاوگ و ئاوەڵناوو شێوە ڕستەی تێدا پیشان بدرێ، تاکوو خوێنەر بۆی دەرکەوێ ئەو وشەی کە بە دوویا ئەگەڕێ لەباری ڕێزمانەوە چ چەشنە

وشەێکە.

وەك ئاشکرایە، ئەمە ماوەێکە کە کاری فەرهەنگ نووسی لە ناو کوردا جێگەی خۆی گرتووەو گەلێك لە زانایان و نووسەرانی کورد وەکوو: توفیق وەهبی و قەناتی کوردۆو خاڵ و گیوی موکریانی و مەردۆخ و سەجادی و جگەرخوێن و جەمال نەبەز و سەمەندی سیابەندو گەلێکی تر لەم ڕێگە پیرۆزە دا هەنگاویان هەڵگرتووەوزۆربەی وشەکانی کوردیان کۆکردوتەوەو پێویستە لە سەر ئەو کەسانە کە فەرهەنگ ئەنووسن، هەر لە ڕێی ئەم زانایانەوە بڕۆن و کارەکەی ئەوان فراوانترو پوختترو جوانتر کەن تا خوێندەوارانیش کەڵك و سوودیان لێ وەرگرن.

ئەوەی روون و ئاشکرایە کە زمانی کوردی بە تایبەتی لە کوردستانی ئێرانا بەرە بەرە ئەڕواتە پێشەوەو فەرهەنگ نووسینیش پەرە ئەستێنێ و لەم دواییەدا گەلێ فەرهەنگی کوردی لە لایەن نووسەرانی کوردەوە چاپ و بڵاو بووەتەوەو هەر چەندە ئەم فەرهەنگانە کەم و کووڕییان تێدا ئەبینرێ، بەڵام هەمووی ئەو فەرهەنگانە تویشوو بەرەن بۆدوا ڕۆژی خوێندەوارانی گەلی کورد.

لەم دواییەدا فەرهەنگێکی کوردی بە کوردی و فارسی بە ناوی هەنبانەبۆرینە لە لایەن هونەری هەرەبەرزی کورد مامۆستا هەژار بڵاو بووەتەوە، ئەم فەرهەنگە کە لە پیتی ئەلفەوە تا سینە، بە داخەوە لەبەر ئەوەی گەلێ هەڵەی تێدایە ئەوە بوو کە نەمتوانی بێدەنگ بم و بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانی کە لەم بارەوە هەندی لە هەڵەکانی لە وتارێکدا بنووسم تا لاوانی خۆشەویستی کورد ئەم مەبەستەیان بە تەواوی بۆ روون بێتەوە، وە مەبەستی ترم لە نووسینی ئەم وتارە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی

واثەیانەوی فەرهەنگی کوردی بنووسن،تووشی ئەم هەڵانە نەبن و ئەگەر وشەکانی زاراوەکەی خۆیان یا زاراوەکانی تری کوردیان کۆکردەوە، بە تەواوی لە سەری بکۆڵنەوە تا واتاکەیان بۆ دەرکەوێ و ئەوسا ئەو وشانە بە پێی ئاوبێی کوردی بنووسن تا خوێندەواران بتوانن کەڵکو سوودی لێوەرگرن.

شك و گومانێك لەوەدانیە کە مامۆستا هەژار یەکێ لە هونەرانی کلاسیکی هەرەبەرزی کوردە و لەم بارەوە گەلێ ڕاژە و خزمەتی کردووەتە فەرهەنگ و وێژەی کوردی، بە تایبەت لە وەرگێڕانی شەرەفنامەکەی میرشەرەفخانی بتلیسی دا خزمەتێکی ئێجگاری کردووەتە مێژووی گەلەکەمان، وە لەبەر ئەوەی ماوەیێك ئاوارەی کەژوکێوەکانی کوردستان بووە، بەزاراوەکان و شێوەکانی کرمانجی باکووری و سۆرانی ئاشنایەتی پەیداکردووە بۆیە بە خۆیدا پەرماوە کە هەنبانە بۆرینە بنووسێ، بەڵام هەنبانە بۆرینە وەکوو خۆی دەری بڕیوە، هەموو وشەیێکی کوردی تێدا دەست ناکەوێ و خوێنەر ئەگەر بۆ پەیداکردنی وشەیێکی کوردی پەنابۆ ئەو فەرهەنگە ببا یارمەتییێکی وای ناداو واتاکانیشی بەدڵەوە نانووسێ و لەوانەیە ئەویش تووشی هەڵەو خلیسکان بکاو لە راستەقینەدا فەرهەنگەکەی لە سەر هەڵە دامەزراوە، کە واتە زیانی فەرهەنگەکە لە سوودی زۆرترە کە ئەوا لێرەدا بە کورتی و بەوردی لە سەر هەندێکی ئەو هەڵانە ئەدوێین بەو هیوایەی کە خوێندەوارانیش بیخوێننەوە و سەرنجی بدەن تا هەموو شتێکیان بۆ روون بێتەوە.

١ـ ئەوەی ئاشکرایە کە ئەلفوبێی کوردی هەر ئەو ئەلفو بێیەیە کە لە ئەلف و بێی عەرەبی وەرگیراوە و دەسکاری کراوە و بەهۆی

زانایانی کوردەوە بەرەبەرە هێنراوەتە دی و لەگەڵ ئەوەش داگەلێ کەم و کووڕی تێدایە کە دیارە ئەو کەم و کووڕی یە بەم ئەلف و بێ یە چارەسەر ناکرێ و ناتوانرێ تەواوی دەنگەکانی کوردی پێ بنووسرێ کـە چـی مامۆستا هەژار بە بێ لێکۆڵینەوە و بە شێوەیێکی ناشی یانە دەسکاری ئـەو ئاوبێ یەی کردووە و دەنگی «وو»ی هەر بە تاقە واوێك نووسیووە و لەسەر دەنگـی (ی e )یش چـوکڵەی دانـەناوە و هـەندێ جـار لەسـەر (و)یش واوێکی تری داناوەو بەجارێ سەری لە خوێنەر شێواندووە.

جا من لەم وتارەدا هەر لەسەر پیتی ئەلفی فەرهەنگەکە ئەکۆڵمەوەو هەڵەکانی ئەخەمە پێش چاوکە مست نموونەی خەرواره واتە: هەر لەسەر دەنگەکانی :ئاو ئەو ئوو ئوو ئوو و ئیـ و ئیـ کە پیتی دەنگدارو کورت و درێژن لەکوردی دا ئەکۆڵمەوە چونکە لێکۆڵینەوە لە تەواوی فەرهەنگەکە و دەست نیشان کردنی هەڵەکانی پێویستی بە نووسینی پەرتووکێکی گەورە و کاتێکی زۆر هەیە و هەر ئەمە کە لاوانی کورد تێ بگەن ئەو فەرهەنگە هەڵەی زۆرەو نابێ پشتی پێ ببەستن خۆی کارێکی گرنگە، چونکە لە وشە کۆڵینەوە کاری هەر کەسێك نیە و ئەوکەسەی کـە بیەوێ لە وشـەکـانی کـوردی بکـۆڵێتەوە ئـەبێ لەبـاری: مـورفولۆژی وفـونولۆژی و لیکسیکولۆژی و ئورتوگرافی یەوە شارەزابێ و هەروەها ئـەبێ شـارەزای زمانەکانی کۆنی ئێرانی وەکوو: ئاوێستا و پارسی کـۆن و پـەهلەوی و تەنانەت سانسکریتیش بێ تا بنج و بناوان و ڕەچەڵەکەی زمانەکەی خۆی بۆ دەرکەوێ، هەروەها ئەبێ بە زمانی عەرەبی و تورکیش ئاشنایەتی یێکی ڕەبـەقی هـەبێ، لەوەش بگـەڕێین ئـەو کـەسەی کـە لە زمـانی کـوردی بکۆڵێتەوە ئەبێ شارەزاییکی تەواوی لە مێژوو و ئـەفسانە ومـیتولوژیای

کۆن هەبێ تا بتوانێ بنچینەی وشەکان دەرخا و بە شێوەیێکی زانستی لێکی بداتەوە.

٢ـ مامۆستا هەژار لە سەرەتای فەرهەنگەکەیا نووسیویەتی کە لە سێنزە سەرچاوەی جۆربەجۆر کەڵکی وەرگرتووە کە چی واش نیە و بەڵکوو زۆربەی وشەکانی هەر لە فەرهەنگی خاڵ وەرگرتووە و نەیشیتوانیوە ولتاکانی بە دروستی وەرگێڕێتە سەر زمانی فارسی و تووشی هەڵەیێکی زۆر بووە و لەگەڵ ئەوەش داگەلێ وشەی لە فەرهەنگۆکی پەڕاوەی پیاوە بە ناو بانگەکانی یاری وەکوو: «ئادی، ئانە، ئەندو، ئەندیش، ئەوگار، ئیرمان» وەرگرتووە کەچی ناوی سەرچاوەکەی نەنووسیوە چونکە ئەو وشانە لە هیچ فەرهەنگێك دانەهاتووە و هەر لە ناو هونراوی هۆنەرانی یاری داپارێزراوە.

٣ـ گەلێ وشەی فارسی و عەرەبی و تورکی و فەرەنسەوی و ئینگلیزی کە لەناو فەرهەنگەکانی تریش داهاتووە هەر بە ناوی وشەی کوردی هێناویە بەبێ ئەوەی نیشانەیێك لە سەریان دانێ و خوێنەر تێگەیێنێ کە ئەو وشە پەیوەندی بە چ زمانێکەوە هەیە و ویستوویەتی ئەمانە بسەپێنێتە سەر کوردا، وەکوو ئەم وشە فارسیانە کە دیارە کورد کەمتر ئەو وشانە بەکار ئەهێنێ وبەرانبەرەکەشیان هەر لە مێژەوە لە کوردی دا هەیە کە ئێمە هەندێ لەو وشانە ئەخەینە پێش چاو: «ئابخانە: آبخانە ـ ئابدار: آبدار ـ ئابداریاشی ـ آبدارباشی ـ ئابدارخانە: آبدارخانە ـ ئابدوزەك: آبدزەك ئاب و تاب: آب و تاب ـ ئاتەشبازی: آتشبازی ـ ئاتەشخانە: آتشخانە ـ ئاتەشی: آتشی ـ ئاجیل: آجیل ـ ئاخوند: آخوند ـ ئاراستە: آراستە ـ ئارایشت: ارایش ـ ئاژینە: آژینە ـ ئاسایشت: آسایش ـ ئاشپەز: آشپز ـ

ئاشپەزخانە:آشپزخانە ـ ئاشپەزی: آشپزی ـ ئالووچە: آلوچە ـ ئالوودە: آلودە ـ ئاوباز: آب‌باز ـ ئایشا: ایشان ـ ئەختە: اختە ـ ئەخم: اخم ـ ئەرزان: ارزان ـ ئەشقەمە: شکمبە ـ ئیختە: اختە ـ ئیفتادە: افتادە ـ ئەسک: عکس

وەیا گەلێ وشەی تورکی هێناوە کە بەبێ ئەوە نیشانەیێکیان بۆ دانێ، وەیا بەرانبەرەکانیان لە کوردیدا بنووسێ و پیشانی بدا کە کورد بەرابەری ئەو وشانەی هەیە و هەروا بە ناوی وشەی کوردییەوە نووسیویە کە ئەوالێرەدا هەندێ لە وشانە بۆ نموونە دێنین: «ئاتەگ ateq : داوێنی کەواو کورتەك ئاتی ati: زیر ـ ئاچخ acix : ڕەنگی کاڵ ـ ئاچەر acer : کلیل ـ ئاخا axa : گەورە ـ ئارا ara: نیوان، دۆستی ـ ئارخایان arxayan : دڵنیا ـ ئاغا axa : گەورە، سەرۆك ئاغزە axza : بنکەجگەرە ـ ئالش ویرش alis weris : سەودا مامڵە ـ ئاڵشت alist : سەودا ـ ئولاغ ulax: کەر، گوێ درێژ ـ ئولکە ulke : مەڵبەند ـ ئەتەك etek : داوێن ـ ئەسکەمل eskemil : سەندەلی ـ ئەیاغ eyax: گەند، خراپ ـ ئیش is : کار.

وەیاگەلێ وشەی عەرەبی هێناوە کە لە کوردی دا شکێنراون و هەڵگەڕاون و ڕەنگ و بۆنی کوردیان بۆ خۆیان پەیدا کردووە کە ئەوا لێرەدا هەندێکیان دێنم و عەرەبیەکانی ئەنووسم تا ڕاستەقینە بۆ هەموو خوێنەریکی کورد ڕوون بێتەوە: «ئاپۆ: عم ـ ئاتاج: احتیاج ـ ئارەق: عرق ـ ئازەب ـ عزب ـ ئازیز: عزیز ـ ئازا: اعضاء ـ ئازیەت: عزا ـ ئاژدا: اجداد ـ ئاسار: آثار ـ ئاشق: عاشق ـ ئاقل: عاقل ـ ئاقووت: یاقوت ـ ئاقیدە: عقیدە ـ ئاقیق = عقیق ـ ئاکابر: اکابر ـ ئالقە: حلقە ـ ئالەم: عالم ـ ئام ـ عم ـ ئامک: عمە ـ ئەبلەق: ابلق ـ ئەجنە: جن ـ ئەشق: عشق ـ ئەقل: عقل ـ ئوممەت: امت ـ

ئەلحەد:لحد، ئەلقە:حلقە، ئەنجەل:اجل، ئیشاعە:شایعە، ئیرەقان:یرقان.

وەیا ئەم وشە عەرەبیانەی هێناوە کە هەروەکوو خۆی نووسیویەو بە کوردی زانیویەو هیچ چەشنە نیشانەیێکی بۆ دانەناوە تا خوێنەر وشە بێگانەکان لە کوردی جیاکاتەوە: «ئاخر: آخر ـ ئاخرەت: آخرت ـ ئادەم: آدم ـ ئافەت:آفت ـ ئایەت:آیت ـ ئەبلەق:ابلق ئەبەد: ابد ـ ئەبەدی: ابدی ـ ئەجر: اجر ـ ئەجزا: اجزا ـ ئەتراف: اطراف ـ ئەتەر: اثر ـ ئەجەل: اجل ـ ئەحوال: احوال ـ ئەخبار: اخبار ـ ئەدەبیات: ادبیات ـ ئەرکان: ارکان ـ ئەزەل: ازل ـ ئەزەلی: ازلی ـ ئەسل: اصل ـ ئەسلەحە: اسلحە ـ ئەسمەر: اسمر ـ ئەسیر:اسیر: ئەشقیا:اشقیا ـ ئەشکال: اشکال ـ ئەلعان: الآن ـ ئەمما:اما ـ ئەمانەت: امانت ـ ئەمیر: امیر ـ ئەمین: امین ـ ئەنعام: انعام ـ ئیفترا: افتراء ـ ئیخلاس: اخلاص ـ ئیقلیم: اقلیم ـ ئیقناع: اقناع ـ ئیکمال: اکمال ـ ئیقبال: اقبال ـ ئیلتفات: التفات ـ ئیمام: امام ـ ئیمان: ایمان ـ ئیمتیحان: امتحان.

وەیا ئەم وشە فەرەنسەویانە کە لە فەرهەنگەکەیا هێناوە بەبێ ئەوە بە وشەی بێگانە دایاننێ و بنەڕەتەکەی بنووسێ تا خوێنەر بۆی دەرکەوێ ئەو وشانە پەیوەندیان بەچ زمانێکەوە هەیە: ئابوونمان: abonnement ـ ئابوونە: abonne ـ ئاژان: agent ـ ئانتیک: entiguus .

٤ـ واتای گەلێ وشەی بە هەڵە نووسیوە بۆ وێنە: ئابدەستخانە کە وشەیێکی فارسی‌یەو لە فەرهەنگەکانی فارسی‌دا هاتووە بە کوردی داویەتە قەڵەم کەچی لە کوردی دا ئاودەستی پێ ئەڵێن و ماناکەشی بە فارسی (دستشویی) نووسیوە کە ئەو شوێنەیە دەست و پلی تیا ئەشۆرن، وەیا لە واتای: ئابرووبردن دا نووسیویە رووسیاکردن واتە: ڕووڕەش

کردن، وەیا ئاخافتن کە چاوگی سادەیە و بە واتای دووان و قسەکردنە؛ بە مانای وت‌وویژ هێناویە، وەیا ئابرووتکان کە چاوگی تێکەڵاوە بە واتای ریسوایی هێناویە، گەرچی ریسوایی ئەو مانایە نیەکە چی لەباری رێزمانیش بەرهەمی چاوگە واتە (حاصلی مەصدەرە)، وەیا چەسپی بەواتای چەسپاندن هێناوە کە لەم چەشنە هەڵانە لە فەرهەنگەکە یا زۆرە.

٥ـ لە باری رێزمانی یەوە لە فەرهەنگەکەیاگەلێ هەڵەی زل‌زل ئەکەوێتە بەرچاو بۆ وێنە: ئابرووتکاوکە (صفەتی مەفعوولی)یە و بە واتای کەسێکە کە ئابرووی چووبێ نووسیویە رووسیا واتە: رووڕەش، وەیا ئات کە نیشانە و ئامرازی گەلەو بە دوای ناوەوە دێت وەکوو: دیهات واتە: دیکان و باغات واتە: باغەکان نووسیویە پەسوەندە، وەیا ئاخافتن کە چاوگی سادەیە و بە واتای دووانە کە چی بەواتای وت‌و وێژ هێناویە، وەیا ئاژنی کە بە واتای مەلەیە بە واتای مەلەوانی هێناویە کە چی مەلەوان ئەو کەسەیە کە مەلە بزانێ و مەلەوانی کاری مەلەوانە، وەیا ئاژوتن کە چاوگی سادەیە بە واتای لێخوڕینە کە چی بە واتای لێخور هێناویە، وەیا ئاوقا کە ناوی تێکەڵاوەو لە دوو وشەی ئاووقا پێك هاتووە و بەواتای ئاوقە دە، نووسیویە تیکەل بوون‌وکردوویە بە چاوگی تێکەڵاووکە چی مانای وشەکەشی نادا، وەیا ئەژمار کە بە واتای ژمارەیە نووسیویە ژماردن، وەیا ئەسپاردن کە چاوگی سادەیەولەپەهلەویدا ئەپە سپارتەنەو بەواتای سپاردنە واتاکەی نووسیوە ڕاسپاردەو ڕاسپاردن، وەیا ئەفروز کە لە پەهلەوی دا ئەفروچ afroch بە واتای رووناکی‌یە بەواتای فرێدان هێناویە و کردوویە بە چاوگی تێکەڵاو و ئەو مانایەش نادا، وەیا ئەنجن کە شتی زۆر وردو پارچە پارچەکراوە نووسیویە وردکردن وجنین کە یەکەمی چاوگی

تیکه‌لاوه‌و دووهه‌می چاوگی ساده‌یه.

٦ـ هه‌روه‌ها له فه‌رهه‌نگه‌که‌یاگه‌لیٚ هه‌ڵه‌ی زلزل ئه‌که‌ویٚته به‌رچاوکه مرۆ ناتوانیٚ چاوی لیٚ بپۆشیٚ وه‌کو: ئابوور که به واتای پاشه‌که‌وته نووسیویه ئابروو، وه‌یا ئابدوزه‌ك که وشه‌یێکی فارسی‌یه‌و به واتای چه‌شنه کولله‌یێکی قاوه‌یی ره‌نگه، به واتای فیچقه هیٚناویه، فیچقه لووله‌یێکه که ئاو فڕه‌بدا، وه‌یا ئاخلیف که مانگی خاکه‌لیٚوه‌یه به واتای درۆ و ده‌له‌سه هیٚناویه، وه‌یا ئادار که شه‌شه‌مین مانگی ساڵی سوریانی‌یه‌که چی به هه‌وه‌ڵ مانگی به‌هار داینـاوه، وه‌یا ئازاله که لاسی وشکه‌و بووی گاو مانگایه به واتای سووته‌مه‌نی هیٚناویه، وه‌یا ئاموش که به واتای خامۆش وبیٚ‌ده‌نگه و له په‌هله‌وی دا توشیته toshita یه به مانای ئارام هیناویه، وه‌یا ئامیارکه که له په‌هله‌وی دا هه‌م‌که‌رتار hamkrtara ه‌و به واتای هاوکاره نووسیویه هه‌وال که چی هه‌واڵ به واتای هاوه‌ڵ و دۆست و هاوده‌مه، وه‌یا ئاوارکه وشه‌یێکی فارسی‌یه و به واتای مالیکه که خاپوور و کاول بوویٚ که چی به ناوی وشه‌یێکی کوردی هیٚناویه‌و به مانای داروبه‌ردی خانووی ڕوخاو نووسیویه وه‌یا ئاورپه‌رست که ئه‌وکه‌سه‌یه‌که ئاور بپه‌رستیٚ به مانای زه‌رده‌شتی هیٚناویه، وه‌یا ئاوز که به واتای ئاوه‌زو ژیری‌یه به مانای فام و هۆش هیٚناویه، وه‌یا ئاوماڵ که به واتای دراوسیٚ‌یه وله په‌هله‌وی‌دا هه‌م ویماند hamwimand ه‌نووسیویه هاوبه‌ش، وه‌یا ئاومل که به واتای هاومله نووسیویه ده‌سته‌ملان، وه‌یا ئاووتام‌ی به واتای چیٚشتی پیازاو هیٚناوه، وه‌یا ئسپار که وشه‌یێکی لوڕی‌یه و به‌واتای هه‌ڵگیڕانه‌وه‌ی زه‌وی‌یه‌که چی به واتای که‌ندنی زه‌وی نووسیویه، وه‌یا ئۆین که وشه‌یێکی تورکی‌یه و به واتای گه‌مه و یاری‌یه به واتای فروفیٚڵ

هێناویە، وەیا ئەگریجە کە چەپکە مووی سەری ئافرەتە و بە لاجانگیەوە شۆڕ ئەبێتەوە کە چی بە واتای زوڵف و بسك هێناویە، وەیا ئەگریجەبرینی بە واتای پەلکەبرین هێناوە کە چی ئەگریجە، پەلکە نیە، وەیا ئەمسەرو ئەمساری بە واتای ئیمساڵ نووسیوە، وەیا ئۆبەی بە مانای کۆمەڵێك رەشماڵ پێکەوە هێناوە کە چی ئۆبە وشەیێکی تورکی‌یە و بە واتای خێوەتە، وەیا گەلێ ناوی وەکو ئوسب واتە یووسف، ئامە واتە: ئەمانوڵلا، یا ئامینە کە ناون بە ناوی وشەی کوردی هێناوە.

هیوا دارم کە خوێنەرانی بەڕێزو هێژا ڕەخنە کانم بە دڵێکی فراوانەوە وەرگرن و ئەمە ببێتە هۆی ئەوە کە لە داهاتوودا تەواوی فەرهەنگە کانی کوردی هەڵاوێژن و وبژاری کەن و فەرهەنگیکی زانستی وبێ‌هەلە دابرێژن تا هەموو کەلك و سوودی لێ وەرگرن، جا خوێنەری خۆشەویست ڕەنگە منیش هەڵەم کردبێ چونکە هەر خوا خۆی هەڵە ناکا☐

# رەخنە...
# وا
# نانوسری ؟

ئیبراهیم ئیسماعیل

گۆڤاری گزنگ ژمارە(١)مانگی /١٢ای ١٩٩٣

کاك صدیق بورەکەیی رەخنەی بە ریزتانم لە مەر فەرهەنگی مامۆستا هەژار ویژەوان و نوسەری بە توانای کورد خویندەوە.

هەروەك لە رستەی دوایی وتارەکەدا نوسیوتە: (جا خوینەری خوشەویست رەنگە منیش هەلەم کردبی، چونکە هەر خوا خوی هەلە ناکا)، بە داخەوە دەلیم تووشی هەلە بوون. لە وانەیە هەندیك لە رەخنەکانتان لە جیی خوی بی، بەلام هەر هەمووی وا نیە کە نوسیوتانە.

١ـ لە سەرەتای وتارەکەتاندا کورتە باسیکتان هیناوە لە سەر میژووی نوسینەوەی فەرهەنگ لە ناو کورد دا. ئەم کورتە باسە خوبەخو دەردەخا کە هیشتا زانستی فەرهەنگ نوسینەوە لای ئیمەی کورد زور ساوایە. بە هوی پیشکەوتنی مروف لەم سەردەمەدا گەلی ووشەی تر زیاد بوون و ناکری وازیان لی بهینی و وەرگیرانیشیان کاریکی زور ئەستەمە و ناکری. ئەوانەی چەندەها سال پیش ئیستا فەرهەنگیان نوسیتەوە رەنجیکی زوریان دیوە و بە دریژایی سالانی تەمەنی خویان خەریکی بوون. ئەوجاش ناکری بلیین بی هەلەن و لە هەموو رویکەوە دەکری باوەریان پی بکەین و لە بواری وەرگیران سودیان لی وەرگرین. مامۆستای خوالیخوشبوو لە چەند جیگەیەکدا لەو وتارەی کە لە پیشەکی فەرهەنگەدا هاتووە بە راشکاوی باسی کەموکوری فەرهەنگەکەی خوی کردوە و تەنانەت لە لاپەرە (سی) دیری (٣) دەلی: (بە هومیدم ئەوکەسانەی لە دوا روژا فەرهەنگی کوردی بە کوردی وا تەکوزو ریكتر دەنوسن، لەم کارە نەبەگەی منیش، کەم و بێشێك سود و بەهرە هەلکرێنن، خودا یاربی). لیرەدا مامۆستا بەگیانی لە خوبوردنەوە سەرەرای ئەم هەموو رەنجەی کە لەم پیناوە بینیویەتی، کارەکەی خوی بە (نەبەگە) واتە (شرو خۆ نەگرتوو)

داناوە. بۆیە بەر لە هەموو شتێك ڕەخنەتان لێ دەگرم و دەڵیم:

ئەمە ئەو پەڕی بێ ویژدانی یەکە ئەم بەرهەمە بە نرخەتان هێناوەتە سەر هیچ و لە زۆر جێگاش دا نەك ڕەخنەتان گرتووە، بەڵکو هەرەشەتان کردووە. ڕەخنە نووسین شێوەی خۆی هەیە. نە دەبوو لە ئاست مامۆستا هەژار کە بە ڕاستی شوێن پەنجەی لە گۆڕەپانی ویژە و ئەدەبی کوردی دا دیارە و ئاستی ئەوەندە بەرزە کە هێ وەك بەڕێزتان دەبێ خۆتان بە قوتابی ئەو بزانن، بەم چەشنە هەرەشەی بکەنە سەر. لەگەڵتان دام لە لێك دانەوەی هەندێك وشە، مامۆستا بە هەڵە دا چووە و ڕەخنەش ڕەوایە. بەڵام ئەوەی پێشەکی یەکەی ئەم فەرهەنگەی بە وردی خوێند بێتەوە مامۆستا، لەم بارەیشەوە دەڵێن: (خۆم کە لە ووشەیەکم نەدەزانی و دەگەڕام واتاکەی بدۆزمەوە. دوای ئەوەی سودم لێ وەردەگرت لە شوێنێکا دەم نوسیەوە بۆ ئەوەی فەراموشیان نەکەم، تا وای لێ هات بوون بە زۆر. پێم ڕەوا نە بوو بیان فەوتێنم. ڕێکم خستن و بە سەریان دا چوومەوە و سەیری چەند فەرهەنگێکی تریشم کرد و چەند ووشەیەکم بۆ زیاد کردن. بەڵکو ببێتە سەرمایەیەك بۆ ئەوانەی لە دوا ڕۆژدا فەرهەنگ دەنوسنەوە).

ئەم چەند دێڕەی سەرەوە جارێکی تر دەسەلمێنی کە ئەم فەرهەنگە بەرهەمی یادداشتەکانی مامۆستایە. کاك صدیق خۆ ئەگەر هەنبانە بۆرینە هیچی تێدا نەبێ پرسیارێکتان لێ دەکەم. ئایا مامۆستا ئەم یادداشتانەی کە نوسیبوویە وەلای خۆی، بفەوتابوانە باشتر بوو یا خود چاپ کرا بووایە؟ مسوگەر ڕێگەی دووەم باشترە. وا نیە؟

٢) ڕاست کردنی لەنگی و چەوتی یەکانی ڕێزمانی کوردی نە ئەرکی من و تۆیە و نە ئەرکی مامۆستا هەژاریش بەتەنی. وەکو لە ناو هەموو گەلانی

جیهاندا باوه به تایبەتی ئەوانەی خاوەنی ریزمانیکی پاراو و زانستیانەن.
ئەم ئەرکە دەکەویتە ئەستوی کوریك یا ئەنجومەنیك یا هەر شتیکی ترکە ناوی لی دەنیین کە پیك‌هاتبن لە زمان ناس و ویژەوان و مامۆستاکانی بلیمەت لە زماندا. بو ئەوەی کە دوای وتوویژیکی تیرو تەسەل وەکو یاسا بریاری لە سەر بدەن و دەزگاکانی پەروەردە و راگەیاندنیش بەکاریان بینن لە پیناو چەسپاندنیان لە ناو کومەلدا.

جا ئەم هەلەکەی بو کورد رەخساوە؟ تا ئەم گرنگی‌یە بەجی بگەینی، بویە دەلیم ئەوەی لە بواری ریزمانی‌یەوە لە فەرهەنگی مامۆستادا هاتووە وەك نوسینی (و) لە جیاتی (وو) رەوانگەی تایبەتی مامۆستایە. هەر وەك چون خوتان لەو باوەرەدان کە وا پیویستە بە (وو) بنوسری. ئایا ئیوە دەتوانن ئەم بوچوونەی خوتان بە (وو) بسەپینن؟ نا. بەلام خو دەتوانن بلاوی بکەنەوە. مامۆستاش هەر ئەوەندەی کردووە و زیاتر نە.

٣) لە وتارەکەتاندا باسی ئەوەتان کردووە کە وا مامۆستا سودی لە هەندیك‌وشەی فارسی یان عەرەبی یاخود تورکی وەرگرتووە. وە دەست نیشانی ئەوەشی نەکردووە کە ئەم ووشەیە لە چ زمانیکەوە هاتووە. ئەمەی بو ووشەکانی فارسی کردووە، بە پیتی (ف) ئاماژەی بو کردووە. ئەمە لە لایەك و لە لایەکی‌ترکاکی برا زور لە زمانی گەلان بەوە دەولەمەندە کە خویان گیرودەی بیرو بوچوونی تەسکی نەتەوایەتی نەکردووە و ناسیونالیستانە بیریان نەکردوتەوە و سودیان لە ووشەی بیانی وەرگرتووە ئەم ووشانە ئیستاکە بەشیکە لە زمانەکەیان. بو ئەگەر ووشەی عەرەبی لە زمانی فارسی کە ئیستا بەکاردیت هەلگرین، چی لە زمانی فارسیدا دەمینی؟ لە حالەتیك‌داکە ویژە و ئەدەبی فارسی یەکیك‌لە بە هیزترین و

پاراوترین زمانه کانی جیهانه و ژمارەی بەرهەمە کانی روشنبیری فارسی له روژنامه و گۆڤارو پەرتوکی جوراوجور ئەم راستیه دە گەینی. کابرای لادیی کوردستان که چاك‌و چونی لەگەل دە کەی له وولامدا دەلی:

خوا عافوتان کا. بی مەزەرەت بی. دەش بینین (عافو) هەمان (عفو)ی عەرەبی‌یه و (مەزەرەت)یش له (ضرر)ی عەرەبی یەوه هاتووه و توزیك‌ەرودەستی شکاندراوه. ئەو ووشانەی که مامۆستا له فەرهەنگە کەدا مانای بو هیناوه له هەر زمانیك‌هاتبن ئیستا کوردینه و خەلکی کوردستان سودیان لی وەردە گری و ئەدەبی کوردی پیش پەنجا سالیش وا نووسراوەتەوه.

هیوام وایه لەمەودوا نووسەریکی وەکو بەریزتان به توانا بەم جوره رەخنه له نووسینی خەلکی تر نەگرن و توزیك‌لی وردبنەوه، لەگەل ریزو سوپاسی بی پایانم دا.□

# جیاوازی نیوان رەخنەو هێرش

عەبدولرەحمان پاشا

---

*گۆڤاری( سپێدە) ژمارە ٣و٤ پاییزی ١٩٩٣

*رۆژنامەی برایەتی ژمارە ٨٦٥له ٥/٢/١٩٩٤

● له وتارێکدا که له گۆڤاری "ئاوینه" ژماره (١٢) دا بلاو کرایەوه به ناوی (ره‌خنه له سه‌ر هەنبانه بورێنه) کاك سدیق بوره‌که‌یی هێرشیکی زالمانه‌ی بردوته سه‌ر ماموستا هه‌ژارو فه‌رهه‌نگه‌که‌ی ماموستا هه‌ژار.

له سه‌ره‌تادا، بوره‌که‌یی وتاره‌که‌ی به پیشه‌کیه‌کی دورو دریژ ده‌ست پی ده‌کاو ده‌لی:

زمانی کوردی ئیستا داگری پینج زاراوه‌یه‌که بریتین له کرمانجی باکوری، کرمانجی باشوری و گورانی و لوری و له‌کی که هه‌رکام له‌م زاراوانه چه‌ند لکیان لی جیا ئه‌بیته‌وه‌و له راستیدا که‌سیك که بیه‌وی فه‌رهه‌نگی کوردی بنووسی، ئه‌بی ئه‌م پینج زاراوه به‌ته‌واوی بزانی تا بتوانی هه‌موو وشه‌کانی ئه‌م زاراوانه کوکاته‌وه و له فه‌رهه‌نگه‌که یا بینووسی و جگه له وه‌ش ئه‌بی ئاشنایه‌تییکی ره‌به‌قی به سه‌ر زمانه‌کانی ئاویستایی و په‌هله‌وی و فارسی و تورکی و عه‌ره‌بیش دا هه‌بی تا وشه ره‌سه‌نه‌کانی کوردی به ته‌واوی بناسی و تووشی هه‌له نه‌بی هه‌ر وه‌ها ده‌لی:

... ئه‌و که‌سه‌ی که بیه‌وی له وشه‌کانی کوردی بکولیته‌وه ئه‌بی له باره‌ی: مورفولوژی و فونولوژی و لیکسیکولوژی و ئورتوگرافیه‌وه شاره‌زا بی و هه‌روه‌ها ئه‌بی شاره‌زای زمانه‌کانی کونی ئیرانی وه‌کو: ئاویستا وپارسی کون وپه‌هله‌وی وته‌نانه‌ت سانسکریتیش بی... و ئه‌بی شاره‌زاییکی ته‌واوی له میژوو و ئه‌فسانه ومیتولوژیای کون هه‌بی.

هه‌موومان ئه‌زانین که قسه‌کانی بوره‌که‌یی راستن، به‌لام واپی ده‌چی بوره‌که‌یی نازانی ئه‌م باسه باسی زمانی کوردییه وباسی ئالمانی یاخود ئینگلیزی نی‌یه، ئه‌گینا که‌س هه‌یه نه‌زانی که زمانی کوردی زمانیکی ساوایه و تا ئیستا ملله‌تی کورد ـ سه‌ره‌رای هه‌موو بارو دوخیك توانیویه‌تی

به دریژایی میژوو، تەنانەت بە قسەی زارەکی زمانی خوی لە دەست نەدا وەك چون بەربەرەکانی لیبیا و قوبتیەکانی میسر زمانەکانیان پەرت وفەنا بوون سەرەرای هەمو و ئەو دەسەلاتە رامیارییەی کە لە دەستیاندا بوو بە پیچەوانەی مللەتی کورد.

کەس هەیە نەزانی کە زمانی کوردی ـ لە هەنگاوی یەکەمدا ـ تەنانەت پیویستی بەکوکردنەوە هەیە بەر لەوەی لە ناو بچیت؟؟

دوای ئەوەش کیمان هەبە هەموو زاراوەکانی زمانی کوردی بزانی لەگەل زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و پەهلەوی و پارسی کون و ئاڤیستا و سەنسکریتی، جگە لە زانستی مورفولوژی و لیکسیکولوژی و ئورتوگرافی و میژوو و ئەفسانە و میتولوژی کون تا بتوانی فەرهەنگیك بنووسی بە دلی سدیق بورەکەیی بیت!؟

هەلبەت ئەمە موحالە، کە وابی، ئەبی ـ بە گویرەی داخوزای بورەکەیی ـ دەست لە هەموو شتیك بەر دەین و هیچ کاریك نەکەین و نابیت زمانەکەمان کوکەینەوە و داریژینە سەر کاغەز؟!

بورەکەیی سەرەرای ئەوەی کە دەلی:

... لەم دواییەداگەلی فەرهەنگی کوردی لە لایەن نووسەرانی کوردەوە چاپ و بلاو بوتەوە و هەر چەند ئەم فەرهەنگانە کەم وکوورییان تیدا ئەبینری، بەلام هەموو ئەو فەرهەنگانە تویشو و بەرەن بو دواروژی خویندەوارانی گەلی کورد.

کەچی رازی نیە فەرهەنگەکەی هەنبانە بورینەش یەکیك بیت لەم فەرهەنگانەی کە (تویشو و بەرەن بو دواروژی خویندەوارانی گەلی کورد) سەرنج بدەن بورەکەیی لەم بارەیەوە چی دەلی:

(... له راستیدا فەرهەنگەکەی ـ مامۆستا هەژار ـ لە سەر هەڵە دامەزراوە، کە واتە زیانی فەرهەنگەکە لە سوودی زۆرترە)

ئیستاش با بزانین بورەکەیی چون گەیشتە ئەم قەناعەتە و لە سەرچ بناغەیەك بریاری داکە (زیانی فەرهەنگەکە لە سوودی زۆرترە)

بورەکەیی لە شوینیكلە وتارەکەیدا دەلی:

... جامن لەم وتارەدا هەر لە سەرپیتی ئەلفی فەرهەنگەکە ئەکۆلمەوە و هەلەکانی ئەخەمە پیش چاو "......" چونکە لیکۆلینەوە لە تەواوی فەرهەنگەکە ودەستنیشان کردنی هەلەکانی پیویستی بە نووسینی پەرتوکیکی گەورە وکاتیکی زور هەیە.

ئەگەر بورەکەیی خوی بە دلسوزی زمانی کوردی بزانی (نووسینی پەرتوکیکی گەورە) ـ کە تییدا هەلەکانی هەنبانە بورینە بەر چاو دەخات و راستیان دەکاتەوە ـ ئەرکی خویەتی و هەر ئەم پەرتوکە لەگەل فەرهەنگی هەنبانە بورینە دەبنە سەر چاوەییکی گرنگ بو فەرهەنگیکی پاراوە و بە سوود بو ئایندەی مللەتی کورد.

ئەوەی راستە، بورەکەیی ئەم کارەی ـ بەگویرەی مەرجەکانی خوی ـ پیی ناکری چونکە نەك تەنانەت ئەو هەموو زمانە بیگانە وکونانە نازانی بگرە زاراوە کوردییەکانیش باش نازانی نەمازەکرمانجی باکور، ئەگینا وشەی ئاپو کە وەشەیەکی "زازا"ی یە بە واتای (مام)ە* وکرمانجەکانی خوراسانیش بەکاری دینن، بە عەرەبی دای نەدەنا و وشەی "سار"کە واتای (سال)ە بە هەلە دای نەدەنا چونکە شاری هەولیر و رەواندز و ئەو دەوروپشتە پیتی "ل" بە "ر" دەگورنەوە، بو نمونە (مال، دوکەل، لال،خال) دەکەنە (مار، دوکەر، لار، خار) یاخود وشەی "ئوین"کە راستە لە زمانی

توركی دا واتای (گەمە و یاری)یە بەلام لە کوردیدا بە واتای فروفیل بە کاردیت و ئەم دیاردەیەش لە هەموو زمانانی جیهاندا هەیە بە تایبەت زمانی فارسی کە چەندین وشەی عەرەبی تیدایە واتای تریان هەیە لە فارسیدا وەك وشەی (اتفاقا) کە واتایەکەی لە فارسیدا بە پیچەوانەی عەرەبیەکەیە!!

بورەکەیی دەلی:

مامۆستا هەژار لە سەرەتای فەرهەنگەکەیا نووسیویەتی کە لە سیزدە سەرچاوەی جوربەجور کەلکی وەرگرتووە کەچی واش نییە وبەلکو زوربەی وشەکانی هەر لە فەرهەنگی خال وەری گرتووە...

یاخود کە دەلی: (کە واتە زیانی فەرهەنگەکەی لە سوودی زورترە).

نازانم بورەکەیی چون گەیشتە ئەم بریارە، ئەگەر هەروەك خوی دەلی (من لەم وتارەدا تەنها لە سەر پیتی ئەلفی فەرهەنگەکە ئەکولمەوە) کە تەنها دەکا "٣٤" لاپەرەکە چی هەنبانە بورینە (١٠٣٤) لاپەرەیە جگە لە (٣٤) لاپەرەی پیشەکی!!

یان دەلی:

(وشەی ئاژوتن بە واتای لیخورینە کەچی ـ مامۆستا هەژار ـ بە واتای لیخور هیناویەتی).

ئیمەش دەلیین باکاك بورەکەیی جاریکیتر سەیری واتای وشەکە بکات لە لاپەرە (٦) تا بوی رون ببیتەوە کە مام هەژاریش هەر وای نووسیوە!!

بورەکەیی لە شوینیکیتردا نووسیویەتی:

... بەلام هەنبانە بورینە وەکو خوی ـ مامۆستا هەژار ـ دەری بریوە هەموو وشەیەکی کوردی تیدا دەست ناکەوی و خوینەر ئەگەر بو پەیداکردنی

وشەییکی کوردی پەنا بو ئەو فەرهەنگە ببا یارمەتییکی وای نەداو واتاکانیشی بە دلەوە نانووسی و...

دور نییە خوینەران وا تیبگەن کە ئەم قسانە هی مامۆستا هەژارن کەچی ئەوەی پەیوەندی بە مام هەژارەوە هەیە لەم قسانەی سەرەوە تەنها ئەم رستەیە (هەنبانە بورینە هەموو وشەیەکی کوردی تیدا دەست ناکەوی) ئەمەش زور راستە و هیچ فەرهەنگیك‌نییە هەموو وشەییکی تیدابی. بەلام وا دیارە مەبەستی بورەکەیی لە تیکەل کردنی رستەی مامۆستا هەژار لە گەل قسەی خوی تەنها شیواندنە ئەگینا هەرچ نەبی و ئەگەر رستەکەی مام هەژاری لە ناو دوو کەوانیشی دانەنابا نەدەبا "و"ی عەتفی لە پال دانابا!!

لە کوتایی دا دەلیم:

دروستە هەنبانە ـ وەك هەموو فەرهەنگیك کەم و کوری تیدایە بەلام جیاوازییەکی زوریش لە نیوان هیرش و رەخنە هەیە*!!

□□□

## پەراویز

١ـ فەرهەنگی خال بەرگی یەکەم ل ٤٠

٢ـ وا دیارە هیرش پیشەی هەمیشەیی بورەکەیی‌یە، بەر لە مامۆستا هەژار، خوالیخوشبو ئەورەنگیش ـ دوای مردنی ـ دوچاری تیرەکانی بورەکەیی بیو (بروانە گۆڤاری ئاوینە ژمارە ٤ لاپەرە ٣٠)

# ئەوگفتانەی
# بە هاسانی
# نە خویندەواران
# تی ی ئەگەن؟!

● م. خوسرەوی

گۆڤاری ئاوینە ژمارە ١٤و ١٥

تۆ به شوانێك كه هەرنەزانێ خوێندن بەری بەكوێ وەیە، قەڵەم بێژی، ئەزانێ مەبەستت چیە، بەڵام بێژە پێنووس، داخوا لێت ناپرسێ پێنووس چیە؟ هەزاران وشەی وەك قەڵەم وا له ناو كوردا بوونە ماڵ كە هەموو كات، بە سەر زارانەوەن و بێ ئەوان زوانەكەمان بێ پۆ دەبێ.

پێش لە هەموو شتێك ئەبێ بوترێ كە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی كاری هۆنەران و زانایان، لە باری چۆنیەتی كارەكەیانەوە، نەك هەر ماف، بەڵكو ئەركی سەر شانی خاوەن بیرو رایانی كۆمەڵە.

هەڵسەنگاندن و رەخنەگرتن ئەبێتە هۆی وەپێش كەوتن و سەركەوتنی كۆمەڵ، چوونكە، رەخنەگر، بە پیشاندانی لایەنە لاوازو بە هێزەكانی دیاردە فەرهەنگیەكان، لە لایێكەوە. بە دی هێنەری دیاردەكە، سەبارەت بە خاڵەكزو لاوازەكانی كارەكەی ئاگادار ئەكاو لە لایەكی دیكەشەوە، وەك چرایێك رێگای تاریك بۆ خوێنەران و بۆ خەڵك روون ئەكاتەوە.

هەر بەم هۆیەیە كە لە كۆمەڵانی پێشكەوتوو، رەخنەگران و ئەو

ڕۆشنبیرانەی کە ئەم کارە قورس و گرانەیان وەئەستۆ گرتووە لە نێوان کۆمەڵدا جێگایێکی بەرزو تایبەتیان هەیە.

دیارە کە ئەرك و کارێکی وەها گرنگ، شتێك نیە کە هەر کەسێك توانایی ئەنجامی هەبێ.

ڕەخنەگر ئەبێ لەباری زانستیەوە مرۆڤێکی بە دەسەلات و زاناو لە باری ئەخلاقی یەوە ئینسانێکی شیاو و دڵ پاك بێ و لە دڵ ڕەشی و دژایەتی خۆی بپارێزێ. بە داخەوە ڕەخنە کەی ڕێزدار بۆرە کەیی لە باری زانستی؛ شیاوی مرۆڤێکی خاوەن بیرو هزر نەبوو. ئەو لە ڕەخنە کەیدا لە لایێ کەوە کۆشاوە تا بە سووك و بێ نرخ پیشاندانی هەنبانەبۆرینەو چاونووقاندن لە ناساندنی ڕاستەقینەی نووسەرە کەی، پلەو پایەی هەژاری نەمر بێنێتە خوارەوەو لە لایێکی دی، ویستوویە ڕادەی پلەی زانیاری خۆی بە خوێنەر ڕاگەیێنێ، بێ ئەوەی کە بیرکاتەوە کوردی وتەنی پەلەهەورێك بە ئاسمانێ وەیەو سووك نوواندنی پیاوە گەورەکان بە تایبەت لە چاڵ دەرهێنان، کاری زانایان نیە، بەر لەمە کە لە باری زانستیەوە باسی ڕەخنە کە بکەین، لە باری ئەخلاقی شی ئەکەینەوە تابزانین لە ڕاستەقینەدا ویست و هەڵوێستی ڕەخنەگر لە نووسینی ڕەخنە کە چی بووەو چیە.

لە پاراگرافی ٤دا ڕەخنەگر نووسیویە: «گەلێك لە زانایان و نووسەرانی کورد وەکوو تۆفیق وەهبی و قەناتی کوردۆو خاڵ و گیوی موکریانی و مەردوخ و... و گەلێکی تر، لە فەرهەنگ نووسی دا هەنگاویان هەڵگرتووەو زۆربەی وشەکانی کوردیان کۆکردوتەوەو پێوستە لە سەر ئەوکەسانەی کە فەرهەنگ ئەنووسن هەر لە ڕێی ئەم زانایانەوە برۆن...»

ئەمە لە کاتێکە کە ڕەخنەگر لە پاراگرافێك ژوورتر، واتا لە پاراگرافی

٣دا فەرموویەتی: «ئەڵبەت لە ناو کوردا تا ئێستا هیچ چەشنە فەرهەنگێکی کوردی زانستی نەنووسراوە، بە جۆرێ کە ئامرازو پێشبەندو پاشبەندو... تێدا پیشان بدرێ».

بە داخەوە رەخنەگری بەرێز، بۆ خۆیشی نازانی چی ئەڵێ. ئەو لە لایێکەوە لە پاراگرافی ٣دا ئێژێ «تا ئیستا هیچ چەشنە فەرهەنگێکی کوردی زانستی نەنووسراوە»و لاێیکی تر، لە پاراگرافی ٤دا دەڵێ: «پێویستە لە سەر ئەوکەسانە کە فەرهەنگ ئەنووسن هەر لە رێی ئەم زانایانەوە برۆن». ئەز باوەر ناکەم کە هاندان بۆدرێژە پێ دان و رۆیشتن لە سەر کارێك نازانستی (غەیری زانستی) ئامۆژگارێیکی عاقلانە بێ و بەراستی ئەو ئاموژگاریە، ئاموژگارییێکی یەك جار سەیرە، چونکە، ئەگەر تا ئێستا، وەکوو رەخنەگر دەڵێ، فەرهەنگێکی کوردی زانستی، نەنووسراوە، خۆ دیارە کە ئەو فەرهەنگانەیش وا ئەو زانایانە نووسیویانە، زانستی نین.

ئەی چۆن ئەبێ و پێویستە کە فەرهەنگ نووسان هەر لە رێی ئەوانا برۆن؟

ئەودوو مەتڵەبە دژی یەکترن و رەخنەگر بۆ خۆیشی نەی زانیوە چی ئێژێ، تەنیا ویستوویە ناراستەو خۆ، بە خوێنەرانی رەخنەکە راگەێینی کە هەموو، ئەو فەرهەنگانەی کە تا ئێستانووسراون، تەنیا هەنبانە بۆرینە نەبێ کە ئەخە، ئەوانی تر هەموو بەخن! ئەڵبەت نازانم رەخنەگری بەرێز چۆن لە بیری چووە کە بڵێ، ئەوانە کە لە پێش هەژار فەرهەنگیان نووسیوە هەموویان زمانی پەهلەوی و ئاوێستاو سانسکریت و فارسی کۆن و تورکی و عەرەبی یان چاك و باش دەزانی و بە هەموو زاراوەکانی کوردیش شارەزا بوونەو بە چەشنێکی رەبەق! وەکوو رەخنەگر خۆی! بە فۆنۆلۆژی

و مورفۆلۆژی‌و لیکسیکۆلۆژی‌و ئورتوگرافی و میتولۆژی و ئەفسانەو مێژوو و هەروەها دەیان زانستی دیکە شارەزاییان هەبووە!

بێ گومان ڕێزدار بورەکەیی ئەزانێ کە لە نێو خوێنەرانی ڕەخنەکە لەسەرەدا دوو کەسیش ئەو فەرهەنگانەیان نەدیوەو ڕەنگە بۆ خۆیشی ئەوانەی نەدی بێت، بەڵام ئەوەی کە وا ئەو فەرهەنگانەی دی بێت باش ئەزانێ کە هەنبانە بۆرینە لە کوێ و فەرهەنگی مەرۆدخ‌و گیوی موکریانی‌و جگەرخوێن لە کوێ‌و ئەزانێ کە نابێ هەنبانە بۆرینە لەگەڵ ئەوانی تر لە یەك‌ریزدا دانێن.

لێرە دا پێویستە بوترێ کە هەریەك‌لەو فەرهەنگانە لە جێی خۆی زۆرزۆر لەوەی کە ڕەخنەگر نووسیوە بە نرخترو پڕ بایەخترن، بەڵام ئاشکرایە کە کارەکەی هەژار تەواوترو پوختەترە، چونکە هەژار هەموو ئەوانەی لەبەر دەست بووەو کەم‌و کۆریەکەی ئەوانی لە پێش چاو گرتووەو ئەگەرچی ڕەخنەگر لە پاراگرافی ١٠ی ڕەخنەکەی، بوختانی درۆزنی‌شی لە هەژار داوە، بەڵام هەروەها کە ئەو زانا نەمرە خۆی وتوویە، بۆ نووسینی هەنبانە بۆرینە لە سێنزە سەرچاوە کەڵکی وەرگرتووەو دیارە کە ئەبێ لەئەوانی دیکە تەواوترو ڕێك‌و پێك‌تر بێ. هەر لێرە دا پێویستەو ئەبێ بوترێ کە مامۆستا هەژار لە سەرەتای هەنبانە بۆرینە بە سێنزە سەرچاوە ئاماژەی کردووە، بەڵام بەریز بۆرەکەیی لە پاراگرافی ١٠ی نووسراوەکەی دا ئەڵێ: «واش نیەو بەڵکو زۆربەی وشەکانی هەر لە فەرهەنگی خاڵ وەرگرتووەو نەیشی توانیوە...» واتا هەژار درۆی کردووە! بێ گومان ئەگەر ڕەخنەگر ئەوشتانەو هەروەها ئەو بوختانەی لە کاتی ژیانی هەژاری نەمرگوتبایە کەس لۆمەی نەدەکرد، بەڵام بوختان

دان بە کەسێك کە دەستی لەم دونیا بێ وەفایە کۆتایە لە جوانمێری بەدوورەو یەکجاریش بە دوورە.

دیارە کە رەخنەگر هیچ کاتێك باوەڕی نەدەکرد کەسێك بێت و فەرهەنگێکی کوردی بنووسێ و کارەکەی ئەو بەتاڵ کات و پەکی بخات.

شایانی باسە کە بەرێز بۆرەکەیی لە مێژەوە خۆی بە نووسینی فەرهەنگی کوردی خەریك کردووە، بەڵام لە ئەنجامی ئەو کارەدا داماوەو ماندوو بووە، لە دوای بیس، سی ساڵان، توانیویە تەنیا دوو پیتی ئەلف و بێ لە چاپ بدات. بەڕێز بۆرەکەیی ئەڵێ: «هەر ئەمە کە لاوانی کورد تێبگەن ئەو فەرهەنگە هەڵەی زۆرەو نابێ پشتی پێ ببەستن. خۆی کارێکی گرنگە».

بەڵێ کارێکی گرنگە هەر وەکوو باقی کارە گرنگەکانی! بەڕاستی لەم وتەیە باش دیارە کە رێزدار بۆرەکەیی چەند لە هەنبانە بۆرینەو لە هەزار ئاڵۆزو تووڕەیە، ئەگینا کام مرۆڤی بە ئینساف، هان دانی لاوانی کورد بۆ ئەوە کە نەکەونە توخنی هەنبانە بۆرینە، بە خزمەتێکی گەورە دائەنێ؟ ئەڵێی هەنبانە بۆرینە گوڵی دوور ئاواییە! رەخنەگر ئەڵێ:

«نووسینی فەرهەنگ کاری هەرکەسێك نیە. کەسێ ئەتوانێ فەرهەنگی کوردی بنووسی کە بێجگە لەو پێنج زاراوەیە، شارەزایێکی رەبەقی بە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی و پەهلەوی و ئاوێستاو سانسکریت و فارسی کۆن و فارسی دەری‌هەبێ و ئاشنایی بە ئەفسانەو بە میتولۆژی مێژوو بیی و ئەو لۆژی و مۆژیانەیش بزانێ.

ئەلبەت هەرکەس چاوێکی بە فەرهەنگی ماد کە بەڕێز بۆرەکەیی نووسیویە بخشێنێ بۆی دەرئەکەوێ، وەنەبێ بەڕێز بۆرەکەیی هەر ئەو زمانانانە بزانێ و زانستی‌شی تەنیا بریتی بێ بەوانە کە لە رەخنەکەیدا

ئاماژەی پێ‌یانکردووەو وتوویە کە زانینیان بۆ فەرهەنگ نووس و فەرهەنگ نووسی پێویستە، بەڵکوو بێجگە لەو چەند زمانە، زمانی ئینگلیسی و فەرانسەو ئاڵمانی و رەنگە زۆر زمان و لۆژی و مۆژی دیکەش بزانێ! من ئەمەم کاتێك بۆ روون بوو کە فەرهەنگی ماد، کەوتە دەستم و لەوێ بوو کە زانیم بەڕێز بۆرە کەیی ئەو سێ زمانیشە وەکوو سانسکریت و ئاوێستاو پەهلەوی دەزانێ، چونکە لە ژێرنووسی هەندێ لاپەڕە بە سەرچاوە ئینگلیسی و فەرانسەو ئاڵمانیەکان ئاماژەی کردووەو دیارە کاتێك نووسەرێك بە سەرچاوەیێك ئاشێرە ئەکا بە مانای ئەوەیە کە ئەو سەرچاوەی خوێندووە، واتا بەڕێز بۆرەکەیش دەبێ ئەو سەرچاوانەی خوێندبێ.

لێرەدا ئەم پرسیارە بۆ من هاتۆتە گۆڕێ کە بەڕاستی ڕێزدار بۆرە کەیی ئەم هەموو زمانانەی وەکوو سانسکریت و پەهلەوی و ئاوێستاو فەرانسەو ئینگلیسی و ئالمانی و ئەو هەمکە زانستەی وەکوو فۆنۆلۆژی و ئورتوگرافی و مۆرفۆلۆژی و لیکسیکۆلۆژی و... لە کوێ و لە کێ فێر بووە؟

من بۆ خۆم ساڵهایە کە خەریکی فێربوونی زمانی پەهلەویم و زۆر هەوڵم داوە کە کەسێك پەیدا کەم کە بتوانێ بەم زمانە بئاخێوێ، بەڵام بەداخەوە نەمتوانیوەو هەر ئەوەندە توانیومە لە دوای چەند ساڵ بزانم فلانە وشە لە پەهلەوی دا چی بووەو فیسارە وشە چۆن بووەو پێم وایە کە بەمە ناوترێ پەهلەوی زانی.

ئەوەڵ پلەی زانینی یەك زمان ئاخاوتن بەو زمانەیە، گەر کەسێك نەتوانێ بە زمانێك قسە بکا، دیارە کە ئەو زمانە نازانێ، کە وابوو کاتێ کە رەخنە گر دەڵێ کەسێك ئەتوانێ فەرهەنگی کوردی بنووسێ کە ئاشنایەتی‌یێکی

رەبەقی بە ئاوێستاو پەهلەوی‌و سانسکریت بێت بە مانای ئەوەیە کـە بـۆ خۆی ئەو ئاشنایەتی‌یەتی هەیە، ئاشنایەتی رەبـەق بـە زمـانێك‌بە مـانای گەیشتن بەو پەڕی دەسەڵات لەو زمانەدایە، وەها دەسەڵاتێك کە ئیتر هیچ دژواری‌یێك‌لەو زمانەدا نەمێنێ، وەکوو ئەوردەسەڵاتەکـە هـەژاری نـەمر بەسەر زمانی عەرەبی‌و فارسی‌و کوردی دا بووی.

بێگومان بەڕێز بۆرەکەیی کە ئێژێ کەسێك‌ئەتوانێ فەرهەنگ بنووسێ کە عەرەبی‌و ئاوێستاو سانسکریت‌و... بزانێ، بە مانای ئەمەیە کـە بـۆ خـۆی هەموو ئەوانە ئەزانێ، ئەگینا فەرهەنگی مادی نە دەنووسی ئەو فەرهەنگە کە تەنیا بریتی‌یە لە دوو پیتی ئەلف‌و بێ،و ئەز سەرم سووڕماوە کە چۆن دەبێ پیاوێك کە ئەو هەموو زمانە ئەزانێت‌و ئـەوگشت زانستی‌یە هـەیە کوردی وتەنی، لە سەت ئاشان لێی دەکا، لەئێکی نای ماڵێتەوە.

ئێستا باشترە بچینە سـەر بـاسێکی‌تری رەخـنەکـەو بـزانـین لە بـاری زانستیەوە رەخنەگر چی پێوەیە. لە بەندی ٥ دا رەخنەگر وتوویە «لە باڕی رێزمانی‌یەوە لە فەرهەنگەکەیاگەلێ هەڵەی زل زل ئەکەوێتە بەرچاو، بۆ وێنە ئابرووتکاو کە سفەتی مەفعولی‌بەو بە واتای کەسێکە کـە ئـابرووی چووبێ. نووسیویە رووسیا واتـە روورەش» بـە داخـەوە رەخـنەگـر بـۆ خۆیشی نەیزانیوە چی دەڵـێ، کـەسێك‌نەی وتـووە ئـابرووتکاو سـفەتی مەفعوولی نیە،دیارە کە ئابرووتکاو سیفەتی مەفعوولی‌یە ماناکەشی هـەر ئەوەیە کە لە هەنبانە بۆرینە هاتووە. واتا رووسیا ـ سووك روو رەش، بە فـارسیش دەبـێتە رسـوا ـ بی‌آبرو، روسیاه. ئـەمجار سـەرێك‌ئەدەینە فەرهەنگی ماد تا بزانین رەخنەگر بـۆ خـۆی ئـابرووتکاوی چـۆن مـانا کردووە. لە لاپەڕەی ٧٣ بەرگی یەکەم ئابرووتکاو بە آبـرو رفـتە مـانا

کردووه که هیچ فارسی زمانێك بەکاری ناهێنێ، بەڵکوو، خوێندەوارو نەخوێندەواری فارسی زمان لە جیاتی آبرورفته وشەی، رسوا،روسیاەوبی آبرو بەکار دەبەن کە بەکوردی دەبنە سووك، رووسیا، روورەش. واتە هەر ئەوانەی کە لە هەنبانە بۆرینە نووسراون. ئەمەبوو یەکێك لە هەڵە زل زلەکان! هەروەها وتوویە «ئات ئامرازی گەلەو پەسوەند نیە». بێگومان گەر رەخنەگر بیزانیبایاکە لەباری رێزمانەوە، پەسوەند واتا پاشگر چیە، ئەوەی نەدەگوت. پاشگر suffix یا پەسوەند. یەك یاکوو چەند پیتە، کە بەدوای وشەوە دێت، وشەیێکی تازە دروست ئەکات. ئامرازی گەل و هەموو ئەم ئامرازانەی کە بە دوای وشەوە دێن لە باری رێزمانەوە پاشگر واتا پەسوەندن. لە زمانی ئینگلیسی و فارسیش نیشانەی گەل، بە پاشگر suffix دەژمێردرێ.

دیارە کە رەخنەگر رێزمانیش باش نازانێ بۆیە پێی وایە نیشانەی گەل پەسوەند نیە. هەر لە بەندی ٥ دا بەرێز بۆرەکەیی ئەڵێ: «ئاخافتن چاوگی سادەیەو بە واتای دوانە. کەچی بە واتای وتووێژ هێناویە».

ئەگەر سەرێك بدەینە هەنبانە بۆرینە ئەبینین کە بۆ ئاخافتن ئەم چەند مانا هێنراوە: قسەکردن - پەیفین - گوتن - وتووێژ، هەرواکە دەبینین، وتووێژ دوایین مانایێ کە، کە لە هەنبانە بۆرینە بۆ ئاخافتن هاتووە. ئێستا سەرێك بکێشینە فەرهەنگی ماد بزانین رەخنەگر سەبارەت بە ئاخافتن چیی نووسیوە. لە لاپەرەی ٧٦ی بەرگی یەکەم، ئاخافتن بە سخن گفتن ـ گفتگو کردن ماناکراوە.

بەراستی دەبێ لە بەرێز بۆرەکەیی بپرسین کە برای خۆشەویست مەگەر سخن گفتن و قسەکردن یەکێك نین؟ ئایا گفتگو کردن هەر وتووێژ نیە؟

فەرموو بزانین دووان یانی چی، ئەگەر ئاخافتن نابێتە قسەکردن و وتووێژ ئەی چۆن ئەبێتە گفتگوکردن و سخن گفتن؟ چۆن ماناکەی هەژار، هەڵەی زلە، بەڵام هەر ئەوە لە فەرهەنگەکەی خۆت زۆر باش و رێك و پێکە؟ بێگومان خوێنەرانی بەڕێز لەم بارەیە باشترین داوەرن بویان دەرئەکەوێ کە رەخنەی رێزداربوورەکەیی لە کوێ ئاو ئەخواتەوە.

بەڕاستی هەروەهاکە رەخنەگر بۆ خۆی لە پاراگرافی ٩ی رەخنەکەیدا وتوویە، «مست نموونەی خەروارە» نووسەری ئەم وتاریشە هەر بۆ نموونە، بە بێ نرخیی هەندێ لە رەخنەکانی ئەو ئاماژەی کردووە.

درێژە بە وتارەکە نادەم بەڵام پێویستە بەم راستەقینە ئاشێرە بکرێ کە زانای گەورە، هەژاری نەمر سەبارەت بە هەنبانە بۆرینەیش خۆی وتوویە کە: «من ئەم کارەم لە بەر ناچاری کرد، وەکو بێگارێك دەزانی کە هیچ دڵم پێ خۆش نەبوو، بە قێزو بێزەوە دەمکرد، ئەمە کە ئێستا دەیدوونن بەرهەمی ئەو بێگارەیە». بەڵام لەگەڵ هەموو کەم و کوڕی یەکەی، بێگومان هەنبانە بۆرینە رێك و پێكترین و بە نرخترین فەرهەنگی کوردیە کە تا ئێستا نووسراوە.

لە دووایی دا باشتر ئەمەیە کە وەڵامی رەخنەکانی تری بەڕێز بۆرەکەیی وەك ئەوە کە وتوویە «گەلێ وشەی عەرەبی و تورکی و فارسی و فەرانسەو ئینگلیسی لە هەنبانە بۆرینە هەیە» بخرێتە سەرشانی نووسەری هەنبانە بۆرینە واتا هەژاری نەمر تا بزانین بۆ خۆی سەبارەت بەوانە چی ئەڵێ. لە سەرەتای هەنبانەبۆرینە ئێژێ: «کاکی هەڵەی پڕ لە پەڵە! کامە گەلی هەرە زلی هەرە داراو هەرە رزگاری سەرزەوی گومان ئەبەی زمانەکەی وشەی نامۆی تێدانەبێ؟ ئینگلیس؟ ئالمان؟ فەرانسە؟ رووس؟ کەست دیون؟ لیت

پرسیون؟ تا بڵێ لە سەتا چەندی زمانیان لە یەکتری خواستووە؟ لە ڕێزمانی ئوردی، دەری و بەنگالی شارەزای؟ تورکی ئەستەمبول دەزانی کە تا ملان لە عارەبی ئاخنیاون؟ ڕەنگە مەبەستت زمانی عەرەبان بێ؟ داخی گران کە عارەبیش وەك پێداویستە نازانێ تا بزانی ئەو زمانی وان پان و پۆڕو بەربڵاو، کە هەزارو چوار سەد ساڵە، پێنسەد میلیون موسوڵمان خزمەتی دەکا، بە هەزاران وشەی نامۆی لە ناو خۆی دا پەنا داوە. بۆ نموونە، تۆ بە شوانێك هەر نەزانێ خوێندن بەری بە کوێ وەیە، قەڵەم بێژی، ئەزانێ مەبەستت چیە. بەڵام بێژە پێنووس داخوا لێت ناپرسی پێنووس چیە؟ هەزاران وشەی وەك قەڵەم وا لەناو کوردا بوونە ماڵ کە هەموو کات، بە سەر زارانەوەن و بێ ئەوان زوانەکەمان بێ پۆ دەبێ. بەڵێ کاکە! ئەوگفتانەی بە هاسانی نەخوێندەواران تێ ی ئەگەن و لەناو خۆیاندا دەیانڵێن، هزار ساڵە بووگنە کوردو هەزار ساڵی لووت هەڵکەی و قۆڵ هەڵماڵی و خۆ لە هەزار بەردو دار دەی لە کوردی ناشۆرێنەوەو ئەوانەش وەك سەیدەکانمان لە خۆمانن و هێن خۆمانن».□

# ڕەخنە لە سەر ڕەخنەی سدیق بورەکەیی لە سەر هەنبانە بورینە

پەرویز جهانی

گۆڤاری سروە ژمارە٨٨ خەزەلوەری ١٣٧٢(نوڤەمبەری ١٩٩٣)

لە گۆڤاری ئاوێنە، ژمارە (١٢) دا چاوم بە سەردێڕی "ڕەخنە لە سەر هەنبانە بۆرینە" بە قەڵەمی کاک سدیق بۆرە کەیی کەوت. لە سەرەتادا زۆرم پێخۆش بوو، کاک سدیق کە تا ئێستا چەندین پەرتووکی جۆراوجۆری نووسیوەو تەنانەت دوو فەرهەنگی "ئەورەنگ" و "ماد"یشی نووسیوە، پێم وابوو ڕەخنەیەکی زانستی لە سەر ئەو فەرهەنگە نووسیوە، بە تاسەیەکی زۆرەوە دەستم کرد بە خوێندنەوەی ئەو گۆتارە، لەپڕ ئاگادار بوومەوەو هاتەوە بیرم کە ئەو ڕەخنانەی کەمن لە سەرەتایساڵی (١٣٦٣)دا لە سەر فەرهەنگی "ماد"کۆکراوەی کاک سدیق بۆرەکەییم گرتبوو و لەنامەیێکدا بۆم ناردبوو، بەشێکی زوری ئەو ڕەخنەیەی کە من لە فەرهەنگەکەی کاک سدیقم گرتبوو، هەرئەوانەن کە کاک سدیقیش لە هەنبانە بۆرینەی گرتووە. بۆ شاهیدی قسەکەم فتۆکۆپی نامەی کاک سدیق کە لە وەڵامی ڕەخنەکەم دا بۆی نووسیوم، زەمیمەی ئەم ڕەخنەیە دەکەم. هیوادارم ئەگەر ئەم ڕەخنەیە شایانی بڵاوکردنەوە بێ، نامەی کاک سدیقیش کە بە ئیمزاو دەستخەتی خۆیەتی دەگەڵی چاپ و بڵاو بکرێتەوە. ٭

هەموومان دەزانین لە نێو گشت فەرهەنگەکانی کوردیدا، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە گەورەترین و بە کەڵکترینیانە. مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی بۆخۆی ددانی پێدا دەنێ و دەڵێ کە هەنبانە بۆرینە هەڵگری گشت وشەو پەیڤی کوردی نیە. جا ئەمە شتێکی ئاسایی و ڕوونە....



* وێنەی نامەی سدیق بۆرەکەیی کە بۆ نووسەری ئەم وتارە ڕەوانە کراوە هەرلەم ژمارەی گۆڤاری سروە چاپ کراوەو بەپێویستمان نەزانی لێرە چاپی بکەینەوە.

پێش ئەوەی کە وەڵامی کاك سدیق لە مەر فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە بدەمەوە روون کردنەوەیەك بۆ کاك سدیق و تەواوی خوێنەرە بەڕێزەکان دەخەمە بەرچاو، من لەو نامەیەش دا بۆ کاك سدیقم نووسیبوو کە زاراوەی زازایی سەر بە زاراوەی کورمانجی ژووروو نیەو زاراوەێیکی یەکجار دوور لە زاراوەی کورمانجی ژووروویە. ئەو زاراوەیە کە لە رۆژاواو "باکوور رۆژاوایی" کوردستاندا پێی دەئاخۆن، زۆرتر پێوەندی دەگەڵ زاراوەی گۆرانی هەیە، تا کورمانجی. بەڵام کاك سدیق بە داخەوە بێ ئەوەی ئاگاداری لەو بابەتەوە بێ و لە چۆنیەتی ئەو زاراوەیە شتێکی بزانێ، هەر دەڵێ ماست رەشەو زاراوەی زازایی بە بن زاراوەێیکی کورمانجی دادەنێ و لەو رەخنەیەدا دیسان نووسیویە کە: "زمانی کوردی داگری پێنج زاراوەیە کە بریتین لە کورمانجی باکووری - کورمانجی باشووری - گۆرانی - لوڕی - لەکی..." بەڵام هەموومان دەزانین زازاییش زاراوەێیکی سەربە خۆی زمانی کوردی یەو ئێستاش لە چەندین گۆڤاری کوردی دا کە لە کوردستانی تورکیاو ئورووپادا بڵاو دەبنەوە، بەشێك بە زاراوەی زازایی بڵاو دەبێتەوە.

ئەوجا بچینە سەر رەخنەی کاك سدیق لە هەنبانە بۆرینە. کاك سدیق دەو رەخنەیەدا زۆر بێڕەحمانە هێرش دەباتە سەر مامۆستا هەژارو ئاوادەنووسێ:

"... خوێنەر ئەگەر بۆ پەیداکردنی وشەێیکی کوردی پەنا بۆ ئەو فەرهەنگە بیا یارمەتی‌ێیکی وای نادا و واتاکانیشی بە دڵەوە نانووسێ و لە وانەیە ئەویش تووشی هەڵەو خلیسکان بکاو لە راستەقینەدا فەرهەنگە کە لە سەر هەڵە دامەزراوە، کە واتە زیانی فەرهەنگە کە لە سوودی زۆرترە... بە

شێوەیێکی ناشی یانە دەسکاری ئەو ئاو بێ‌یەی کردووە... مامۆستا هەژار لە سەرەتای فەرهەنگەکەیا نووسیویەتی کە لە سێنزە سەرچاوەی جۆربەجۆر کەلکی وەرگرتووە، کەچی واش نیەو بەڵکوو زۆربەی وشەکانی هەر لە فەرهەنگی خاڵ وەرگرتووەو نەیشیتوانیوە واتاکانی بە دروستی وەرگێڕێتە سەر زمانی فارسی‌و تووشی هەڵەیێکی زۆر بووە..."

ئەگەر باش سەرنجی ئەو قسانەی کاك سدیّق بدەین، دەبینین کە کاك سدیق سووکایەتی بە مامۆستا هەژاری رەحمەتی کردووەو ..... لێرەدا پێکەوە ئەو رەخنەی کاك سدیّق دەدەینە بەر لێکۆڵینەوەو توێژاندنەوە، تا شت گەلێکمان بۆ روون ببێتەوە.

جگە لەو بوختانانە یەکەمین رەخنەی کاك سدیّق لە سەر هەنبانە بۆرینە ئەوەیە کە مامۆستا هەژاری رەحمەتی رێنووسی کوردی دەهەنبانە بۆرینەدا دەستکاری کردووەو دروشمی (ٚ) لە زۆر جێ‌یاندا بەکار نەبردووە. هەمووومان دەزانین کە مامۆستا هەژار بۆ خۆی باوەڕی بە هێنانەوەو نووسینی هەردووك "واو" ـ وو Û ، نەبوو بەکار نەبردنی دوو "واو" نابێتە عەیبی کاری مامۆستا، چون مامۆستا ئاگادارانە ئەوکارەی کردووە. لەمەڕ دانەنانی نیشانەی (ٚ) لە سەر پیتی (ئێ = Ê) کە کاك سدیّق بۆ ئیسپات کردنی قسەکەی هیچ نموونەیێکیش بەدەستەوە نادا، چون ئەو نیشانەیە لە دەزگای چاپ‌و تایپی فارسی‌دا نیە. رەنگە لە لایەن کاربەدەستانی چاپخانە بڕێك لەو نیشانانە لە بیر چووبێ، هەر وەکوخۆشمان زۆر جار ئەو نیشانەیە لە نووسین‌دا لە بیر دەکەین. جا دانەنانی ئەو نیشانەیە رەنگە زۆر کەمیش بێ. ئەمە نابێتە ئیراد بۆ کاری گەورەی مامۆستا هەژار.

کاك سدیق لە بەندی (٢)ی رەخنەکەدا ئاوا دەڵێ:

"مامۆستا هەژار لە سەرەتای فەرهەنگەکەیا نووسیویەتی کە لە سێنزە سەرچاوەی جۆربەجۆر کەلکی وەرگرتووە کەچی واش نیەو بەلکوو زۆربەی وشەکانی هەر لە فەرهەنگی خاڵ وەرگرتووەو نەیشیتوانیوە واتاکانی بەدروستی وەرگێڕێتە سەر زمانی فارسیو تووشی هەڵەیێکی زۆر بووەو لە گەڵ ئەوەش‌دا گەلێ وشەی لە فەرهەنگۆکی پەراوەی پیاوە بەناوبانگەکانی یاری وەکوو: "ئادی، ئانە، ئەندۆ، ئەوگار، ئەندیش، ئیرمان" وەرگرتووە کەچی ناوی سەرچاوەکەی نەنووسیوە چونکە ئەو وشانە لەهیچ فەرهەنگێك‌دا نەهاتووەو هەر لە ناو هۆنراوی هۆنەرانی یاری‌دا پارێزراوە."

بەڵام قسەی کاك سدیق راست نیە. لەو شەش وشانەی کە بۆ نموونە هێناویەتیو گوتوویەتی لە سێنزە سەرچاوەی کە مامۆستا کەلکی لێ‌وەرگرتووە لە هیچکامیان‌دا نەهاتووە. ئەمن تەنیا چاوم بە فەرهەنگی خاڵدا خشاند، لەو شەش وشانە، سێ وشەی: "ئانە، ئەوگار، ئەندێش" لە خاڵ‌دا هاتوون. وشەی "ئادی"ش وشەیێکی کورمانجی ژووروویەو لەو فەرهەنگە کورمانجی‌یانەدا کە مامۆستا کەلکی لێ‌وەرگرتووە هاتووە، بۆ نموونە لە فەرهەنگی زازایی داهاتووە.

مامۆستا لەژێر وشەی "ئەندو"دا ئەم شێعری خانای قوبادی بە شاهید هێناتەوە: "ئەوەندە زاری کرد نە ئەندوی دەروون.

خورۆش کەرد نە سەنگ قولەی بیستوون"

لەو شەش وشانە، وشەی "ئیرمان" دەمێنێ کە ئەویش رەنگە لە یەکێك لەو سەرچاوانەدا کە مامۆستا هەژار ئیشارەی پێکردوون، هاتبێ، کە

بەداخەوە تەواوی ئەو سەرچاوانە لەبەر دەستم نەبوون تا بزانم ئەم وشەیەش لەو سەرچاوانەدا هاتووە یا نە.

بەندی سێیەمی رەخنەی کاک سدیق ئەوەیە کە بۆ لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا ریشەی وشە دەست نیشان نەکراوە و زۆر وشەی بێی کوردی لە فەرهەنگەکەدا بەناوی وشەی کوردی هاتووە. ئەوجار وشەگەلێکی لە ژێر ناوی وشەکانی فارسی، تورکی، عەرەبی و... هێناوە و نووسیویەتی کە ئەم وشانە کوردی نین و بۆ بەنێوی وشەی کوردی لەو فەرهەنگەدا هاتووە. پێشینیان گوتەنی: "کاک سدیق دەرزی لە چاوی خەڵکدا دەبینێ، بەڵام گاسن لە چاوی خۆدا نابینێ". هەر ئەو وشانەی کە کاک سدیق لە ژێر ناوی وشەگەلی فارسی، عەرەبی و تورکیدا هێناویەو رەخنەی لە مامۆستا هەژار گرتووە هەشت ساڵ پێش لە چاپی هەنبانە بۆرینە، لە فەرهەنگی ماد دا هێناویە. کەسێک نیە لە کاک سدیق بپرسێ: کاکی خۆم ئەگەر ئەم وشانە کوردی نین، جەنابت بۆ هەشت ساڵ پێش لە چاپی هەنبانە بۆرینە بە ناوی وشەی کوردی چاپ و بڵاوت کردوونەتەوە؟ بەراستی ئینسان لە دیتنی عەیبی خۆیدا کوێرە."

لەو (٢٩) وشەیە کە کاک سدیق نووسیویە فارسین و کوردی نین و نابێ بە نێوی وشەی کوردی لە قەڵەم بدرێن (٢٢) وشەیان لە فەرهەنگی "ماد" کۆکراوەی خودی کاک سدیق دا هاتوون. لە (١٧) وشەی تورکی هەنبانە بۆرینە (١١)یان لە فەرهەنگی "ماد"دا هاتوونە. لە (٢٩) وشەی عەرەبیش (١٤) وشەیان لە فەرهەنگی "ماد"دا هاتوون. کەچی زوربەی ئەو وشانەش هەر ئەوانەن کە من بۆ کاک سدیقم نووسیبوو و رەخنەم لێگرتبوو، ئەویش هەر ئەو رەخنەیەی لە هەنبانە بۆرینە گرتووە.

هەروەك خوێنەرانی بەڕێز دەبینن لە نامەی کاك سدیق دا کە لە وەڵامی من دا نووسیویە، هاتووە: "وشەی ئاتەك و ئاراو ئاهیل لە بنج و بناوانەوە کوردین... (ئارا) لە تەواوی زاراوەکانی کوردی دا بەکار ئەبرێ و ریشەی لە تورکی دا نیە، بەڵام کەوتووەتە ناو زمانی تورکی یەوە."

بەڵام کاك سدیق لە قسەکانی خۆی پەشیمان بۆتەوەو لە هەنبانە بۆرینە رەخنە دەگرێ و دەڵێ بۆ دەبێ ئەو وشانە بەناوی وشەی کوردی بنووسرێن؟!

بەندی چوارەمی رەخنەی کاك سدیق لەمەڕ واتا فارسی یەکانی هەنبانە بۆرینەدایە. کاك سدیق دەنووسێ وشەی "ئابدەستخانە" وشەیێکی فارسی یە (ئەم وشەیەش لە فەرهەنگی ماد دا هاتووە)و واتەکەش "مستراح" ـە نەك دەستشوویی، ئایا بەراستی کاك سدیق نازانێ کە فارسی گەل بە موستەراح "دەستشوویێ"ش دەڵێن؟ یان هەر مەبەستەکەی سووك و بی کەڵك نیشان دانی فەرهەنگی بە نرخی هەنبانە بۆرینەیە.

یا وشەی "ئابڕووبردن" مەگەر یەکێك لە واتاکانی رووسیاکردن و رسوا کردن نیە؟

یا پەیڤی ئاخافتن کە وشەیێکی کورمانجی ژووروویە، بەواتەی وت و بێژیش زۆر بەکار دەبردرێ. یان وشەی "ئابرووتکاو".

ماموستاهەژار لەبەرامبەر وشەی "ئاژنی"دا ئاوای نووسیوە: "مەلە، مەلەوانی، سوبایی، ف: شنا" وشەی ئاژنی یان ئاژەنی کە چاوگەکەی "ئاف ژەنینە" هەم بەواتەی مەلەو هەم بە واتەی مەلەوانی بەکار دەبردرێ.

کاك سدیق لە بەندی شەشەمی رەخنەکەی دا ئاوا دەنووسێ: "هەروەها لە فەرهەنگەکەیا گەلێ هەڵەی زل زل (!) ئەکەوێتە بەرچاو..." ئەوجار

ئاماژەی وشەکانی: ئابوور، ئابدوزەك، ئادار، ئازالە، ئاموش، ئامیار، ئاوار، ئاوز، ئۆین، ئۆبەو دەکا.

کاكسدیق دەبێ بزانێ کە بۆ خۆی تووشی هەڵەی زلزل بووە نە مامۆستا هەژاری رەحمەتی: چونکە ئەو وشەگەلەی کەکاكسدیق پێی وایە مامۆستا هەژار واتەکانی بە هەڵە نووسیوە، هەڵە نین و هەمووی واتەکانی راست و دروستن. لێرەدا پێکەوە چاوێکی لە واتاکانی ئەو وشانەی سەرێ دەخشێنینەوە.

ئابوور: ئەم وشەیە بە واتەی ئیقتسادە، نە پاشەکەوت کە کاكسدیق نووسیویە، بەڵام دە زاراوەی کورمانجی ژووروودا وشەی ئابڕوو تەحریف بووە، واتە گۆڕدراوەو بووە بە ئابوورو بە مانای ئابڕوو بەکار دەبرێ. کابرای گوندی دەڵێ: فلانەکەس مرۆڤەکی زۆر بێ ئابوورە، واتە بێ ئابڕوویە.

ئابدوزەك: جگە لە واتەی کوللە، بە واتەی "فیچقە"ش هاتووە. پێکەوە چاوێکی لە فەرهەنگی د.موعین دەخشێنینەوە تا بزانین ژێر ئەو وشەیەدا چی نووسیوە: آبدزدك: ١ـ تلمبهٔ کوچك قابل حمل که برای راندن آب یا مایعات بداخل آن بەکار میرود. ٢ـ آلتی که بوسیلهٔ آن مایعات را در داخل بدن تزریق میکنند، سرنگ. ٣ـ جانوری است...

ئادار: راستە ئەم وشەیە شەشمین مانگی سوریانی‌یە، بەڵام لە ئەدەبیاتی فارسی و کوردی‌دا ئادار یەکەمین مانگی بەهارە. گەلێك لە شاعرانی فارس لە بەهارییەکانیان دا باسی ئەو مانگەیان کردووە. لە فەرهەنگی فارسی: د.موعین"یش دا بە یەکەمین مانگی بەهار ناسراوە. لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆریکی کوردیش دا چەندین شێعرو مەتەڵ لەمەڕ ئەومانگە دا

ماتووە کە لێرەدا ئاماژە بە دوو شێعری فۆلکلۆریك کە یەکێکیان کورمانجی ژووروو و ئەوی تریان کورمانجی خواروویە دەکەین:

١ـ "ئادارە دەولّ دارە، ڤڕانیە ل بەری یا شەنگارە"

٢ـ "مانگی ئاداری بیاری ئاگری داری، ئامێنی تا ئێواری."

ئازالە: کاك سدیق بۆ خۆی لە فەرهەنگی ماد دا لە بەرانبەری ئەم وشەیەدا نووسیوە: "سوخت زمستانی کە از سرگین چهار پایان است"

مامۆستا هەژاریش نووسیوە:

"سوخت زمستانی" جا ئاییتاش سووتەمەنی زۆربەی زۆری گوندەکانی کوردستان هەر "ئازالە"یەو بەس.

ئاموش: لە بەرانبەر ئەم وشەیەدا، مامۆستا هەژار نووسیوە: "خاموش، آرام" بەلام کاك سدیق نووسیویە: "ئاموش کە بەواتای خاموش و بێدەنگە بە مانای ئارام هێناویە" جاکێ نازانێ کە یەکێك لە واتەکانی ئارام هەمان بێدەنگی یە؟!

ئامیار: کاك سدیق نووسیویە کە بۆ مامۆستا دە بەرانبەری ئەم وشەیەدا وشەی هەواڵی هێناوە، ئەم وشەیە ماناکەی هاوکارە، نە هەواڵ. بەڵام هەروەك دەزانین یەکێك لە واتەکانی وشەی "هەواڵ" یا "هەڤاڵ" هەوکارە. واتەکانی هەواڵ بریتین لە: دۆست، ڕەفیق، هەوکار، یار، هەوری.

ئاوار: بۆ مانای ئەم وشەیە پێکەوە چاو لە فەرهەنگی "د.موعین" دەخشێنینەوە.

آوار: ١ـگرد و غبار و خاك ٢ـ آنچە بە سبب افتادن دیوار و سقف فرو ریزد از خاك و سنگ و آجر و گچ و غیرە... ئەو واتەیەی کە مامۆستا هەژار بۆی نووسیوە ئەم مەبەستەش دەگەیەنێ، بەڵام جەنابی بۆرەکەیی لە فەرهەنگی

ماد دا ئەو پەیڤە ئاوا مەعنی دەکاتەوە: خراب شدن دیوار یا سقف خانە (!)

ئاوز: ئەم وشەیە لە فەرهەنگی "ماد"یش دا هەر بە واتەی (عقل وخرد) هاتووە.

ئۆین: جگە لە گەمەو گاڵتەو یاری بە مانای فرو‌فێڵیش دێ. ئەم وشە تورکی‌یە دەگەڵ پاشگری "باز" پێکەوە وشەی ئۆینباز چێ دکەن بە مانای "فێڵباز".

ئۆبە: واتای ئۆبە هەر ئەوەیە کە مامۆستا نووسیویە: "کۆمەڵێک رەشماڵ پێکەوە" ئۆبە وشەیێکی تورکی‌یە، کوردی‌یە ـ کەی زۆم و زۆمەیە. ئۆبە بریتییە لە چەند رەشماڵ و خێوەت کە لە جێگایەکی تایبەت هەڵکرابن بەو جێگایە کە هۆبەی لێیە "وار" یان "وارگە"ی پێ دەڵێن. بەگەورە ماڵی ئۆبە "سەر ئۆبە" دەڵێن، کە لە لای هەرەژووری وارگەدا هەڵدەکرێ. بە خوارترین ماڵی ئۆبەش "بن ئۆبە" دەڵێن.

ئیتر قەزاوەت و داوەری بە خوێنەرانی بەڕێز و زمانناسانی خۆشەویست، بە وانەی کەلەدوو راستی و دروستین، نە ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ کاری دیتران بە هەڵە بنوێنن و گەورەیی خۆیان لە چکۆڵە کردنەوەی دیتراند دەبینن □

# وەڵامی

# ڕەخنەی

# پەرویزجیهانی

نووسەر: فارووق بورەکەیی

گۆڤاری سروە ژمارە ١٠٣-١٠٤ ڕیبەندان - ڕەشەمەی ١٣٧٣ (١٩٩٥)

له ژمارەی ۸۸ی سروەدا، وتارێکم خوێندەوە بە ناوی "رەخنە لە سەر رەخنە"، کە لەم وتارەدا ویستراوە وەرامی رەخنەکەی "مامۆستا سەدیق بۆرەکەیی" بدرێتەوە.

نووسەری وتارەکە نووسیویەتی: "هاتەوە بیرم کە ئەو رەخنانەی کە من لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٣ دا لە فەرهەنگی ماد گرتبووم، ئەویش ئەو رەخنانەی لە هەژار گرتووە!""

دەبێ لە نووسەری ناوبراو بپرسین: ئەو رەخنانە لە چ گۆواریکدا چاپ کراوە؟ کام نامەو چ رەخنەیەك؟! *

ئەمە روون‌و ئاشکرایە کە "فەرهەنگی ماد" لە لایەن زانایانی زبانناسی کوردەوە وەکوو خوالێخۆشبو: "توفیق وەهبی" و ماموستای پایەبەرز "دوکتۆر جەماڵ نەبەز" پەسەند کراوەو ئەو نامەیەش کە لە گۆوارەکەدا گراوەرکراوە، هەر وەرامێکەو شتی تری تێدا نیەو هیچ چەشنە رەخنەیەکی

ولامنامە



* وێنەی نامەی سدیق بۆرەکەیی هەرلە گۆڤاری سروە چاپ کراوەو بەپێویستمان نەزانی لێرە چاپی بکەینەوە.

تێدا نابینرێ‌و هیچکاتیش نامه نابێته بەڵگەی زانستی.

نووسەری وتاری ناوبراو، لەو هەموو رەخنەی کە لە پیتی "ئا"ی "هەنبانە بۆرینە"گیراوەو لەگۆواری ژمارە ١٢ی ئاوێنە دا چاپ بووەو داگری دەیان وشەیە، تەنیا چەند وشەی خستۆتە بەرباس‌و ئەو وشانەش بریتین لە: ئابڕوو بردن - ئاخافتن - ئاژنی - ئابوور - ئابدووزەك ئادار - ئازاله - ئامووش - ئامیار - ئاوار - ئاوەز - ئۆین - ئۆبە کە لێرەدا بە پێی بەڵگە وەرامی دەدەمەوە:

ئابڕوو بردن - واتای رووسیاکردن‌و ریسواکردن ناگرێتەوە. بۆ وێنە لە "فەرهەنگی زەبیحی" دا دەڵێ: "ئابڕوو بردن، بێ قەدرو حورمەت کردن‌و سووك‌و چرووك کردنی یەکێك. "فەرهەنگی مەهاباد" دەڵێ: ئابڕوو بردن: "فضح - انتهاك"کە بە واتای ئابڕوو چوونە. "تۆفیق وەهبی"ش ئەم وشەیەی هەر بەوواتایە نووسیوە.

ئاخافتن، بە واتای دووان‌و قسەکردنە، بەڵام مامۆستا هەژار نووسیویەتی: وت‌و وێژ، کە دیارە ئەو واتایە نادا، چونکە وت‌و وێژ لە وتن‌و وێژتنەوە هاتووەو دیارە ئاخافتن، چاوکی سادەیەو ئەگەر بمانەوێ وت‌و وێژ بەکار ببەین دەبێ بڵێین: وت‌و وێژکردن. لە "فەرهەنگی مەهاباد"یش دا دەڵێ: ئاخافتن: "محادثە، مکالمە"، کە بە واتای دووان‌و قسەکردنە. "قەنات کوردۆ"ش ئەم وشەیەی هەر بەو واتایە نووسیوە.

ئاژنی، بە واتای مەلەیەکە چی "مامۆستا هەژار" نووسیویەتی: مەلەوانی‌و دیارە "مەلە" لەگەڵ "مەلەوانی"دا ئاسمان‌و ریسمانەو ئەمەش هەڵەیەکی زلە.

ئابوور، لە کرمانجی‌دا بە واتای ماڵداری‌و پاشەکەوتەکە لە عەرەبی دا

"اقتصاد"ی پێ دەڵێن، کە چی "هەژار" بە واتای ئابڕوو (!) هیناویەتی‌و تووشی هەڵەیەکی زل بووەو نووسەری ئەو وتارەش کە دەڵێ: ئەم وشەیە گۆڕاوەو ئابڕوو بووە بە ئابوور، ڕەنگە خۆی گۆڕی بێ! ئەگینا وانیەو ئەم وشەیە لە تەواوی فەرهەنگەکانی کوردی دا هاتووەو بە واتای ماڵداری‌یەو "ژابا"ش هێناویەتی. لە "فەرهەنگی خاڵ‌و مەهابادو وەهبی‌و لەنات کوردۆ"ش دا بە واتای ماڵداری‌و پاشەکەوت هاتووە، واتە (اقتصاد).

ئاهەوورزەك، کە چەشنە کوللەیەکی قاوەیی ڕەنگە، وشەیەکی فارسی‌یەو لە هیچ زاراوەو بن زاراوەیەکی کوردی دا بەکار نابرێ‌و ئەو وشەیە هەر لە فارسی ئەوڕۆ دا باوەو هیچ پەیوەندی‌یەکی بە زبانی کۆنی ئێرانی (کوردی) یەوە نیە ونابێ لە فەرهەنگی کوردیدا تۆمار بکرێ.

ئادار، ناوی شەشەمین مانگی ساڵێ سوریانی‌یەو لەکوردی دا بەکار نابرێ‌و عەرەبەکانیش پێی دەڵێن: "شهورالرۆم"، واتە: مانگەکانی ڕۆمی‌و نازانم مامۆستای خوالێخۆشبوو بۆچ ئەو وشەیەی بەکوردی داوەتە قەڵەم؟!

ئازاڵە، دیارە لاسی‌و وشکەوەبووی گاو مانگایەو لەکوردەواری خۆمان دا دەیخەنە تەنوورو دەیسووتێنن، کەچی "مامۆستا هەژار"، بە واتای سووتەمەنی هێناویەتی‌و سووتەمەنیش هەموو شتێك‌دەگرێتەوە. وەکوو: نەوت، بەنزین، مازۆت‌و دارو دەوەن. مامۆستا زەبیحیش دەڵێ: ئاژاڵە، تەپاڵەو پشکەڵ‌و دەوە. لە "فەرهەنگی مەهاباد"یش دا نووسراوە: ئازاڵە، وقود واتە: ئەوەی کە دەیسووتێنن.

ئامۆش، بە واتای خامۆش‌و بێ دەنگە، کە چی لە "هەنبانە بۆرینە"دا بە

واتای ئارام هاتووەو دیارە هەڵەیە.

ئامیار، بە واتای هاوکارە، هەژار نووسیویەتی: هەواڵ‌و ئەمەش هەڵەیە.

ئاوار، بە واتای ماڵی کاول کراوە کە وشەیەکی فارسی نوێیەو لەکوردیدا بەکار نابرێ. کە چی نووسەری وتاری رەخنە لە سەر رەخنە لە وتارەکەی دا بۆ سەلماندنی قسەکەی، بەڵگەی لە فەرهەنگی فارسی "دوکتۆر موعین" هێناوەو هەر خۆی سەلماندوویەتی کە وشەکە کوردی نیە!؟

ئاوەز، بە واتای ژیری‌و عەقڵە. بەڵام هەژار بە مانای فام‌و هۆش هێناویەتی‌و ئەمەش هەڵەیە. بۆ وێنە "زەبیحی"، لە فەرهەنگەکەی‌دا دەڵێ: ئاوەز، ئەقڵە.

"قەنات کوردۆ و وەهبی"ش ئەم وشەیان هەر بەو واتایە هێناوە.

ئۆین، وشەیەکی تورکی‌یەو لەکوردی دا بەکار نابرێ‌و بە واتای گەمەو یاری‌یەو هەژار بە واتای فڕوفێڵ هێناویەتی‌و دەتوانن لەم بارەوە ماناکەی لە تورکەکان بپرسن!

ئۆبە، وشەیەکی تورکی‌یەو بە واتای خێوەتەو هەژار بە مانای کۆمەڵێک‌ەشماڵ هێناویەتی‌و ئەمەش هەڵەیەکی زلە.

"هەنبانە بۆرینە"، بە داخەوە گەلێ ناتەواوی‌و کەم‌و کوڕی تێدایەو ئەوانەش نرخی فەرهەنگەکەی بە تەواوی هێناوەتە خوارەوە کە یەکێ لەو ناتەواویانە، ئەوەیە، فەرهەنگەکە لە باری رێزمانەوە گەلێ ناتەواوی تێدایە، ئەوەش لە بەر ئەوە بووە چونکا "هەژار" هیچ چەشنە سەر رشتەیەکی لە رێزمان‌دا نەبووەو خۆیشی لە وتارێکی دا دەڵێ: "من رێمان نازانم". جا کەسێک‌رێزمان نەزانێ‌و بۆی روون نەبێ کە "وشەو کەرت‌و ناو

و تاكو گەلو ئاوالناو و راناو و كردارو چاوگو پێشگرو پاشگر چیه؟ چۆن دەتوانێ فەرهەنگ بنووسێو لە سەر وشەكانی بكۆڵێتەوەو هەڵیانسەنگێنێ؟

بۆ وێنە لە وشەی "ئابات" دا دەڵێ: پاشگری بە مانای ئاوەدان كەرەوەیە، وەكوو گوندی حەسەنەبات، كە چی وا نیەو "ئابات بە واتای ئاوەدانەو پاشگرنیيە، بەڵكوو نیشانە یا "سیفەت"ە.

یاكوو لە وشەی "ئات"دا دەڵێ: هێمایە بۆ كۆمەڵ وكۆ، كەچی "ئات"، ئامرازی گەلەو بە دوای ناوەوە دەنووسرێت وەكوو: "ئاغەوات، باغات، عێلات، مالات"، یاكوو "ئاسوودەیی" بە واتای ئیسراحەت هێناوە. ئیسراحەت بە واتای پشوودانەو ئاسوودەیی بە واتای ئارامیو سەرسووكیو حاڵەتی بێ گیرو گرفتیيەو لە باری رێزمانەوە بەرهەمی چاوگ یا (حاصل مصدر)ە. یاكوو لە وشەی "ئانە"دا نووسیویەتی: پاشگرەو بە واتای شیاوە! كە چی "ئانە بە دوای ناوو سیفەتەوە دەنووسرێو دەیانكا بە قەید، وەكوو "ئازایانە"، پیاوانە، وەیا لە واتای "ئاوداشتن"دا دەڵێ: ئاودێرییە، كە چی ئاوداشتن بە واتای ئاودانەو چاوگی تێكەڵاوە□

# بۆرەکەیی
# لـــــــۆ
# ئـــەوهـــــای
# کـــــــــــرد؟!

ڕێبوار = صالح هەرکی

گۆڤاری گزنگ ژمارە ١٠ بەهاری ٢٦٩٥ /کوردی(١٩٩٥)

له ژماره ۱۲/ی ئاوێنه هێرشێکی توندکرایه سەرکەسایەتی مامۆستا هەژارو بەرهەمە پڕبایەخو بەناو بانگەکەی (هەنبانه بۆرینه). هێرشکەرکه نووسراوەکەی له ژێر سەردێڕی (رەخنه له سەر هەنبانه بۆرینه) نووسیوه رێزدار سدیقی بۆرەکەیی.یە.

هەر وەکو له سەردێڕی وتارەکه دیاره بۆ رەکەیی له ژێر ناوی پیرۆزی رەخنه هێرشەکەی کردووەو بەداخەوە وتەکانی قەت به رەخنه ناچن و زیاتر وەکو هەوڵدانێك بۆ سووك کردنی کەسایەتی مام هەژارو بێ بایەخ کردنی هەنبانه بۆرینه دێته بەر چاو. من ئەم قسەیه به هۆی (تەعەسوب)و دەمارگیری نابێژم و مافی هەرکوردێکیش دەزانم رەخنه له هەنبانه بۆرینه بگرێ و رەنگه به خۆشم رەخنەم لێی هەبێ بەڵام بەو حاڵەش دەڵێم وتاری بۆرەکەیی رەخنه نییەو به نیاز پاکی نەنووسراوەو بۆ ئەم وتەیەش بەڵگەم هەیه که به شێوەی خوارەوە دەیخەمە روو.

چاکیش دەزانم رێزدار بۆرەکەیی به وتەکانی من هەڵەی خۆی راست ناکاتەوە چونکه له راستیدا کارەکەی کردەوەیەك نییه له رووی نەزانی کرابێ بەڵکو وەکو پیلانێك ارێژ راوەو بۆرەکەیی هەموو تواناى خۆی بۆ بەرێوه بردنی خستووەته کار. من تەنیا ئەم وتاره دەنووسم که له لایەك لاوانی گەلەکەمان ئاگاداری راستی‌یەکان بن و له لایەکی دیکەش هەموو بزانن که دنیا هیندەش بێخودان نییه که هەرکەس به دڵی خۆی و به (پێخاس بدەته ناڤ قوندکا)*

رێزداربۆرەکەیی له وتارەکەی پاش ئەوەی نەختێك لەمیژووی فەرهەنگ نووسی لەناوکورددا دوواوه ئەوجا دەڵێ: (زمانی کوردی ئێستا داگری پێنج زاراوەیه که بریتین له کرمانجی باکووری کرمانجی باشووری و



* مەتەلێکی کوردی‌یە.

گۆرانی‌و لوری‌و لەکی کە هەرکام لەم زاراوانە چەندیکیان لێ‌جیا ئەبێتەوەو لە راستیدا کەسێك کە بیەوێ فەرهەنگی کوردی بنووسێ ئەبێ ئەم پێنج زاراوە بە تەواوی بزانێ تا بتوانێ هەمووی وشەکانی ئەم زاراوانە کۆ کاتەوەو لە فەرهەنگەکە یا بینووسێ‌و جگە لەوەش ئەبێ ئاشنایەتی یێکی رەبەقی بە سەر زمانەکانی ئاویستایی‌و پەهلەوی‌و فارسی‌و تورکی‌و عەرەبیش داهەبێ تا وشە ڕەسەنەکانی کوردی بە تەواوی بناسێ‌و تووشی هەڵە نەبێ).

مەبەستی بۆرەکەیی لەم قسانە ئەوەیە کە ئەم تایبەتمەندییانەی سەرەوە دەبێ هەمووی لە لای کابرایێکی کورد هەبێ‌و جگە لە وانەش (لە بواری مۆرفۆلۆژی‌و فۆنۆلۆژی‌و...) چەند (لۆژی)ترکە پاشان باسی دەکا شارەزا بێ ئەوجا ئەوکابرایە دەتوانێ فەرهەنگ بنووسێ‌و چونکە هەژار ئەوانەی نەبووە کە وایە هەرمافی فەرهەنگ نووسی نەبووەو ئەگەر ئەم کارەشی کردووە ئەوجا دیارە بە بڕوای جەنابی بۆرەکەیی کاریکی خراپی کردووەو شایانی تیرو توانجەو قسەی ناشرینەکە لە لای ئەوەوە ئاراستەی بکرێ!.

بۆ روونتر بوونەوەی مەسەلە بە ئاگاداری خوێنەرانی هێژا دەگەیێنم کە خودی رێزدار بۆرەکەیی (بە قسەی خۆی) ئەوەچەندین ساڵە خەریکی فەرهەنگ نووسینەو لە لاپەڕەکانی کۆتایی گشت پەڕاوە نووسراو یاوەرگێڕاوەکانی بە خوێنەری ڕاگەیاندووە کە چاوەڕوانی فەرهەنگی (ماد) بەو تائێستاش هەر تەواو نەبووە! کە هیوا دارم تەواوی کاو ئەم خەڵکە لە چاوەڕوانی رزگاری بێ بەڵام گەلۆ بۆرەکەیی بە خۆی ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوەی هەیە کە هەقی بە خۆ داوە فەرهەنگ

بنووسێ؟! پسپۆڕانی زمانی کوردی ئەم زوبانە بە سەر شەش زاراوە دابەش دەکەن کە جگە لەو پێنجانەی بۆرەکەیی باسی کردووە زاراوەی زازایی زاراوەیێکی کوردییەو بۆرەکەیی باسی نەکردووە. باشە ئەگەر پێویستە فەرهەنگ نووس گشت ئەم زاراوەو لکەکانی تری بزانێ‌و ئاشنایی ڕەبەقی بە سەرزمانەکانی ئاوێستایی‌و پەهلەوی‌و فارسی‌و تورکی‌و عەرەبی هەبێ، ئەتوو بێی بۆرەکەیی خۆی هێندە بزانێ‌و سەرەدەری لەم هێندە (لۆژی)یەش بکاکە خۆی نووسیویە؟! خۆ ئەگەر بزانێ جێگەی شانازییە بەڵام من ئارخەیانم بۆرەکەیی زاراوەی منی هەرکیش ئەگەر قسەبکەم بە چاکی تێ ناگات تاچ بگەتە ئاوێستایی‌و پەهلەوی‌و... هتد. ئەی کەوایە بۆ فەرهەنگ دەنووسێ؟!

ئایا ئەحمەدی خانی هەموو ئەم زمانانەو (لۆژی)یانەی زانیوە کە (نەوبەهار)ی نووسیوەو بۆرەکەیی بە خۆی پەسنی دەداو دەڵێ (جێی ڕێزو سپاسن)؟!

کە وایە ئەم قسانەی بۆرەکەیی تەنێ بۆ ئەوە لە وتارەکە نووسراون تا هزری خوێنەر ئامادە بکەن کە هەژار هەقی نەبوو فەرهەنگ بنووسێ‌و تەنانەت بە خۆی شی ئیمانی بە قسەکانی نییە چونکە ئەگەر ئیمانی هەبا هەوڵی نووسینی فەرهەنگی نەدەدا. یا بە بەژن‌و باڵای فەرهەنگێکی ترکە لە ئاست هەنبانە بۆرینە هەرنایەتە بەر چاو هەڵی نەدەگوت‌و هێرشی نەدەکردە سەرمام هەژار.

ئەگەر بۆرەکەیی دەڵێ ئەوەی ئەو مەرجانەی سەرەوەی تیا نەبێ نابێ فەرهەنگ بنووسێ ئەی بۆ تا ئێستا ڕەخنەی لە خاڵ‌و ئەحمەدی خانی‌و زەبیحی‌و فازیل نیزامەددین‌و دەیان فەرهەنگ نووسێ‌تر نەگرتووە؟ بۆ

تەنیا رق‌و قینی خۆی بە سەر هەژار دارشتووە؟! ئەوە پرسیارێکەو پێم خۆشە تاکۆتایی ئەم وتارە لە یادی خوێنەران بمێنێ.

بۆرەکەیی لە بەشێکی تری وتارەکەی بۆ ئەوەی بە خوێنەر بلێ نیبازی لەو قسانە پاکە برێك بە بەژن‌و باڵای هەژار هەڵدەڵێ بەڵام هەوڵ دەدا پەسنەکەی وا نەبێ نووسەری هەنبانە بۆرینە بە خەڵك بناسرێ بۆیەش تەنیا بەو هێندە دەیبڕێتەوە:

(شك‌و گومانێك لە وەدا نیە کە مامۆستا هەژار یەکێ لە هونەرانی کلاسیکی هەرە بەرزی کوردەو لەم بارەوە گەلی راژەو خزمەتی کردووەتە فەرهەنگ‌و وێژەی کوردی، بە تایبەت لە وەرگیرانی شەرەفنامە کەی میرشەرەفخانی بتلیسی‌دا خزمەتێکی ئێجگاری کردووەتە مێژووی گەلەکەمان)...

بەڵام دووای ئەوە دەڵێ: (...لە راستەقینەدا فەرهەنگەکەی لە سەر هەڵە دامەزراوە، کە واتە زیانی فەرهەنگەکە لە سوودی زۆرترە...).

دەسخۆش بۆ رێزدار بۆرەکەیی. بە راستی زۆر زیرەکانە بۆ کارەکە چووە. سەرەتا برێك پەسنی هەژار دەدات‌و ئەوجا دەڵێ فەرهەنگەی لە سەر هەڵە دامەزراوەو زیانی لە سوودی زۆرترە. واتە ئەگەر فەرهەنگەکە نەبا ئەوە زۆرباشتر بوو. بە مانایەکی تر بۆرەکەیی دەڵێ هەژار زیانی گەورەی بە فەرهەنگ‌و وێژەی کوردی گەیاندووەو ئەو (واتە بۆرەکەیی) ئێستا هەستاوەو دەیەوێ کورد لەم مەترسییە قوتار بکات!!

ئێستا لە گشت پارچەکانی کوردستان ئەوەی برێك سەروکاری لەگەڵ ئەدەب‌و فەرهەنگی کوردی هەبێ مام هەژار دەناسێ‌و دەزانێ ئەو جگە لە شەرەفنامەگەلێ کاری پڕبایەخی تریشی کردووە. لەوانەش راڤەی

دیوانی مەلای جزیری‌و ئەحمەدی خانی‌و هۆنینەوەی دیوانی بۆ کوردستان‌و وەرگێڕانی قانوونی ئەبوو عەلی سینا لە عەرەبی بۆ فارسی‌و دەیان کاریتر.

بەڵام بۆرەکەیی ئەوانە باس ناکا چونکە دەترسێ خوێنەر بزانێ کە هەژار هەم عەرەبی چاك‌دەزانێ‌و هەم لە زاراوەکانی کوردی شارەزایە.

ئەرێ بۆ ئەم فەرهەنگە لە سەر هەڵە دامەزراوە؟ ئەگەر لە بەر ئەوەیە کە هەموو وشەی کوردی تێدانییە ئەوە نابێتە هەڵەو بۆرەکەیی دەیتوانی بڵێ ناتەواوەو خودی مام هەژاریش هەر ئەم قسەیەی کردووەو کەسیش ناڵێ هەنبانە بۆرینە داگری هەموو وشەیەکی کوردییە. ئەی بۆ زیانی لە سوودی زیاترە؟!

بۆرەکەیی بۆ بەرسڤی ئەم پرسیارە هەندێ وڵامی هێناوەو منیش هەوڵ دەدەم شەن‌وکەویان کەم‌و بزانین یەزدی کوتەنی (ئۆو کەجێ یانۆوکەجێ)*

١ـ بۆرەکەیی دەڵێ: (ئەوەی ئاشکرایە کە ئەلف‌و بێی کوردی هەر ئەو ئەلف‌و بێ‌یەیە کە لە ئەلف‌و بێی عەرەبی وەرگیراوەو دەسکاری کراوەو بە هۆی زانایانی کوردەوە بەرە بەرە هێنراوەتە دی‌و لەگەڵ ئەوەش داگەڵێ کەم‌و کوڕی تیدایە کە دیارە ئەم کەم‌و کوڕی‌یە بەم ئەلف‌و بێ‌یە چارە سەرناکرێ‌و ناتوانرێ تەواوی دەنگەکانی کوردی پێ بنووسرێ کەچی مامۆستا هەژار بەبێ لێکولینەوەوبە شێوەیێکی ناشی‌یانە دەسکاری ئەو ئاوبێ‌یەی کردووەو دەنگی (وو)ی هەر بە تاقەواوێك‌وسیوەو لە سەردەنگی (ی e)یش چوکڵەی دانە ناوەو هەندێ جار لە سەر (و)ش واوێکی تری داناوەو بە جارێ سەری لە خوێنەر



* مەتەڵێکی فارسی‌یە خەڵکی پارێزگای یەزد بەکاری دێنن.

شێواندووە....).

لەم چەند دێڕەی سەرەوەی وتاری بۆرەکەیی چەند وشە سەرنجی منی بۆ خۆی راکێشاوە. ئەویش وشەگەلی (بە بێ لێکۆڵینەوە، ناشی یانە، شێواندووە) کە هەرچەندە زۆر سەرە دەری لە (لۆژی)یەکانی باسکراو لە لایەن بەڕێز بۆرەکەیی ناکەم بەڵام پێم خۆشە لێی بکۆڵمەوە:

ئەگەر مەبەستی بۆرەکەیی ئەوەبێ کە بەم پیتانەی هەنبانە بۆرینەی پێ نووسراوە زمانی کوردی بە تەواوی نانووسرێ ئەوە راستە بەڵام بۆ ئەو ئەم رەخنەیە لە مام هەژار دەگرێ؟ چما فەرهەنگەکانی تر چۆن نووسراون؟ چما بۆرەکەیی بە خۆی فەرهەنگەکەی بە چ پیتێك نووسیوە؟ چما ئێستا لە ئێران و عێراق کوردی زیاتر بە چ پیتێك دەنووسرێ؟ کە وایە ئەگەر مەبەست ئەوە بێ، ئەوە قبووڵ ناکرێ و نابە جێیە.

ئەگەر مەبەست ئەوەیە کە مام هەژار لەم پیتانەی نەکۆڵیوەتەوە و هەروا (عەلەتەتەڕاش) شتێکی نووسیوە ئەوە ئەگەر سەیری پێشەکی هەنبانە بۆرینە بکەین دەبینین لە ژێر سەردێڕی (شیوەی نووسین) چۆنیەتی نووسین و ڕێسای داڕشتنی هەنبانە بۆرینە بە چاکی باسکراوە و هیچ خاڵێکی تاریك نەماوە کە باسی لێوە نەکرابێ.

لە فەرهەنگی (عمید) وشەی (ناشی) ئاوامانا کراوە:

ناشی = تازە کار - بی‌تجربە - کسی کە هنوز در کار خود استادی ومهارت پیدا نکردە.

لە فەرهەنگی خاڵ نووسراوە: (ناشی) = مەردومی کۆڵیی نەشارەزا لە کارو بە ڕێکا.

کەوایە وشەی (ناشی یانە) یانی نەشارەزایانە و بۆرەکەیی وتوویەتی

ماموّستا هەژار نەشارەزایانە دەسکاریی ئەلفو بێکەی کوردی کردووە.

لە وڵامی ئەم سووکایەتی کردنەی بۆرەکەیی دەبێ بڵێم هەرچەندە ماموّستا هەژار بە خۆی دەیکوت شارەزای رێزمان نییە بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە خوا لێخۆش بوو لەم رووەوە هەر نەشارەزا بووە. ئەویش بە چەند هۆ:

یەکەم: ماموّستا سەرفەو نەحوی عەرەبی لە سەردەمی فەقێیەتی خوێندووەو چاکیش شارەزا بووەو فارسیشی چاک زانیوەو شارەزای دەستووری زمانی فارسیش بووە.

دووهەم: تا ئێستا هیچ قوتابخانەیەك بۆ فێر کردنی رێزمانی کوردی دانەنراوە کە بوترێ هەژار لێی نەخوێندووەو بۆرەکەیی و منیش لە هیچ قوتابخانەکی کوردی رێزمانی کوردیمان نە خوێندووە.

سێهەم: هەر لە پێشەکی هەنبانە بۆرینە ماموّستا هەژار باسێکی چاکی لە سەر زمانی کوردیو رێزمانەکەی نووسیوەو پێشانی داوە کە زۆریش نەشارەزا نەبووەو تەنانەت لەم بارەیەوە خاوەن رای تایبەتی خۆی بووە.

چوارەم: تا ئێستاش هیچ رێسایەکی یەکگرتوو بۆ ئیملای کوردی دانەنراوەو هەرکەس بەرای خۆی دەنووسێو زۆر لە نووسراوەکانی بۆرەکەیی لە رووی ئیملاییی لە لای منو بە بڕوای من هەڵەی زەقن بەڵام من قەت رەخنەی لێ ناگرم چونکە رێسای یەکگرتوو نییەو مام هەژاریش رای تایبەتی خۆی هەبووەو کەسیش ناتوانێ رەخنەی لێ بگرێ.

ئەوە تا دوێنێ (کوور) دەنووسرا (کور) یا (نووسین) دەنووسرا (نوسین) ئێستاش هەندێك دەنووسن (نوسین) کەسیش کافر نابێ.

مام هەژار لە جیاتی (ـ) رای وابووە کە (و) دابندرێ باشترە. واتە لە

جیاتی (رو) ئەگەر بنووسرێ (رۆ) باشترە، یەکێکی تر دەڵێ ئەگەر بنووسرێ (روو) چاکترە. تائەوکاتەی ڕێسایەکی یەکگرتوو نەبێ ئەم گرفتانە هەر دەبێ و ئەوە خەتای هەژار نییە. جگە لەوەش مام هەژار لە پێشەکی باسی ئەوشتەی کردووەو بۆئەوەی خوێنەران بزانن ئەم رەخنەیە چەند بێجێیە بەشێکی دەنووسمەوە. مام هەژار دەڵێ: (ۆ ـ من لێرەدا ـ وەکو فەرهەنگەکانی تر ـ بۆ واوی قوچاو دو واوم نەنوسیوە. بۆیێ داکشاویش هەوەتر. چونکە لام وابوە زۆر زیادین. بۆ نمونە وشەی (وتار) ئەگەر هەر بە یەكواو نوسراکێ نایخوێنێتەوە وتار؟ دەیسا بۆچ (ووتار) بنوسین؟ یا خۆ ئەگەر نوسیمان (پیر) کێ دەلێ ئەمە جحیلە. هیچ نایەوێ (پییر) بنوسین. تاك تاکە ـ ئەویش بە دەگمەن ـ تۆشی هێندێ وشە دەبین کە خویندەواری ساویلکە رەنگە بۆی نەچنەوە سەریەكوەكدو وشەی: کۆرو کۆر کەیەکەمیان رۆڵەی نێرەو دوهەمیان پشت دەرپەڕیوە. من فرزەندە نیرینەکەم (کۆر) نوسیوە. بۆ پشت قۆزیش بۆرم لە سەر بۆر داناوەو نوسیومە (کۆڕ)...)

کەوایە هەژار نەبە (بێ لێکولینەوە)و نە (ناشی یانە) بۆ کارەکە نەچووەو سەرشێوانیش کە مانای لە بەربزربوون یا سەرسام بوون یا گێژ بوون دەداتەوە بە هۆی هەنبانە بۆرینە تووشی هیچ کەس نابێ و پێم وایە ئەم بەشەی وتارەکەش بە نییاز پاکی نەنووسراوە. چونکە هەرکەس بیەوی لە فەرهەنگێك سوود وەرگرێ سەرەتا دەبێ پێشەکی و ڕێنمایەکەی بخوێنێتەوە ئەوجا کەڵکی لێ وەربگرێ.

٢ـ بۆرەکەیی دەڵێ: (مامۆستا هەژار لە سەرەتای فەرهەنگەکەیا نووسیویەتی کە لە سێنزە سەرچاوەی جۆربەجۆر کەڵکی وەرگرتووە

کەچی واش نیەو بەڵکوو زوربەی وشەکانی هەر لە فەرهەنگی خاڵ وەرگرتووەو نەیشیتوانیوە واتاکانی دروستی وەرگێڕێتە سەر زمانی فارسیو تووشی هەڵەیێکی زۆر بووەو لەگەڵ ئەوەش داگەلێ وشەی لە فەرهەنگۆکی پەراوەی پیاوە بە ناو بانگەکانی یاری وەکوو (ئادی، ئانە، ئەندو، ئەندیش، ئەوگار، ئیرمان) وەرگرتووە کەچی ناوی سەر چاوەکەی نەنووسیوە چونکە ئەو وشانە لە هیچ فەرهەنگێکدا نەهاتووەو هەر لە ناو هونراوی هۆنەرانی یاریدا پارێزراوە...)

ئەم خاڵەی وتاری رێزدار بۆرەکەیی دەبێ لێك جیابکرێتەوە:

یەکەم: بۆرەکەیی هەژار بە درۆزنی تاوانبار دەکاتو دەڵێ زۆربەی وشەکانی هەنبانە بۆرینەی لە فەرهەنگی خاڵ دەرهێناوە. بە بڕوای من ئەوە تاوانێکی گەورەیەو نابێ نووسەرانی کورد هەروا بە هێسانی چاوی لێ بپۆشن. باشە بۆ هەژار درۆزنە؟! چما هەرکەس فەرهەنگێکی نووسی گشت وشەکان دەبنە هی خۆیو کەسیتر ناتوانێ لە فەرهەنگێکی تر بیان هێنێو باسیان بکات؟! باشە بۆرەکەیی کە فەرهەنگی (ماد) دەنووسێ بۆ دۆزینەوەی وشەکان کۆڵان بە کۆڵانو ماڵ بە ماڵ لە هەموو کوردستان دەگەرێ؟! یا ئەویش لە فەرهەنگەکانی ترکەڵك وەردەگرێو خۆی هەندێکی دەخاتە سەر؟ من بە پێویستی نازانم زیاتر لەم خاڵە بدوێم چونکە شتەکە روونو ئاشکرایە.

دووهەم: بۆرەکەیی دەڵێ هەژار نەیتوانیوە وشە کوردییەکان بە دروستی وەرگێڕێتە سەر فارسیو تووشی هەڵەیێکی زۆر بووە.

من ناڵێم هەنبانە بۆرینە بێ هەڵەیە بەڵام ئەو هەڵە زۆرە چەندە؟ زۆربەی هەڵەیە یا بەشێکی زۆر کەمی؟ ئاساییە لە فەرهەنگێکی دوو

زمانەی وەکو هەنبانە بۆرینە چەند هەڵەیەك هەبێ بەڵام ئایا ئەو هـەڵەیانە بەو ئەندازەیەن کە کەسێك بڵێ زیانی لە سوودی زیاترە؟ هەر چـەندە بـە بڕوای من ئەم هەڵەیانە هێندەش زۆر نین و هەر پێویست ناکا باسی لێـوە بکرێ چونکە پیتی (ئ) بەشێکی زۆر کمی لە فەرهەنگەکە بە خۆوە تەرخان کردووە.

سێهەم: بۆرەکەیی شەش وشە دەخاتە روو دەڵـێ هـەژار ئـەمانەی لە فەرهەنگۆکەی پەڕاوە پیاوە بە ناوبانگەکانی یاری کە نـووسینی خـۆی (واتە بۆرەکەیی) بووە دەرهێناوەو سەرچاوەکەی نەنووسیوە.

سەرەتا دەبێ بە خوێنەرانی هێژا رابگەیێنم کە من بە خۆم لە دوو ئەم وشەیانە گەڕامو ئاکامەکەی بە شێوەی خوارەوە بوو:

ئادی: لە فەرهەنگی خاڵ هاتووەو نووسراوە کە هەورامی یەو ماناکەی (ئەوان)ە هەر وەها ئادی بە کرمانجی سەروو واتە ئەوی دیکە(بۆ مێ)و ئەمە وشەیێکی وا نییە کە جگە لە بۆرەکەیی کەسیتر نەزانێ.

ئانە: هەم لە فەرهەنگی خاڵ و هەم لە فەرهەنگی زەبیحی هاتووە.

ئەندو: مامۆستا هەژار لە هەنبانە بۆرینە بۆ شایەتی بـە کـارهاتنی ئـەم وشەیە ئەم شێعرەی هێناوە کەهی خانای قوبادییە:

ئەوەند زاری کەرد نە ئەندوی دەروون

خورۆش کەرد نە سەنگ قولەی بیستوون

کەوایە دیارە تەنیا بۆرەکەیی ئەم وشەیەی نەزانیوە بەڵکو هـەندێکی تریش بەکاریان هێناوە. جگە لەوەش (ئەندو) وشەیەکی پەهلەوی یەو لە فەرهەنگی (عمید) بە handoh,ando هاتووە.

ئەندێش: ئەم وشەیە لە فەرهەنگەکانی خاڵ و ئەستێرەگەشەو قامووسی

زبانی کوردی زەبیحی هاتووە.

ئەوگار: لە فەرهەنگی خاڵ بە وشەیەکی ئەردەڵانی تۆمار کراوە.

ئیرمان: من تەنیا ئەم وشەیەم لەو فەرهەنگانەی لە بەر دەستم دابوو نەدۆزیەوە کە ئەویش لە بەر ئەوەی مامۆستا هەژار زۆر سەرچاوەی تری ناوبردووە کە من نیمە رەنگە لە یەکێك لەم سەرچاوانەی تر دابێ یا مامۆستا لە خەڵکی بیستبێ و لەلای خۆی تۆماری کردبێ. ئەوە تائیرە بۆمان ئاشکرا بوو کە ئەم وشانەی سەرەوە جگە لە سەر چاوەکەی باسکراو لە لایەن بۆرەکەیی لە چەند شوێنی تریش هاتووە. کە وایە بەداخەوە ئەم وتەیەی سدیق بۆرەکەیی بە درۆدەردەکەوێ و روون دەبێتەوە کە بەرێزیان بە ناهەق مامۆستا هەژاریان بە دزینی بەرهەمی خۆی تاوانبار کردووەو ئەوەش تاوانێکی گەورەیەو بوختانێکە قەت لە نووسەرێك ناوەشێتەوە.

جگە لەوەش بۆرەکەیی دەڵێ ئەم وشەیانە تەنیا لە ناو هونراوەی هۆنەرانی یاریدا پارێزراوە. جێگەی خۆیەتی بپرسین باشە ئەم هۆنەرانەو جەنابت ئەم وشەیانەیان لە کوێ هێناوە؟! چما گشتیان لە زمانی کوردی نین؟ ئەی لە کوێ دەزانی لە ناو کورد کەسێکی تر ئەم وشەیانەی بە کار نەهێنابێ و ئێستاش بە کاریان نەهێنێ؟!

چوارەم: کە ئەم خاڵەی وتاری بۆرەکەییم خوێندەوە هەموو شتم بۆ ئاشکرا بوو. چونکە لە وتەکانی دیارە لە بەر ئەوە تۆراوە کە مامۆستا هەژار ناوی بەرهەمەکانی ئەوی لە پێرستی سەرچاوەکان نەنووسیوە. تەنانەت لەم پێرستە ناوی فەرهەنگی (م. اورنگ)یش نەهاتووە کە بۆرەکەیی بەشی خۆی تێ بخاو بڵێ بۆ نووسینی بابەتێکی بێ وێنەی وەکو هەنبانە بۆرینە لە زانیاریەکانی منیش کەڵك وەرگیراوە. بەڵێ ئا لە بەر ئەوەیە بۆرەکەیی وا

هەژاری داوەتە بەر پەلامارو هێرشی کردووەتە سەری. بەڵام ئایا ئەوە شیاوی کەسێکە کە خۆی بە نووسەرو رووناکبیرێکی کورد دەزانێ؟!

ئەگەر هەژار لە بەرهەمەکانی بۆرەکەیی وەکو سەرچاوەیێك کەڵکی وەرنەگرتووە لە بەر ئەوەیە کە ئەم سەرچاوانە شتێکی نۆییان تێیا بە دی ناکرێو شتێکیوا بە نووسەرێکی وەکو هەژار ناداکە سوود بەخش بێ. کە سوودیشی لێ وەرنەگرێ نابێ ناویان بنووسێو کەسیش نابێ بەو هۆیە تووڕەبێو کاری وا بکا پۆشمانی بە دووا دا هەبێ.

٣ـ لەم خاڵە بۆرەکەیی بە نووسینی چەند وشە باسی کردووە کە هەژار ئەم وشە فارسیو عەرەبیو تورکیو فەرەنسەویو ئنگلیزییانەی بە بێ نیشانە لە فەرهەنگ هێناوەو (ویستوویەتی ئەمانە بسەپێنێتە سەر کوردا).

مامۆستا هەژار لە پێشەکی هەنبانە بۆرینە باسێکی لە ژێر سەردێڕی (دۆستی نەزان بەڵای خوایە) کردووە کە بەر لە چاپ کردنی فەرهەنگ وڵامی کەسانی وەکو بۆرەکەیی داوەتەوەو داوا لە خوێنەران دەکەم چاوێکی پێدا بخشێنن.

جگە لەوەش سەپاندنی وشە بەم شێوەیە کە پەیڤێك لە ناو خەڵك باو نەبێو کەس کەڵکی لێ وەرنەگرێ ئەو جا نووسەرێك لە وتار یا فەرهەنگ بەکاری بێنێو خەڵك ناچار بکا بیڵێ بکەنو بینووسن. هەروا کە بۆرەکەیی وشەگەلی (مۆرفۆلۆژیو فۆنۆلۆژیو لیکسیکۆلۆژیو ئۆرتۆگرافیو میتۆلۆژیا)ی بە سەر خوێنەراندا سەپاندووە. کە مامۆستا هەژار ئەو کارەی نەکردووەو تەنیا ئەم وشانەی هێناوە کە لە ناو خەڵکدا باونو کۆمەڵێکی زۆری ئەم گەلە بەکاری دێنن.

شایانی باسە زۆربەی زۆری ئەم وشەیانەی بۆرەکەیی لەم خاڵە باسی

کردووە لەگشت لەرهەنگەکانی تریش تۆمارکراون و بۆرەکەیی خۆشی لە فەرهەنگی مادەکەی بەکاری هێناون. کە وایە ئەم بەشەی وتاری بۆرەکەیش تەنیا بۆ ئەوە هاتووە کە بە ناهەقی لە نرخی فەرهەنگەکەم بکاتەوە.

٤ـ بۆرەکەیی دەڵێ: (واتای ئەگەلێ وشەی بە هەڵە نووسیوە بۆوێنە. ئابدەستخانە کە وشەیێکی فارسییەو لە فەرهەنگەکانی فارسی داهاتووە بە کوردی داویەتە قەڵەم کەچی لە کوردیدا ئاودەستی پێ ئەڵێن و ماناکەشی بە فارسی (دستشویی) نووسیوە کە ئەو شوێنەیە دەست و پلی تیا ئەشۆرن وەیا لەواتای ئابروو بردن دا نووسیویە رووسیاکردن واتە رووڕەش کردن وەیا ئافافتن کە چاوگی سادەیەو بە واتای دووان و قسەکردنە، بە مانای وت و ویژ هێناویە وەیا ئابرووتکان کە چاوگی تیکەڵاوە بە واتای ریسوایی هێناویە گەرچی ریسوایی ئەو مانایە نیە کەچی لە باری رێزمانیش بەرهەمی چاوگەواتە (حاصلی مصدرە) وە یا چەسپی بە واتای چەسپاندن هێناوە کە لەم چەشنە هەلانە لە فەرهەنگەکەیا زۆرە).

با پێکەوە لەم وتانەی بۆرەکەیی بکۆڵینەوە:

* وشەی ئابدەستخانە ئێستاش لە ناو کورد بەکار دەبردرێ و لە هەر دوو فەرهەنگی زەبیحی و خاڵ تۆمارکراوەو ماناکەشی ئابخانەیە. ماموستا هەژار لە هەنبانە بۆرینە تەنیا ولە کانی زمانی خەڵکی تۆمارکردووەو لەینووسیوە سەر چاوەی لە کوێ هاتووە. تەنانەت زاراوەکانیشی دیار نەکردووە واتە نەینووسیوە ئەم وشەیە هی فلان زاراوەی کوردییە ئەوەش بە بڕوای من هەنگاوێکە بۆ یەکگرتنی زمانی کوردی و زۆریش پیرۆزە. ئێستاش لە ناو فارسی زمانان وشەی (دستشویی) زیاتر بۆ ئاودەستخانە بە کاردێ. واتە خەڵکە کە بەکاری دێنن.

* هەژار دەڵێ: ئابڕوو بردن: روسیا کردن، ناوزڕانـدن فـارسی‌یەکـەشی نووسیوە (رسوا کردن).
(عمید) دەڵێ: (رسوا کردن: کسی کە کار زشتش فاش شود ونـزد مـردم شرمندە وبی آبرو شـود). ئـایا ئـەو کـەسەی کـارە نـاشرینەکـەی لە نـاو خەڵك ئاشکرا بێ و شەرمەزارو بێ ئاوڕوو بێ هەرناڵێن رووسیا بووە؟!
* مامۆستا هەژار وشـەی (ئـاخافتن)ی بـە (پـەیڤین، گـوتن، ئـیشتغالی و وتووێژ) ماناکردووە. نازانین بۆچی لەم هێندە مانایە بۆرەکەیی تەنیا باسی (وتووێژ)ی کردووە ئایا بە نییاز پاکی بووە؟! جگـە لەوەش زەبـیحی لە فەرهەنگەکەی دەڵێ: ئاخافتن یانی گفتگو، وتووێژ. ئەی بۆ بۆرەکەیی بەر لە هەژار رەخنەی لە زەبیحی نەگرتووە!؟
* ئابرووتکان لە هەنبانە بۆرینە بە رووسیا بوون و ناوزڕان ماناکراوەو لە قامووسی زبانی کوردی زەبیحی وا هاتووە کە: ئابرووتکاو واتە کەسێکی ناموسی چووبێ. ئەوجا لە ناو کورد بە کەسێك کە ناموسی چووبێ ناڵێن لە ناو خەڵك رووسیا بووە؟! وە ئایا بەو چەشنە ئابڕووتکان نابێتە رووسیا بوون؟!
* لە فەرهەنگی خاڵ نووسراوە: چەسپ = (شتێك کە بـە شـوێنێك توندو پڕبەپڕی بێ) یاکورد دەڵێ ئەم شتەم پێوە چەسپ کرد (بێ ئەوەی چەسپی بەکار هێنابێ) ئایا ئەوە بە مانای پێوەلکاندن نییە؟
٥ـ لەم خاڵە بۆرەکەیی دیسان هـەر وشـەکـانی پـێشووی دووپـات کردۆتەوە تا بە خوێنەر بسەلمێنێ هەنبانە بۆرینە زۆر هەڵەی تێدایەو تەنیا من باسی ئەم وشانە دەکەم کە دووپات نەکراون.
* بۆرەکەیی سەبارەت بە وشەی ئات دەڵێ هەڵەیەکە هەژار نووسیویەتی

ئات پەسوەندە.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە ڕێزماندا پەسوەند بەم پیت یا پیتانە دەڵێن کە بە دووای هەندێ وشەدا دێن و کاردەکەنە سەر ماناکەیان. بۆ وێنە (ین) کە دووای لکان بە (زێڕ) وشەی (زێڕین) پێکدێنن. جگە لەوە مامۆستا هەژار بە کوردی دەڵێ (هێمایە بۆ کۆمەڵ وکۆ) واتە (علامت جمع) کە وایە شتەکە روون و ئاشکرایە.

* بۆرەکەیی دەڵێ هەژار وشەی (ئاژنی) کە بە واتای مەلەیە بە واتای مەلەوانی هێناوەو بە هەڵەی داناوە.

مام هەژار دەڵێ: ئاژنی: مەلە، مەلەوانی، سوبایی (ف) شنا.

دەبینین کە مامۆستا هەژاریش سەرەتا (ئاژنی) بە (مەلە) ماناکردووەو بە فارسیش نووسیویە (شنا) کە وایە ڕەخنەکەی بۆرەکەیی لە جێی خۆی نییە. بەڵام ئەگەر دەڵێن بۆ پاشان نووسراوە مەلەوانی عەرزتان دەکەم کە لە فەرهەنگی خاڵ (ئاژنی) بە مەلەکردن ماناکراوە کە وایە (مەلەوانی)ش هەر دروستە. چونکە ئێمە لە کوردی دەڵێین: من دەچمە مەلە. دیارە مەبەست ئەوەیە کە: من دەچمە مەلەوانی.

* بۆرەکەیی دەڵێ لە هەنبانە بۆرینە (ئاژوتن کە چاوگی سادەیە بە واتای لێخورینەکەچی بە واتای لێخور هیناویە.)

من بە خۆم هندێ لە هەنبانە بۆرینەگەڕام ئەم وشەیەم بەو چەشنە نەدیتەوەو مامۆستا هەژار (ئاژۆتن)ی هەر بە (لێخوڕین) هێناوەو ئەم قسەیەی بەڕێز بۆرەکەیی ڕاست نییە. جا بۆوای کردووە من نازانم؟!

* پێم وابێ تائێرە خوێنەران لە چونیەتی هێرشەکەی بۆرەکەیی و ڕاستی یەکان ئاگادار بین و من بۆ ئەوەی وتارەکە زۆر درێژە نەکێشێ تەنیا

باسی چەند وشەیەکی تر دەکەم‌و ئەوانی تریش بالە ئەستۆی خوێنەران بن تا لێی بکۆڵنەوە.

٦ـ بۆرەکەیی دەڵێ: (هەروەها لە فەرهەنگەکە یاگەلێ هەڵەی زل‌زل ئەکەوێتە بەر چاو کە مرۆ ناتوانێ چاوی لێ بپۆشێ وەکو: ئابوورکە بە واتای پاشەکەوتە نووسیویە ئابروو، وەیا ئابدوزەك کە وشەیێکی فارسی‌یەو بە واتای چەشنەکوللەیێکی قاوەیی رەنگە بە واتای فیچقە هێناویە...)

هەروەها پاشان باسی وشەگەلی (ئاخلیف‌و ئادارو ئازالە)و چەند وشەی تر دێنێتە گۆڕێ.

پێم خۆشە خوێنەران بزانن کە زاراوەی منی نووسەری ئەم وتارە کرمانجی سەروو واتە (بادینی)یەو ئارخەیانم بۆرەکەیی وەکو من لەو زاراوەیە تێ‌ناگاو لێی نازانێ.

وشەی ئابوور لە زاراوەی بادینی بە دوومانا بەکار دێت. یەکێك بە مانای ئابڕوو، واتەکە دەڵێن فلانکەس ئابڕووی نییە یابێ ئابڕووە دەڵێن فلانکەسی تۆ ئابوور تونئە یا فلانکەس بێ ئابوورەو ئەویتریش بە مانای پاشەکەوتە. دیارە مامۆستا هەژار لە بەر ئەوە کە زۆر تێکەڵی خەڵکی بادینان بووە هەر دوو واتای زانیوەو لە فەرهەنگ تۆماری کردووە. جگە لەوەش لە فەرهەنگی قامووسی زبانی کوردی مامۆستا زەبیحی نووسراوە:

ئابوور = حەیا، داوێن‌پاکی، شانازی، شەڕەف، نامووس.

من نازانم بۆ بۆرەکەیی پێی وایە هەر وشەیەك ئەو نەی بیستبێ کوردی نییە؟ وا دەرکەوت کە ئەو هەڵەی زلی کردووە نەك هەژاری رەحمەتی.

سەبارەت بە وشەی ئابدۆزەك لە قامووسی زەبیحی وانووسراوە:

ئابدوزەك= ئامرازیکە لە شووشەو لاستیك و پلاستیك دروست ئەکرێ دەرمانی تراوی پێ دەکەنە ناو لەشی ئینسانەوە، شرینقە.

مامۆستا هەژاریش هەروای ماناکردووە. جگە لە وانەش لە فەرهەنگی ئەستێرەگەشە نووسراوە: (فیچقە = محقنة)و لە پەرتووکی الوجیز فی تعلیم اللغة الکردیة نووسراوە: شرینقە = محقنة کە وایە فیچقە یانی شرینقەو ئەم قسەی بۆرەکەییش راست نییە.

مامۆستا هەژار وشەی ئاداری واهێناوە:

ئادار: مانگی رۆمی، بیست رۆژ لە خاکەلێوەو دە رۆژ لە رەشەمە (ف) ماه مارس.

مامۆ زەبیحی لە قامووسی زبانی کوردی دەڵێ: ئادار = شەشەمین مانگی سوریانیو سێیەمین مانگ بەحیسابی رۆمی، ئاخر مانگی زستان بە حیسابی نەورۆز (٢١) رۆژی ئەو مانگە وەبەر خۆی دەدات.

خاڵ دەڵێ: ئادار = ئازار = مانگی مارس.

کە وایە دیسان بۆرەکەیی هەڵە دەکات. ئەویش لە بەر ئەوە کە ئاگای لە خەڵکی پارچەکانی تری کوردستان نییە دەنا چۆن نازانێ مانگی ئادار بە تایبەت لە کوردستانی عێراق مەشوورەو زۆریش لە ناو کوردا بەکار دێت.

سەبارەت بە وشەی (ئازالە):

هەژار دەڵێ سوختی زستانە، خاڵ دەڵێ سوختی زستان. زەبیحی دەڵێ سووتەمەنی لادێ کوردەواری ئێستاش لە کوردستانی ئێران پێی دەڵێن (سوختەنی)و ئەم سوختەنییەش تەنیا (ئازالە) دەگرێتەوە لە گەڵ (کێڵەو قەلەغان) کە هەر لەو ئازالە دروستی دەکەن. هەرچەندە نەفتو گازۆئیل هەیە بەڵام کەس پێی نالێ سوختەنی. هەروەها بۆ ئاگاداری بەڕێز

بۆره‌كه‌یی ده‌بێ بلێم له‌كوردستانی عێراق هه‌رئێستا وشه‌ی ئۆین‌و ئۆینباز بۆ فێڵ‌و فێڵباز به‌كار ده‌به‌ن‌و ئه‌گه‌ر به‌كه‌سێك‌بڵێی ئۆینباز نه‌ك‌به‌گه‌مه‌ی تێ ناگا به‌ڵكو زۆریش تووڕه‌ ده‌بێ. هه‌روه‌ها هه‌ر له‌كوردستانی عێراق به‌ تایبه‌ت له‌ ده‌ورو به‌ری هه‌ولێرو له‌ ره‌واندز پیتی (ل) به‌ (ر) بێژده‌كه‌ن‌و به‌ (ساڵ) ده‌ڵێن (سار)و به‌ (چێڵ) ده‌ڵێن (چێر)و... هتد. و مامۆستا هه‌ژار دروستی نووسیوه‌و رێزدار بۆره‌كه‌یی ئاگاداری ئه‌م راستی‌یانه‌ نییه‌. به‌ هه‌رحاڵ دیسان ده‌ڵێم كه‌س ناڵێ هه‌نبانه‌ بۆرینه‌ ته‌واوه‌ به‌ڵام زۆربه‌ی هه‌ره‌ زۆری نووسه‌ران‌و رووناكبیرانی كورد ده‌ڵێن هه‌نبانه‌ بۆرینه‌ كارێكی بێ وێنه‌یه‌و تا ئێستا جگه‌ له‌ رێزدار بۆره‌كه‌یی كه‌سیتر هێرشی نه‌كردۆته‌ سه‌ری‌و خۆزگه‌ له‌ جیاتی ئه‌م هێرشه‌ ره‌خنه‌یه‌كی ئاواكه‌ر له‌ به‌رهه‌مه‌ پڕ بایه‌خه‌كه‌ی مام هه‌ژار گیراباو بریا به‌ڕێز بۆره‌كه‌یی به‌ نییاز پاكی لێی كۆڵیباوه‌و نه‌بیا هۆی به‌رز بوونه‌وه‌ی ده‌نگی ناڕه‌زایی له‌ دژ خۆی‌و وتاره‌كه‌ی. به‌ڵام قه‌یدێ ناكا به‌ڵكو ئه‌وه‌ش ده‌رسێك‌بێ بۆ خه‌ڵكانی تر. باوابێ□

# دیسان رەخنە...
# دیسان
# هەنبانە بۆرینە!

**عەبدولرەحمان پاشا**

*ئەم وتارە، بەوتەی خودی نووسەر، لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٤ بۆگۆڤاری (مامۆستای کورد) نێردراوە، نازانین ئایا لەگۆڤاری ناوبراودا بڵاوکراوەتەوە یان نە؟

خوینەر

خوینەری ژیر نەك هەر جورە خوینەریك، کاتی لە خویندنی رەخنەییك دەبیتەوە، یاخود بەر لەوەی لیی ببیتەوە، لە مەبەستی نووسەری رەخنە کە دەگاو دەزانی ئەم رەخنەیە بە چ مەبەستیك‌و بو نووسراوە.

مەبەستیش لە نووسینی رەخنە لەم سی خالانەی خوارەوە دەرناچی:

١) رەخنە کە بە مەبەستی پی هەلگوتن‌و بەرژەوەندی کاریکی ئەدەبی یاخود هونەری نووسراوەو تەنها لایەنە بە هیزو بە تینە کانی ـ لە روانگەی رەخنە گرەوە ـ بە رچاو دەخا، بی ئەوەی ئاماژە بو لاوازی‌یە کانی بکا.

لەم جورە رەخنانەشدا، هەر لە سەرەتاوە ـ بە هەر هوییك‌بی ـ بەر لەوەی رەخنە گر کارە ئەدەبی‌یە کە بخوینیتەوە، خوی بو پیهەلگوتن بە بەژن‌و بالای کارە کە، ئامادە دە کا!

٢) رەخنە کە دژی کاریکی ئەدەبی یاخود هونەری نووسراوەو بە پیچەوانەی خالی یە کەم، تەنها ئاماژە بو کەم‌و کوری‌و شوینە لاوازە کان ـ هەر لە رانگەی رەخنە گرەوە ـ دە کا بی ئەوەی باسی خالە گرنگ‌و سەرکەوتووە کانی بکا. لەم شیوە رەخنانەش، دیسان، رەخنە گر ـ بە هەر هوییك‌بی ـ قولی بو هیرش هینان هەلدە کا، بەر لەوەی خوی بە خویندنی بابەتە کە ماندو بکا!

٣) رەخنە کە بو بەرژەوەندی خوینەرو خودی کارە ئەدەبی یاخود هونەریە کە نووسراوەو هەمو هیلە بە هیزو لاوازە کان، شی‌و راڤە دە کاو دەینرخینی بە مەبەستی دەست نیشان کردنی ئاستی هونەری‌ی کارە کەو هاندانی خوینەر بو تیگەیشتنیکی راست‌و دروست‌و هەر ئەمەشە ئەرکی رەخنەی راستەقینە.

ئەم پیشەکیەم بە پیویست زانی بو ئەوەی بلیم، رەخنە کەی ماموستا سدیق بورەکەیی لە سەر هەنبانە بورینە کەی ماموستا هەژار(١)، لە چارچیوەی (خالی دوهەمدا) دەرناچی‌و بەلکو نمونەیەکی زور نایابە بو ئەم خالەو وا هەولدەدەین بوچوونەکانمان بسەلمینین، ئەوجا خوینەر ـ نەك من ـ بوی هەیە رەخنەکەی منیش لە سنووری یەکیك لە سی خالەکان دابنی‌و بەو ئاواتەم کە ئەم وتارەی من لە سنووری خالی سیهەم دەرنەچی!

لە گوتەکانی ماموستا بورەکەیی، ئەم برگانەی خوارەوە هەلدەبژیرین‌و پاشانیش یەکە یەکە باسیان لی دەکەینەوە.

١ـ... لە راستەقینەدا فەرهەنگی ـ ماموستا هەژار ـ لە سەر هەلە دامەزراوە، کەواتا زیانی فەرهەنگەکە لە سوودی زورترە.

٢ـ... ماموستا هەژار لە سەرەتای فەرهەنگەکەیا نووسیویەتی کە لە سیزدە سەرچاوەی جوربەجور کەلکی وەرگرتووە کەچی واش نیەو بەلکو زوربەی وشەکانی هەر لە فەرهەنگی خال وەرگرتووە.

٣ـ... زمانی کوردی داگری پینج زاراوەیە کە بریتین لە کرمانجی باکوری، کرمانجی باشوری، گورانی‌و لوری‌و لەکی‌و هەرکام لەم زاراوانە چەند لکیان لی جیا ئەبیتەوەو لە راستیدا کەسیك کە بیەوی فەرهەنگی کوردی بنووسی ئەبی ئەم پینج زاراوە بە تەواوی بزانی تا بتوانی هەموو وشەکانی ئەم زاراوانە کوکاتەوەو لە فەرهەنگەکەیا بینووسی‌و جگە لە وەش ئەبی ئاشنایەتییکی رەبەقی بە سەر زمانەکانی ئاڤیستاو پەهلەوی‌و فارسی‌و ترکی‌و عەرەبیش دا هەبی تا وشە رەسەنەکانی کوردی بە تەواوی بناسی‌و تووشی هەلە نەبی.

ئەو کەسەی کە بیەوی لە وشەکانی کوردی بکولیتەوە، ئەبی لە بارەی

مورفولوژی‌و فونولوژی‌و لیکسیکولوژی‌و ئورتوگرافیەوە شارەزابی‌و هەروەها ئەبی شارەزای زمانەکانی کون‌و تەنانەت سانسکرتیش بی..و ئەبی شارەزاییکی تەواوی لە میژوو و ئەفسانەو میسولوژیای کون هەبی.

٤ـ... لەم دواییە گەلی فەرهەنگی کوردی لە لایەن نووسەرانی کوردەوە چاپ‌و بلاو بوتەوەو هەر چەند ئەم فەرهەنگانە کەم‌و کوریان تیدا ئەبینری بەلام هەموو ئەو فەرهەنگانە تویشو و بەرەن بو دوا روژی خویندەوارانی گەلی کورد.

٥ـ... جا من لەم وتارەدا هەر لە سەر پیتی ئەلفی فەرهەنگەکە ئەکولمەوەو هەلەکانی ئەخەمە پیش چاو...

ئیستاش، با بیینەوە سەر برگەی یەکەم‌و بابزانین رەخنەگر چون گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە (فەرهەنگەکە لە سەر هەلە دامەزراوەو زیانی لە سوودی زورترە)!

مەگەر خوی نالی (... من لەم وتارەدا هەر لە سەر پیتی ئەلفی فەرهەنگەکە ئەکولمەوە) واتا رەخنەگر تەنها بە خویندنی (٣٤) لاپەرە حوکمی لە سیدارەدانی هەنبانە بورینە دەردینی کاتی دەلی:

(فەرهەنگەکە لە سەر هەلە دامەزراوە)و (زیانی لە سوودی زورترە)و (نابی لاوانی کورد پشتی پی ببەستن) یان کە دەلی: (... مامۆستا هەژار نووسیویەتی کە لە سیزدە سەرچاوەی جوربەجور کەلکی وەرگرتووە کەچی واش نیە)!

ئایا ئەم رستانە بەلگەنین کە رەخنەگر (چەکی قورسی) خوی، بەرلەوەی هەنبانە بورینە بخوینی، ئامادە کردووە؟!

ئەگینا خو هەنبانە بورینە (٣٤) لاپەرە نیە! لە وانەیە بەشیکی زوری

خوینەران نەزانن کە هەنبانە بورینەی مامۆستا هەژار (١٠٣٤) لاپەرەبە جگە لە (٣٤) لاپەرەی پیشەکی!! پاشان، رەخنەگر چون زانی کە (مامۆستا هەژار لە سیزدە سەرچاوەی جوربەجور کەلکی وەر نەگرتووە، بەلکو زوربەی وشەکانی هەر لە فەرهەنگی خال وەرگرتووە)؟

باشە خو رەخنەگر خوی دەلی تەنها (٣٤) لاپەرەی لە فەرهەنگەکە خویندوتەوە، ئەی (١٠٠٠) لاپەرەکەی تر چی؟!

(١٠٠٠) لاپەرەی گەورە، زور گەورە! دەکا چەند هەزار وشەی کوردی، ئەگەر مامۆستا هەژار لەم سیزدە سەرچاوانەی باسیان دەکا، لە هەر سەرچاوەییك تەنها یەك وشەی هینابی، ئەوە قسەکەی مامۆستا هەژار راستەو ئەوپەری ئەمانەتە نووسەریك ئاماژە بو ژیدەرو سەرچاوەکان بکاو ئەرك و ماندوبونی کەسانی تر، نەکا بە هی خوی! وەك چون بورەکەیی مەمنون بو لە سەر بەرگی فەرهەنگی (کوردی بە فارسی)ی "م. آورنگ" بنووسری (گردآوردەی: م. آورنگ ـ بە همکاری صفیزادە بورەکەیی) دەلیم مەمنون بو چونکە هەر خوی لە دوالاپەرەی فەرهەنگەکەدا نووسیویتی:

(... چون ناو و ناوبانگی زانای گەورە مامۆستا ئەورەنگم بیستبوو و دەگەل کتیبی کورد ناسیو نووسراوەکانی دیکەی ناسیار بووم، ئارەزوم هەبوو لە نزیکەوە ببینمو بیناسم).

بەلام پاش مردنی خوالیخوشبو ئاورەنگ، مامۆستا بورەکەیی لە پیشەکی فەرهەنگی ماد دا ئەنووسیو ئیژی (... موراد ئاورەنگ نە کوردی ئەزانیو نە دەگەل فەرهەنگو زمانی کوردی ناسیاری هەبوو)! بەلی بورەکەیی جاری یەکەم دەریارەیم. ئاورەنگ وا دەلیو پاش

مردنیشی دەلی نەزانە (٢)!

مامۆستا بورەکەیی لە برگەی سیهەمدا مەرجی زور سەخت بو خەلکادەنی بو نووسینی فەرهەنگی کوردی بەلام خوی ـ کە فەرهەنگی نووسیوە ـ پابەند ناکا بەم مەرجانەو کورد گوتەنی، فری بەم مەرجانەوە نیە.

ئەگینا ئەگەر خوی (پینج زاراوەی کوردی کرمانجی باکوروکرمانجی باشوروگورانیو لورو لەکی زانیباو ئاشنایەتییکی رەبەقی بە سەر زمانەکانی ئاڤیستاییو پەهلەویو فارسیو تورکیو عەرەبیش دا هەبا، ئەوجا شارەزایی لە بارەی، مورفولوژیو فونولوژیو لیکسیکولوژیو ئوتوگرافیو هەروەها شارەزای زمانەکانی ئیرانی وەك پەهلەویو سانسکرتیشی بباو شارەزاییکی تەواوی لە میژوو و ئەفسانەو میثولوژیای کون ـ هەر وەك خوی ئیژی ـ هەبا) باوەر ناکەم دوچاری هەلەی واهاتباکە تازە روشنبیرانیش دوچاری نابنو با ئەم قسەیەشمان بو خوینەران بسەلمینین:

رەخنەگر ئیژی (لە فەرهەنگی هەنبانە بورینەداگەلی هەلەی زلزل ئەکەویتە بەرچاو) ئەوجا کومەلیك وشە دینی کە گوایە (هەلەی زلن) لەوانەش وشەی (ئابوور).

ئەگەر چاویك بە لاپەرە (١)ی هەنبانە بورینەدا بخشینین ئەم وشانە دە خوینینەوە:

ـ ئابرو: شەرم، ناموس

ـ ئابوور: ریز، شەرم، ناموس، ئابرو

ـ ئابوری: مایەی گوزەرانو بژیو

ماموّستا هەژار کە ئەم هەرسی شیوەی هیناوە، دیارە بی‌گومان‌و پشت راست بووە کە وشەی (ئابوور) لە نیو بەشیکی زوری جوگرافیای کوردستانا بە مانای (شەرم‌و حەیاو ئابرو) بەکار دیت.

بەلی زمانی کوردی لە گوندو دیهات‌و لە نیو خەلکەوە هەلدەقولی، بویەش هەر لەویوە کودەکریتەوە، نەك لە پاش میزو کورسی.

ماموّستا هەژار کە هەمو تەمەنی لەم لاو لەولاو لەم گوندو لەو دی‌یە بردوتە سەر، باش دەزانی کە "شکاك" بە "شەرم‌و حەیا" دەلین "ئافرو"و "ئابرو"و "ئابوور"یشی پی دەلین‌و ئیستاش ئەم وشەیە روژانە بەکار دی‌و هیچ هەلەی (زل) نیە وەك رەخنەگر دەلی، ئەوەی راستە، دەیان وشەو پەیڤی وامان لە کوردەواریدا هەیەو کەس ناتوانی بلی وشەی (تەسمیل، تەسحیب، جینار، بەرف، عەدر)و دەیان وشەی ـ جی‌گورکراوی ـ تری وەك "ئابوور" هەلەیە.

کەس بوی نیە بلی وشەی (سار) واتای "سال" نادا چونکە شاری هەولیرو رەواندوزو ئەو دەوراو پشتە پیتی "ل"ی قەلەو بە "ر" دەگورنەوەو (مال‌و دوکەل‌و لال‌و خال) دەکەنە (مارو دوکەرو لارو خار). ئەمەش شیوەیەکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی.

لە بەهدینان نالین (دراوسی) بەلکو (جیران)ە عەرەبی‌یەکە ـ و تەنها جیران ـ بەکار دەبەن، کەچی هەندیك لە سەرەوەتر (جیران)ە کە دەگوردری‌و مورکیکی کوردی بە خووە دەگری‌و دەبیتە (جینار). وشەی (بەفر) کە لە زور شوینی کوردستانا بەکار دی. لە زاخوو شنگار یا شنگال ـ هەردویان راستن ـ دەگوری‌و دەبیتە (بەرف)، هەروەك وشە فارسی‌یەکە. (ترانە)ی فارسی، لە بەهدینان ـ لە وانەیە ماموّستا بورەکەیی نەزانی ـ

واتاکەی دەگوردری‌و دەبیتە (فشەوگالتە)و (ترانە پی‌کرن) دەکا (گالتە پی کردن).

دەربارەی وشەی (ئوین) کە ـ وەك‌ماموستا بورەکەیی دەلی ـ تورکی‌یە واتای (گەمەو یاری‌یە)و قایل نیە ماموستا هەژار بە واتای (فیل) هیناویەتی، لە بارەی (ئوین) دەلیم، راستە وشەکە تورکیە بەلام بی‌گومان ماموستا بورەکەیی وەك‌ماموستا هەژار لە شاری هەولیرو گوندەکانی هەولیر نەگەراوە ئەگینا لە وی‌و لە زور شوینی تریش وشەی (ئوین) مانای "فروفیل"ە وە (ئوین باز)یش دەکا "فیلباز". نەك‌هەولیرو دەوروپشتی بەلکو لە لاپەرەی ١٧ی (فەرهەنگی وشە دووانەکانی زمانی کوردی‌ی تاها فەیزی زادە) ش (ئاین‌و ئوین) دەکا (فیل‌و تەلەکە)!!

ئەم دیاردەیەش، دیاردەی گورانی واتا، لە هەمو زمانیکدا هەیەو لە فارسیدا زورەو هەر بە بونەی (ئوین)ی تورکی، دەلیم، ئیمەی کورد بو برای دایك(خال)ە عەرەبی‌یە کە بەکاردەبەین کەچی وشەیەکی خومالی‌ی پر بە پیستی (برای دایك)مان هەیە پیشکەشی زمانی فارسی‌و تورکیمان کردووە!

بەلی، فارسی بە دایك‌دەلین (مادەر) تورکیش دەلین (ئەنا) ئیمەش پیی دەلیین (دا، دایك، ئودا، دالك، دالگ، دای، دایە)، گوتمان کورد بە برای دایك‌دەلین (خال) کەچی تورك‌و فارس پیی ئیژن (دایی)، باشە ئیمەی کورد بو بروا دەکەین کە (دایی) برای (ئەنا)ی تورکی‌و (مادەر)ی فارسی‌یەو بو پیمان سەیرە ئەگەر بلیین (دایی) برای ئەو هەمو دایکە کوردانەیە! (دایی) لەکوی‌و (ئەنا)و (مادەر) لەکوی؟ هەمو دەلین وشەی (دایی) تورکی‌یە.

میسری‌و کویتیش بەو ژنەی کە لەنیو مالدا خزمەتی منالانی خەلك‌دەکاو بەخیویان دەکا، دەلین (الدایە)و دەش‌لین (دایە) وشەییکی تورکیە!! بویە دەلیم بەرای من (دایی) برای دایکی خومانەو پیتی (ی) لە ئاخیری وشەکە (ی) نەسەبە، نەسەب بە دایك، پەیوەندی بە دایك!.

با بگەریینەوە بابەتەکەی خومان.

وشەی (مل)ی کرمانجی سەرو ناکا (مل)ی کرمانجی خوارو، بەلکو بە واتای (شان) دیت! ورستەی (وەرە سەرملی من) دەکا (وەرە سەر شانم).

هەر بویەش کە روژیك لە مەر زمانەوە ـ لە ماموستاکەندالیان (٣) یان پرسی (کی دەتوانی بلی ئەمە راستەو ئەمە هەلەیە؟) وەلامی دایەوەو وتی (کەس)!

راستە، من دەزانم کە لە ناوچەی ئاکری بە (عەینەك)و (بەرچافك)و (چاویلکە) دەلین (چەشمك) کەچی هەر ئەو (چەشمك)ە لە شوینی تری کوردستانا واتای (نەعل)ی عەرەبی‌و (دەمپایی) فارسی دەدا!! لە زور شوینی کوردستانا سویند دەخوین‌و دەلیین (بە خوا) کەچی وشەی (خوا) لە ناوچەی خانەقین واتای (خوی) ئەدات، ئایە ئەبی بلیین هەلەیە؟!

زمانەوانان دەلین عەرەبی دەریایە، من دەلیم کوردی لە دەریاکەمتر نیە! لەکورمانجی دەلیین (ئاخافتن)و دەش لیین (ئاخفتن).

(ئاخافتن) لە فەرهەنگوکی (تەفسیری بورەکەیی لاپەرە ٢٣٩) دا دەکا (مکالمە)ی فارسی، (مکالمە)ش لە (فەرهەنگی واژەنامەی دکتور محمد تقی ابراهیم پوردا ـ لاپەرە ٣٩٠) دەکا وتوویژ، باشە مادام وایە، بو هەلەییکی زلە ئەگەر بلیین (ئاخافتن) دەکا(وتوویژ)و بو ماموستابورەکەیی قایل نیە ماموستا هەژار (ئاخافتن)ی بە واتای (وتوویژ) داناوە!! بە یادی

خوینەران دینینەوە کە لە سەرەتا وتمان مامۆستا بورەکەیی فری بە سەر ئەو لیستە دریژەی (زاراوەو زمانو زانستو هونەرەی کە ناوی لە وتارەکەیدا هیناون) نیە، ئەگینا ئەگەر کوزمانجی باکوری چاك زانیبا، وشەی (ئاپو) ـ کە وشەییکی "زازا"ی یەو بەواتای (مام)ەو کورمانجی خوراسانیش لە قوچانو شیروانو بجنوردو دەرەگەز بەکاری دەبەن ـ بە وشەییکی عەرەبیی دانەدەنا! و ئەگەر لە عەرەبیش وەك برایەکانمان لە ئیران دەلین ـ موسەللەت با ـ وشەی "ئاگر"ی بەرامبەر "لهب"ی عەرەبیی دانەدەنا (لاپەرە ١٩٠ تەفسیری بورەکەیی) چونکە (لهب) ناکا (ئاگر) بەلکو دەکا "گر"!! خو ئەگەر (لهب) (ئاگر) بی ئەی (نار) چیە؟! ئەگەر بورەکەیی لە عەرەبی باش با، ئایەتی (واذا المؤودة سُئلت بأي ذنب قُتلت)ی نە دەکردە (وە ئەوکاتەی کە لە کچانی زیندە بە گور پرسیارکرا، کە ئیوە بە چ گوناهیك کوژراون) (لاپەرە ٤٥ی تەفسیری بورەکەیی) چونکە وشەی (المؤودة) لیرەدا تاکە!

یان (واذا الصُحُف نُشرت)ی نە دەکردە (ئەوکاتەی کە نامەی کردەوەی خەلك کرایەوە) چونکە (صحف) لەم ئایەتەدا تاك نیە بەلکو (کو)یە!

مامۆستا بورەکەیی لە برگەی (٤) دا دەلی:

... لەم دواییەدا گەلی فەرهەنگی کوردی لە لایەن نووسەرانی کوردەوە چاپو بلاو بونەوەو هەر چەند ئەم فەرهەنگانە کەمو کوریان تیدا ئەبینری، بەلام هەموو ئەو فەرهەنگانە تویشوو بەرەن بو دوا روژی خویندەوارانی گەلی کورد. رەخنەگر سەرەرای ئەم قسە ماقولانەی کە زور راستن، کاتی دەگاتە فەرهەنگەکەی مامۆستا هەژار ـ کە خوی بەتەنیا، بە قەد هەمو ئەو فەرهەنگانەی کە لەم دواییەدا چاپو بلاو بونەوە، هەیە ـ لە

قسەی خوی پیشەمان دەبیتەوەو رستەی (هەمو ئەو فەرهەنگانە تویشوو بەرەن بو دوا روژی خویندەواری گەلی کورد) لەگەل فەرهەنگی "هەنبانە بورینە" دەبیتە (فەرهەنگیکە لە سەر هەلە دامەزراوە)و (زیانی لە سوودی زورترە)و (نابی لاوانی کورد پشتی پی ببەستن)! هەر ئاوا بە ئاسانیو تەنها پاش خویندنی(٣٤)لاپەرەی هەنبانەبورینەوبەرلەوەی(١٠٣٤) لاپەرەی تری بخوینیتەوە، رەخنەگر دەگاتە ئەم ئەنجامە نارەوایە. لە خوینەران دەپرسین، ئەگەر ئەم هەلویستەی رەخنەگر بەرامبەر هەنبانە بورینە "قول هەلکردن"و "دژایەتی" پیش وەخت نەبی؟ ئەی چی بی؟! ئەگەر رەخنەگر (چەکی قورسی) خوی بەر لە خویندنی هەنبانە بورینە ئامادە نەکردباو مەبەستیکی تایبەتی نەبا! بو ئەم هەمو رقو کینەی لە وتارەکەی خویداکو دەکردەوە؟! ئەگەر مەبەستی بورەکەیی سوککردنەوەو هیرشو دژایەتی نەبی، کە لە (خالی دوهەم)دا باسمان کرد، بو دەلی (وشەی ئاژوتن بە واتای لیخورینە کەچی ماموستا هەژار بە واتای لیخور هیناویەتی) سەرەرای ئەوەی کە ماموستا هەژاریش دەلی (ئاژوتن: لیخورین)ە (بروانە لاپەرە ٦ی هەنبانە بورینە).

لەکوتاییدا دەلیم، راستە، هەنبانە بورینە ـ وەك هەمو فەرهەنگیك کەمو کوریو هەلەی تیدایە، بەلام دەش لیم، رەخنە فیزو قیزو بیز نیە، رەخنە سوزو خوشەویستییە!!□

پەراویز:

١ـ گوڤاری ئاوینە ژمارە (١٢).

٢ـ بو زیادەزانین لەم بارەیەوە، بروانە گوڤاری ئاوینە ژمارە ٤ لاپەرە (٣٠).

٣ـ سەروکی ئنستیتوی کوردی پاریس، دکتورا فیزیای ئوتومی.

# وەڵام و
# تێبینییەکی نوێ

سدیق بورەکەیی

گۆڤاری ئاوێنە ژمارە ١٩و ٢٠، خاکەلێوە-گوڵان، ساڵی ١٣٧٤

ئەوەی کە روون‌و ئاشکرایە ماموٚستا هەژاری نەمر یەکێ لە هوٚنەرانی هەرە بەرزی کوردەو لە ئاسمانی وێژەی کوردەواری دا هەتا هەتایە ئەدرەوشێتەوە. هەژار هەر ئەو کەسەیە کە شەرەفنامەکەی میر شەرەفخانی بتلیسی‌و چارینەکانی خەیام‌و مەم‌و زینی خانی بە جوانترین شێوە وەرگێڕاوەو نووسراوەکانی هەرکام شاکارێکن بوٚ خوی. هەژاری نەمر خوٚیشی ئەڵێ:

ئەو میوەیە خوٚشە یان تاڵە
دڵبەندی منە وەکوو مناڵە
ئەو میوە کە وشکە تفتە تەڵخە
خوٚ کوردی‌یە زوٚر لە لام بە نرخە
لێم وەربگرن بە سینەیی روون
لێمی نەگرن چ خوٚشە خوٚش بوون
بوٚم پینە بکەن هەڵەی زمانم
با بێننەوە بیر منیش لەوانم

فەرهەنگ نووسی لە کوردەواری دانزیکەی سێ‌سەدو بیست ساڵە دەست پێکراوە، واتە یەکەمین فەرهەنگی کوردی بە عەرەبی کە بوٚ بچووکان نووسراوە فەرهەنگی نەوبەهارە کە لە ساڵی ١٠٩٤ی کوٚچی دا لە لایەن هوٚنەری نەمری کورد شێخ ئەحمەدی خانی (١٠٦١ـ١١١٨ی کوٚچی)یەوە دانراوەو دوا بە دوای ئەم فەرهەنگە گەلێك فەرهەنگی تر: کوردی بە کوردی‌و کوردی بە عەرەبی‌و کوردی بە فارسی‌و کوردی بە ئەرمەنی‌و کوردی بە ئینگلیزی‌و کوردی بە رووسی‌و کوردی بە تورکی لە لایەن نووسەرانی کوردو بێگانەوە نووسراون، بەڵام هیچ کام لەم

فەرهەنگانە جگە لە فەرهەنگەکەی توفیق وەهبیو فەرهەنگی قەنات کوردۆ نەبی زانستی نینو فەرهەنگەکەی وەهبی لە سەر شێوەی خەڵکی سلیمانی یەو فەرهەنگەکەی قەنات کوردۆش کرمانجی یەو ئیتر ئەوانی تر پێویستیان بە هەڵاویژیو لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن هەیە کە ئەوەش کاری زماناسانی کوردەو کاری ئەو کەسانەیە کە لە زمانی کوردیدا پسپۆرن.

ئەلبەت ئەوانەی وا تائێستا فەرهەنگیان نووسیوەو وشە کوردی یەکانیان لە زاری خەڵکەوە کۆکردووەتەوە، کارێکی گرنگو بایەخداریان ئەنجام داوەو لە راستەقینەدا سەرهەڵدانی هەر فەرهەنگێکی کوردی کارێکی گرنگی بۆ سەر فیلۆلۆژی کوردی هەیە، چونکە ئەتوانین لایەنە چاکەکانی وەرگرینو هەڵەکانیشی دەستنیشان کەین تا هەموو تێ بگەنو ئەو هەڵانە بەکار نەبەن.

وەك ئاشکرایە فەرهەنگ نووسی کوردی ئەمە ماوەیێکە خەریکە جێگەی خۆی لە ژیانی زانستی کوردا ئەگرێتو گەلێك وەکوو:

شێخ موحەممەدی مەردوخ (١٢٩٧ـ١٣٩٥ی کۆچی).

توفیق وەهبی (١٣١١ـ١٤٠٤ی کۆچی).

شێخ موحەممەدی خاڵ (١٣٢٢ـ١٤٠٨ی کۆچی).

گیوموکریانی (١٣٢٣ـ١٣٩٩ی کۆچی).

جگەرخوێن (١٣٢٣ـ١٤٠٥ی کۆچی).

قەنات کوردۆ (١٣٢٩ـ١٤٠٦ی کۆچی).

سەمەند سیابەند (١٣٢٩ـ١٣٦٨ی کۆچی).

عەلائەدین سەجادی (١٣٣٥ـ١٤٠٥ی کۆچی).

زە بیحی (١٣٤٠ـ....)،

جەمال نەبەز (١٣٥٤ـ....).و هەندێکی تر لەم مەیدانـە دا هـەنگاویان هەڵگرتووەو هەرکام بە توانای خۆیان بۆ نووسینی فەرهەنگی کـوردی هەوڵیان داوە کـە چـی مـامۆستا هـەژار فـەرهەنگەکـەی لە دوای ئـەو فەرهەنگانە نووسیوە، ئەبوا لە هەموو ئەو فەرهەنگانە سەرکەوتووتر بوایە، بەڵام فەرهەنگەکەی لە ناو هـەوری هـەڵەدا نـوقم بـووەو پـیویستی بـە تۆژینەوەیێکی فراوان هەیە تا هەڵەکانی بگیرێو خـوێندەواران کـەڵکی لێوەرگرن کە بەداخەوە ئەو زۆر بایەخی بە کۆکـردنەوەو هـەڵبژاردنـی وشەکان نەداوەو گەلێ وشەی بە هەڵە نووسیوەو گەلێ وشەی نامۆشی لە فەرهەنگەکەیدا هێناوە بە بێ ئەوەی دیاردەیان پـێ بکـاو بـڵێ هـی چ زمانێکەو رەخنەکەی منیش لە هەنبانە بۆرینە هەر لە سەر ئەم مەبەستە بوو، ئـیتر هـێرشم بـۆ کــەس نـەبردووەو پێشم لێ هـەڵنەبڕیوەو کـەسم سووکەکردووەو ئامانجم ئـەوە بـووە کـە خـوێندەواران‌و لاوان وریـا کەمەوە.

رەخنە مـل مـڵانێ‌و زۆران بـازی نـیە، بـەڵکو رەخـنە ئـەبێتە هـۆی پێشرەوت‌و سەرکەوتنی هەرگەل‌و نەتەوەیێک‌و هەر لە رێی رەخـنەوەیە کەگەل‌و کۆمەڵ سەر ئەکەوێ، خوای مەزنیش لە ئایەی ١٢٥ی سوورەی نەحل دا ئەفەرموێ: وجادلهم بالتی هی احسن، واتە: ئەی پـێغەمبەر بـە باشترین شێوە لەگەڵیانا مشت‌و مڕ بکەو رەخنەیان لێ بگرە.

شێخ ئەحمەدی خانیش روو ئەکاتە ئەوکەسانەی کە دڵ‌و دەروونیان پاکە، داوای هاندان‌و دڵخۆش کردن‌و رەخنەگرتن‌و وتەیێکی باشیان لێ ئەکات‌و ئەڵێ:

خەلقی کو ژ سینەو ژ دل صاف
پاکیزە سروشت ئەهلی ئینصاف
بیلجوملە بکەن ژ بو مە تەحسین
بێژن کو ب قنجی هاتە تەدوین

وە ئەگەر ئێمە بە وردی سەرنجی فەرهەنگە کانی کوردی بدەین بۆمان دەرئەکەوێ نووسەرە کانیان مەبەستیان هەر ئەوە بووە کە وشە کوردیە کان کۆ کەنەوە، جا ئەگەر بێت و ئەو فەرهەنگانە لە روانگەی زمانناسی یەوە هەڵیان سەنگێنین بۆمان دەرئەکەوێ کە بە بەرهەمی زانستی دانانرێن، چونکە دانەرە کانیان رێبازێکی زانستییان پەیرەوی نەکردووەو کارە کانیان لە بەر تیشکی دەستورە کانی زمانناسیو تۆژینەوەی زانستی دا ئەنجام نەداوە.

زمانەوان ئەو کەسەیە کە زمان لە سەر بنچینەی زانستی زمانناسی لێك داتەوە، وە زمانناس ئەبێ لە باری مۆرفۆلۆژیو فونولۆژیو لیکسیکۆلۆژیو ئورتوگرافی یەوە شارەزابێو هەروەها شارەزای زمانی ئاوێستاییو پەهلەویو پارسی کۆن بێ تا بتوانێ بنجو بناوانی وشە کان دەرخاو لە سەری بکۆڵێتەوەو هەروەها شارەزاییکی باشی لە زمانی فارسیو عەرەبیو تورکیش دا هەبێ، چونکە گەلێ وشەی ئەو زمانانە کەوتوونەتە ناو زمانی کوردی یەوە، لە وەش بترازێ ئەو کەسەی کە بیەوێ فەرهەنگی کوردی بنووسێ ئەبێ شارەزایی لە مێژوو، میتولوژیا یا ئەفسانەدا هەبێ تا بتوانێ بنجو بناوانی وشەکان بە شێوەیێکی زانستی لێك داتەوە، وە لە پێشا جگە لە خوا لێ خۆش بوو مامۆستا توفیق وەهبی کەسی تر ئەو زمانانەی نەئەزانیو جگە لە ئەو ناتوانین فەرهەنگ

نووسەکانی تر بە زمانناس بزانین، جا بۆ ئەوەی هەموو خوێندەواران لەو وشانە تێ بگەن ئەبێ ئەو چەند وشە لێك بدەینەوە:

یەکەم مورفۆلۆژی بریتی‌یە لە زانستی چۆنیەتی پێك‌هاتن‌و گۆڕانی وشەکانی زمان لە کاتی بەکار بردن‌و بزواندنیان‌دا. دووەم، فونولۆژی بریتی‌یە لە ناسینی دەنگەکانی زمان‌و جۆری دەربڕینیان. سێ‌یەم لیکسیکولۆژی بریتی‌یە لە زانستی ناسینی ئەو وشانە کە لە زمان دا بەکار ئەبرێن کە داڕشتنی وشەکان‌و لێك‌دانەوەی بنەڕەتی وشەکان‌و واتاکانی ئەگرێتەوە. چوارەم ئورتوگرافی بریتی‌یە لە وێنەی نووسینی دەنگەکانی زمان واتە: ڕێنووسی زمانەکە.

ئەو کەسەی کە بیەوێ فەرهەنگ بنووسێ‌و وشەکانی کوردی کۆ کاتەوەو لە سەری بکۆڵێتەوە ئەبێ لە پێشا زمان‌زان بێ‌و هەروەها شارەزای دیالیکتەکان‌و زاراوەکانی کوردی بێت یا خۆ چەند کەسێك بن کە هەر یەکەیان شارەزاییان لە زاراوەو بن زاراوەیێك‌دا هەبێ.

لەم دواییەدا براێکی بەڕێزمان بە ناوی کاك م. خەسرەوی لە وەڵامی رەخنەکانی من دا وتارێکی نووسیوە.

ئەم برا بەڕێزەمان لە وتارەکەی دا ئەڵێ: «بەداخەوە رەخنەکەی بۆرەکەیی لە باری زانستی‌یەوە شیاوی مرۆڤێکی خاوەن بیرو هزر نەبوو، ئەو لە رەخنەکەی دا لە لایێکەوە کۆشاوە تا بە سووك‌و بێ نرخ پێشاندانی هەنبانە بۆرینەو چاو نووقاندن لە ناساندنی راستەقینەی نووسەرەکەی پلەو پایەی هەژاری نەمر بێنێتە خوارەوە لە لایێکی دی ویستوویە رادەی پلەی زانیاری خۆی بە خوێنەر راگەیێنێ‌و بەم چەشنە خۆی بنوێنێ‌و خۆی هەڵکێشێ، بێ ئەوەی کە بیر کاتەوە کوردی وتەنی: (پەلە هەورێك بە

ئاسمانێ وەیە)».

لە وەڵام دا ئەبێ بڵێم کە من لە سەرەتای وتارەکەم دا پلەو پایەی ماموٚستا هەژارم بەرزتر کردوٚتەوەو وتوومە کە هەژار: یەکێ لە هونەرانی هەرە بەرزی کوردەو گەلێ راژەی کردوەتە فەرهەنگو وێژەی کوردی، لە بەر ئەوەی زمانناس نەبووە هەنبانە بوٚرینە هەڵەی تێدایەو هەڵەکانی ئەبێ بگیرێو ئێستاش بیروڕای من هەر لە سەر ئەو قسەیەو بێگومان ئەو فەرهەنگە پێویستی بە هەڵاوێژی هەیە تا لاوان بتوانن کەڵکی لێ وەرگرن، بەلام ئەوەی کە ئەڵێ مەبەستی ئەوە بووە خوٚی هەڵکێشێ ئەبێ بڵێم ئەوەی بە وێژەو مێژووی کوردو کوردستان ئاشنایەتی هەبێ، من ئەناسێ.

ئەبێ بڵێم لە ناو ئەو فەرهەنگانەی کە تا ئێستا چاپ کراون فەرهەنگی توفیق وەهبیو فەرهەنگی قەناتی کوردوٚ زانستین، چونکە ئەو دووانە زمانناس بوونو بە زاراوەکانی کوردیو زمانەکانی کوٚنی ئێرانیش ئاشنایەتیان هەبوو، و دیارە فەرهەنگەکانیان بە تەواوی زانستینو کەسێك ناتوانێ هەڵەیان لێ بگرێو منیش وتوومە کەسێك کە فەرهەنگ ئەنووسێ ئەبێ هەر لە ڕێی ئەوانەوە بڕوا، بەڵام فەرهەنگەکانی تر پێویستیان بە هەڵاوێژیو لێکوٚڵینەوە هەیە.

بەڕێز کاك م. خەسرەوی ئەڵێ: «بێگومان بوٚرەکەیی ئەزانێ کە لە نێو خوێنەرانی رەخنەکە لە سەدا دوو کەسیش ئەو فەرهەنگانەیان نەدیوەو رەنگە بوٚ خوٚیشی ئەوانەی نەدی بێت».

لە وەڵام دا ئەبێ بڵێم: ئەوەی کە سەد ساڵ لەمەو پێش سەبارەت بە کوردو وێژەو زمانی کوردی لە دونیادا نووسراوەو بڵاو بووەتەوە، وە ئەوەی کە لەم چەرخەدا بە هوٚی نووسەرانی کوردو بێگانەوە دەربارەی

کوردو فەرهەنگی کوردی ئەنووسرێ، وە ئەوەی بە دەست نووس ماوەتەوە، هەموویانم هەیەو لە پەرتووکخانەکەمدا پارێزراون.

کاك م. خەسرەوی ئەڵێ: «ئەوەی وا ئەو فەرهەنگانەی دی بێت باش ئەزانێ کە هەنبانە بۆرینە لە کوێو فەرهەنگی مەردۆخو گیوی موکریانیو جگەرخوێن لە کوێو ئەزانێ کە نابێ هەنبانە بۆرینە لە گەڵ ئەوانیتر لە یەك ریز دا دانێن».

لە وەڵام دا ئەبێ بڵێم فەرهەنگی مەردۆخ داگری شێوەی ئەردەلانیو ئاخافتنی خەڵکی سنەیەو ئایەتوڵڵا مەردۆخ سنەیی نووسیویەو لە راستەقینەدا بە شاکار دێتە ژمارو فەرهەنگی جگەر خوێن کە هەر دووبەرگە نووسراوی شێخ مووسای جگەر خوێنە کە یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردەو بە زاراوەی کرمانجی باکووریەو لە رادەی خۆیا زۆر بەرزەو فەرهەنگی گیوی موکریانی داگری تەواوی شێوەکانی کوردییە کە ئەویش پێویستی بە هەڵاوێژی هەیە، بەڵام هەنبانە بۆرینە هەر وەکو وتم ناتەواوی هەیەو پێویستی بە هەڵسەنگاندنو تۆژینەوەێیکی زۆر هەیەو ئەم کارەش هەر لە دەست زمانناسان دێو کاری هەر کەسێك نیە.

کاك م. خەسرەوی ئەڵێ: «ئەگەر چی رەخنەگر لە پاراگرافی دەی رەخنەکەی دا بوختانی درۆزنیشی لە هەژار داوە ئەو لە سێنزە سەرچاوە کەڵکی وەرگرتووە کە ئەبێ لەوانی دیکە تەواوترو رێكو پێك تر بێ».

لە وەڵامدا ئەبێ بڵێم مامۆستا هەژار لە پەڕاوی پیاوە بە ناوبانگەکانی یاری کە نووسراوی منە گەلێ وشەی وەکوو: «ئادی، ئەندو، ئەندیش، ئانە، ئەوگار، ئیرمان»ی وەرگرتووە کەچی ناوی نووسراوەکەی لە هەنبانەکەی

دا نەهێناوەو بۆ سەلماندنی قسەکەم ئەتوانی سەرنجی تەواوی فەرهەنگە کوردی‌یەکان‌و نووسراوەکانی کوردی بدەی‌و بۆت دەرئەکەوێ ئەو وشانە لە هیچ نووسراو و فەرهەنگێکی کوردی دا نیە، ئەی ئەو ئەوانەی لە کوێ هێناوە؟! کە وا بوو هەر لە نووسراوەکەی من وەریگرتووە، ئەی بۆ ناوێکی لێ‌یەوە نەبردووە؟ ئایا بە بیروڕای تۆ ئەم کارە دروستە؟!

بەرێز کاك م. خەسرەوی ئەڵێ: «رەخنەگر ئەگەر ئەو شتانەی لە کاتی ژیانی هەژاری نەمرگوتبایە کەس لۆمەی نەدەکرد، بەڵام کەسێك کە دەستی لەم دونیا بێ وەفایە کۆتایە لە جوانمێری بە دوورەو یەکجاریش بە دوورە».

لە وەڵام‌دا ئەبێ بڵێم رەخنەکەم لە دوای بڵاوبوونەوەی هەنبانە بۆرینە نووسی‌و من لە نووسینی ئەو وتارە مەبەستم ئەوە نەبوو کە هەژار سووك کەم‌و پلەو پایەی زانستی ئەو بهێنمە خوارەوە، رەخنەگرتن لە نووسراوی کەسێك نابێ بە ئێرەیی‌و خۆ هەڵکێشان بدرێتە قەڵەم کە چی گەلێ کەس رەخنەیان لە فەرهەنگەکەی دوکتور موعین(١٣٣٦-١٣٩١ی کۆچی)و دیهخودا (١٢٩٧-١٣٧٥ی کۆچی) گرتووەو هەڵەکانیان خستووەتە بەر باس‌و لێکۆڵینەوەو کەسیش قەڵس‌و تووڕە نەبووەو. منیش نەمئەویست لەوە زیاتر لەبارەی کارەکانی مامۆستا هەژارەوە بنووسم، کاك م.خەسرەوی ناچارمی کرد کە ئەو مەبەستانەش بخەمە بەر باس‌و لێکۆڵینەوە، ئۆباڵی بە ئەستۆی ئەوە.

کاك م. خەسرەوی ئەڵێ: «بۆرەکەیی لە مێژەوە خۆی بە نووسینی فەرهەنگی کوردی خەریك کردووە، بەڵام لە ئەنجامی ئەو کارە دا داماوەو ماندوو بووە».

له وەڵام دا ئەبێ بڵێم فەرهەنگی ماد لە پیتی ئاوە تا یـا داگـری سـی بەرگەو هەر زانستنامەکەی واتە: ئینسکلوپیدیاکەی شەش هەزار لاپەڕەیەو لە بەر ئەوەی سامانێکی زۆری ئەوێ‌و قاقەزیش گران بووە، ئەوەیەکە تا ئێستا بە تەواوی بڵاو نەبووەتەوە، کەچی لە بارەی فەرهەنگی مادەوە گەلێ لە زمان زانانی کورد وەکو: خوا لێ خۆش بوو تـوفیق وەهـبی‌و قـەناتی کـوردۆ و مـاموستا دوکـتۆر جـەمال نـەبەز ئـافەرینیان لێـم کـردووەو کارەکەمیان پەسەند کردووەو تا ئێستا کـەسێك‌نەیتوانیوە رەخـنەم لێ بگرێ، وە ئەگەر کەسێك‌بە پێی بەڵگە رەخنە لە کارەکـەم بگـرێ، زۆر سپاسی ئەکەم، چونکە رەخنە گرتن بۆ کاری زانستی زۆر بەکەڵکەو مرۆ نابێ لە رەخنە قەڵس‌و تووڕە بێ، بەڵکو ئەبێ هەڵەکانی راست‌کاتەوە تـا خوێندەواران تووشی ئەو هەڵانە نەبن.

کاك م. خەسرەوی ئەڵێ: «ئەز سەرم سووڕماوەکە چۆن دەبێ پیاوێك کە ئەو هەموو زمانە ئەزانێت‌و ئەوگشت زانستەی هەیە، کوردی وتەنی: لە سەت ئاشان لێی دەکا لە تێکی نایماڵێتەوە».

له وەڵام دا ئەبێ بڵێم: من کارەکانم هەمووی بە ئەنجام گەیاندووەو هیچ کامی نیوەو نیوە چڵ نیە. بۆ وێنە فەرهەنگی ماد لە پیتی ئاوە تـا یـا ئامادەیەو هـەروەها وتـم سـی بـەرگەو زانستنامەکـەشی شـەش هـەزار لاپەڕەیەو شەش ساڵ لە سەر پێشەکیەکەی لە گیرەو کـێشە دابـووم کـە ناتوانم لێرە دا هەموو شتێك‌بدرکێنم، بۆ وێنە زۆربەی پەڕاوەکانی یاریم لە چاپ داوەکە ئەوانە لە سەدەی دووەمی کۆچی‌یەوە بە یادگار مابوونەوەو بە زاراوەی گۆرانی کۆنن‌و هەر کەسێك‌نەیئەتوانی ئەوانە وەرگێڕێ و ئەز ئەو کارانەم کردو بە ئەنجامم گەیاند کە واتە هێنانی ئـەو پـەندە لە جـێی

خۆی دا نیە.

بەڕێز کاك م. خەسرەوی لە تەواوی ڕەخنەکانم دا هەر وشەی ئابرووتکاو ئاخافتنی هێناوەتە بەر باس و ئەڵێ: «ئابرووتکاو ماناکەی هەر ئەوەیە کە لە هەنبانە بۆرینەدا هاتووە، واتا: ڕووسیا، ڕوورەش، سووك و چرووك لە فارسیش دا دەبێتە ریسواو رووسیا».

لە وەڵامدا ئەبێ بڵێم: ئابرووتکاو وشەیێکی کوردی سنەیی‌یەو بە واتای کەسێکە کە ئابرووی چووبێ و تووشی سەرشۆڕی بووبێ، کەچی ڕوورەش و ڕووسیا بە واتای بەدکردارو گوناهکارەو ئەو واتا ناگەیێنێ و بۆ ئەمە ئەتوانێ چاوێك بە فەرهەنگی مامۆستا زەبیحی و فەرهەنگی موعین بخشێنێ تا هەموو شتێکت بۆ ڕوون بێتەوە.

کاك م. خەسرەوی ئەڵێ: «ڕەخنەگر هەروەها وتوویە ئات ئامرازی گەلەو پاشگر نیە، بێگومان گەرە کە ڕەخنەگر بیزانیایە کە لە باری ڕێزمانەوە پاشگر چیە؟».

لە وەڵام دا ئەبێ بڵێم کە پاشگر ئەو پیتە یا ئەو پیتانەیە کە ئەنوسێنرێ بە وشەیێکە بۆ مەبەستی وەکوو: «ستان» لە وشەی کوردستان، «و» لە وشەی شیرو، «ەك» لە وشەی خشتەك، «لە» لە وشەی گوزەڵە، «دان» لە وشەی شەکردان، «کەر» لە وشەی چێشتکەر، «باز» لە وشەی کەوباز، «گەر» لە وشەی ئاسنگەر، بەڵام ئات ئامرازی گەلەو بە تەنیای ناوەوە دێت، وەکو: ئاغەوات، حەشامات، خێڵات، ماڵات، میوەجات کەچی مامۆستا هەژار نووسیویە پاشگرەو ئەمەش هەڵەیەو بۆ ئەوەی ئەم مەبەستەت بە تەواوی بۆ ڕوون بێتەوە دیسان سەرنجێك بدە فەرهەنگەکەی مامۆستا زەبیحی کە ئەڵێ: ئات ئامرازی جەمعەو بە دوای ناوەوە دەنووسێت وەکو: کێوات،

دێهات، بەداخەوە مامۆستا هەژار لە رێزمانا سەر رشتەی نەبووەو نەیزانیوە راناوو چاوگ‌و پێشگرو پاشگر چیەو ئەمەش لە هەنبانەکەی دا دەر ئەکەوێ‌و خۆیشی لە سەرەتای رێزمانەکەی کاک‌سۆران سنەیی دا ئەڵێ: نووسراوەکەی برای بەڕێزمان کاک‌بەهمەنی فەریوەر کە لە بارەی رێزمانی کوردی‌یەوە نووسیویە سەرنجم داو لەوەی کە سەبارەت بە رێزمان هیچ چەشنە سەر رشتەو ئاگاییکم نیەو کاری من شتی ترە هەر ئەوە ئەتوانم بڵێم کە لە بارەی زمانی کوردی‌و پەرەپێدانی ئەو زمانەدا هەر کارێك‌بکرێ من دڵخوش ئەکاو لێرە دا لە مامۆستایانی زماننا‌س داوا ئەکەم کە سەبارەت بەم پەرتووکە لێکۆڵنەوەو بیرورای خۆیان دەربیرن.

کاکم. خەسرەوی ئەڵێ: «ئەگەر سەرێك‌بدەینە هەنبانە بۆرینە ئەبینین بۆ ئاخافتن وتوویژی بە کار بردووە».

لە وەڵام‌دا ئەبێ بڵێم وتوویژ ناوی چاوگەو واتای ئاخافتن نادا‌و ئەگەر بمانەوی ئەو واتا بدا ئەبێ بڵێین وتوویژکردن‌و مامۆستا هەژار ئەوەی لەبەر چاو نەگرتووەو نەیزانیوە کە وتوویژکردن چاوگی تێکەڵاوەو ئاخافتن چاوگی سادەیەو وتوویژ لە وتن‌و وێژتنەوە هاتووەو وشەیێکی تێکەڵاوە، بەداخەوە لە باری رێزمانەوە هەنبانە بورینە گەلی ناتەواوی هەیە.

کاکم. خەسرەوی بە بێ ئەوەی بە تەواوی لە رەخنەکانم بکۆڵێتەوە ئەڵێ: «لە دوایی‌دا باشتر ئەوەیە کە وەڵامی رەخنەکانی تری بۆرەکەیی وەك ئەوەکە وتوویە: گەلێ وشەی عەرەبی‌و تورکی‌و فارسی‌و فەرانسەو ئینگلیزی لە هەنبانە بۆرینەدا هەیە بدەمەوە».

لە وەڵام دا ئەبێ بڵێم من نەم وتووە زمانی کوردی وشەی بێگانەی تێدا

نیە، بەڵکوو وتوومە مامۆستا هەژار ئەبوا ئەو وشە بێگانانەی دیاری بکردایە کەچی ئەو کارەی نەکردووەو دیارە ئەو زمانانەی نەزانیوە، چونکە وشەی بێگانە لە هەموو زمانێك دا هەیە بۆ وێنە زمانی عەرەبی کە سەدان ساڵە رازەی پێ ئەکرێ هەزاران وشەی عیبری‌و ئارامی‌و فارسی‌و کوردی‌و سریانی‌و حەبەشی‌و تورکی‌و مەغوولی‌و لاتینی‌و یۆنانی‌و هیندی تیدایە، هەروەها ئەو وشە تورکی‌و مەغوولی‌و عەرەبی‌یانەی کە کەوتوونەتە ناو زمانی فارسی‌یەوە لە ئەژمار بەدەرن‌و ئێستاش فارسەکان بەکاری ئەبەن.

جا زمانی کوردی لە هەموو ئەو زمانانەی کە باسمان لێوە کرد پاراوترەو ئەو وشە بێگانانەی کە کەوتوونەتە ناو زمانی کوردی‌یەوە شتێکی خۆرسکی‌یەو دیارە هەندێ لەو وشانە بوونەتە وشەی خۆماڵی‌و لە راستەقینەدا بە پێی لێکۆڵینەوەیێك کە کراوە هەندێ وشەی عەرەبی‌و فارسی‌و ئەرمەنی‌و تورکی‌و سریانی‌و یۆنانی کەوتوونەتە ناو زمانی کوردی‌یەوە، وە لەم دوایی‌یە دا هەندێ وشەی فەرەنسی‌و ئینگلیزی‌و ئیتالیایی‌و رووسیش وەکوو: پاپۆڕ، پانتۆڵ، گوڵ، سەماوەر هاتوونەتە ناو زمانەکەمان کە ئەوانە بوونەتە سامانی خۆمان‌و دەرکردن‌و فڕەدانیان کارێکی دروست نیە، بەڵام ئەبێ بە هەموو لایێکمانەوە تێکۆشین کە ئیتر وشەی بێگانە بەکار نەبەین، چونکە کورد لە باری وشەوە ئێجگار دەوڵەمەندە، جا ئەبێ خۆمانیش لە وشەی داتاشراوو دەستکرد لادەین‌و نەکەوینە شوێنی ئەو چەشنە وشانە.

جا رەخنەکەی من هەر لە سەر پیتی ئای هەنبانە بۆرینە بوو، وە ئەگەر بمەوێ لە تەواوی فەرهەنگە کە رەخنە بگرم‌و هەڵیسەنگێنم‌و لە سەری

بکۆڵمەوە لانی کەم ئەبێ کتێبێکی هەزار لاپەڕەیی لە سەر بنووسم‌و هەڵەکانی بگرم تا خوێندەوارانی کورد هەموو شتێکیان بۆ دەرکەوێ، چونکە لە وشە کۆڵینەوە هەروا کارێکی ئاسان نیە.

لە کاتی خۆیا کاتی فەرهەنگی عەرەبی بە عەرەبی لە لایەن قەشەی لبنانی لویس مەعلووف (١٢٨٧-١٣٦٦ی کۆچی)ەوە بەناوی ئەلمونجد بڵاو بووە، وە مامۆستا دوکتور مستەفا جەواد (١٣٢٨-١٣٨٩ی کۆچی) کە یەکێ لە هۆزانان‌و زماننامسەکانی عێراق بوو، گەلێ رەخنەی لەو فەرهەنگە گرت‌و داوای لە خوێندەوارانی عەرەبی کرد کە پشت بەو فەرهەنگە نەبەستن، چونکە هەڵەو ناتەواوی زۆری تێدابوو، پاشان لە سەر داخوازی نووسەرەکەی دوکتۆر مستەفا هەڵەکانی ئەو فەرهەنگەی گرت‌و ئەوسا سەر لەنوێ فەرهەنگەکە چاپ کرایەوەو لە پاشا ئەو فەرهەنگە بوو بە یەکەمین فەرهەنگی قوتابیان‌و خوێندەوارانی عەرەب‌و ئێستاش هەموو کەڵك‌و سوودی لێ وەرئەگرن‌و ئەمەش کارێکی زۆر باشەو لام وانیە کەسێك خۆشی لەم کارە نەیێ، هیوا دارم بە هۆی ئەم وەڵام‌و تێبینی‌یانەوە بۆ خوێندەوارانی گەلی کورد هەموو شتێك روون ببێتەوە□

# پێرست


| لاپەرە | بابەت |
|---|---|
| ٣ | پێشەکی/س.م.ڕێبوار |
| ١١ | ڕەخنە لەسەرهەنبانەبۆرینە/سدیق بۆرەکەیی |
| ٢٢ | ڕەخنە وانانووسری/ئیبراهیم ئیسماعیل |
| ٢٧ | جیاوازی نێوان ڕەخنەو هێرش/عەبدولڕەحمان پاشا |
| ٣٣ | ئەوگفتانەی کەبەهاسانی نەخوێندەواران تێی ئەگەن/م.خوسرەوی |
| | ڕەخنەلەسەر ڕەخنەی سدیق بۆرەکەیی |
| ٤٤ | لەسەر هەنبانەبۆرینە/پەرویز جیهانی |
| ٥٤ | وڵامی ڕەخنەی پەرویزجیهانی/فارووق بۆرەکەیی |
| ٦٠ | بۆرەکەیی لۆئەوەهای کرد/ڕێبوار |
| ٧٩ | دیسان ڕەخنە... دیسان هەنبانەبۆرینە/عەبدولڕەحمان پاشا |
| ٩٠ | وەڵام‌و تیبینی یێکی نوێ/سدیق بۆرەکەیی |